# لاپەرە. 1

# ناسینی پەرتووکی پیرۆز

*خولی فێرکاری پەرتووکی پیرۆز*

***کریستا دلفین***

لاپەرە.2

پێرست

1. پەرتووکی پیرۆز ڕینمای ئیمە ..... 3
2. خودا لە گەڵ جیهانیان زۆر بەخشندە بوو ..... 6
3. گەڕانەوەی خوداوەند عیسی بۆ زەوی ..... 9
4. پاشایەتی تۆ دەبی هەبی ..... 12
5. پاشایەتی خودا, ئاشتی و ئاسایش بۆ زەوی ..... 15
6. چۆن بەنی ئیسرائیلیەکان لە نەخشەی خوداوەند جیگایان گرت. بەشی یەکەم ..... 18
7. چۆن بەنی ئیسرائیلیەکان لە نەخشەی خوداوەند جیگایان گرت. بەشی دووەم ..... 21
8. یاسایەك کە نابیتە هۆی زیان ..... 24
9. بەلینەکانی خودا بە ابراهیم ..... 27
10. بەڵینەکانی خودا بە داوود ..... 30
11. فیرکردنی پەرتوکی پیرۆز لە بارەی زیان و مرگ بەشی یەکەم ..... 33
12. فیرکردنی پەرتووکی پیرۆز لە بارەی زیان و مرگ بەشی دووەم ..... 36
13. هەڵسانەوە ..... 39
14. کورسی دادوەری ..... 42
15. باوك و کوڕ ..... 45
16. روحی پیرۆزی خودا ..... 48
17. دیاریەکانی روحی پیرۆز ..... 51
18. خاچ ..... 54
19. شەیتانی پەرتووکی پیرۆز ..... 57
20. پاك کردنەوە (عماد کردن) ..... 60
21. هەندی کیشەی باو ..... 63
22. هەنگاونان لە زیانی نوی ..... 67




| |
|---|
| 1- پەرتووکی پیرۆز ڕینمای ئیمە |
| خویندنەوەی هەفتانە |
| پەیدابوون 1-3 لوقا 1-3 |
| ئایەتیك بۆ خویندنەوە |
| مزامیر 1, 19 , 119 ئایەتی 81- 112 |

پیویستی بە ڕینیشاندەریك

کاتێك ئێمە بۆ جێگایەك دەچین کە تا ئێستا لەو شوێنە نەبووین, پێویستمان  بە ڕێنیشاندەرێك  هەیە. ئەگەری هەیە نەخشەیەك یان کتێبێکی ڕێنما بکڕین. ئەگەری هەیە پرسیار لە هاوڕێیەك بکەین کە زانیاری بە سوودی پێیە دەربارەی ڕێڕەوەکە. بەڵام لە هەموو بارووڕدۆخێکدا دەبێ ڕێنیشاندەرێکمان هەبێ.

کەواتە لە کاتێکدا لە ڕێرەوی ژیان لە سەفەردایین, پێویستمان بە ڕێنیشاندەرێك هەیە. پێویستە بزانین ئامانج لە ژیان چیە وە ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێ چۆن بژین. پەرتووکی پیرۆز بانگەشەی هەبوونی وڵام بۆ ئەم پرسیارانە دەکا.

کاتی لە سەمەرەکانی دونیای دەورووبەرمان وە شێوەی سەرسووڕهێنەری بەدیهاتنی جەستەمان دەفکرین, یەقین پەیدا دەکەین کە دەبێ دەستی بەدیهێنەرێکی مەزن لە کارەکەدا هەبێ. بەڵام چۆن دەتوانین ئەو باشتر بناسین وە بزانین داوای لە ئێمە کردووە چ کارگەلێك ئەنجام بدەین؟

وڵامەکە هەڵبەتە لە پەرتووکی پیرۆزدایە. خودا, ئافرینەری مەزنی هەموو شتی, ئەو پەرتووکە ڕێنماکارەی پێداوین کە پێویستمان پێیەتی. ئەگەر بمانەوی ئەو لە خۆمان ڕازی بکەین دەبێ ئەو پەرتووکە ڕێنماکارە هەڵگرین و بیخوێنینەوەو ڕۆژانە بیری لی بکەینەوە.

بانگەشەکانی پەرتووکی پیرۆز

پەرتووکی پیرۆز بانگەشەی شتی زۆر گەورە دەکا. بۆ نموونە بە تەواوی هێزی بانگەشەی ئەوە دەکا کە کەلامی (فەرموودەی) خودایە. بە تەرتیب زۆربەی نێردراوەکان لە پەیمانی کۆندا پەیامی خۆیان بەم ووشانە دەست پی کردووە. کە: "خودا وەها دەفەرمووی" پێغەمبەری نێردراو پیمان دەلی کە" تەواوی پەرتووکی پیرۆز بە ئیلهامەوە لە لایەن خوداوە نێردراووە" (دووەمی تیموتائوس 3:16)

ئەگەر ئەم بانگەشانە ڕاست نەبوونایەو پەرتووکی پیرۆز کەلامی خودا نەبووایە, ئێمە دەمانتوانی ئەو لە ناو چەکمەجە دابنیین و فەرامۆشی بکەین. هەر چەندەش ڕێنمایەکانی جوان بووایە بەڵام نەیدەتوانی هیچ قەناعەتێك بە ئێمە بکا.

لەبەر ئەوەی پەرتووکی پیرۆز  ڕاستەقینەیە, ئێمە توانای ڕەتکردنەوەو ئینکاریمان نیە- مەگەر ئەوەی کە بمانەوی کە خودا ڕەت بکەینەوەو پێشنیاری ئەو ژیانەی کە بۆ ئێمە بەرنامەی بۆ داناوە ڕەتبکەینەوە!



چۆن بزانین کە پەرتووکی پیرۆز ڕاستەقینەیە؟

چ بەڵگە گەلێك بۆ باوەڕکردن بە ڕاستەقینەبوونی پەرتووکی پیرۆز بوونی هەیە؟ بەڵگەی زۆر بوونی هەیە کە ئێمە ناتوانین هەموویان لێرە باس بکەین. بەڵام باسی بەشێکیان دەکەین.

لە بەشی یەکەم, ئێمە ووتەی عیسای مەسیحمان لەو بارەوەیە هەیە. لە سەردەمی ئەو تەنیا پەیمانی کۆن نووسرابوو. وە عیسا باوەڕی بە هەموو ووشەیەکی هەبوو. کاتێك ئەو لە بەرامبەر کار   یان ئەو قسانەی کە کردبووی لە گەڵ خەڵك چەلەحانیی دەکرد, قسەکانی خۆی بە پشت بەستن بە پەیمانی کۆن دەسەلماند.

کاتی سدیقەکان هاتن بۆ لای و مووناقەشەی ئەوەیان کرد کە هەڵسانەوەی مردووەکان شتێکی نەکردەیە, ئەو پێیانی گووت: "ئێووە هەڵەن, نە شتێك لەبارەی کەلامی خودا دەزانن, نە لەبارەی هێزی." (مەتا 29:22)

دواتر ئەو بۆ سەلماندن پییان باسی لە پەیمانی کۆن کرد کە هیوا بە هەڵسانەوەی مردووەکان لە ئیلهاماتی خودا بووە. عیسا باسی ئیبراهیم و ئیسحاق و داوود و سلیمان و زۆریتری کرد کە لە پەیمانی کۆن دەیخوینین, وە لە جۆری قسەکردنی ئەو لە گەڵ ئەوان, تیدەگەین کە ئەو باوەری بە تەواوی سەرگووزەشتەکانی ناو پەیمانی کۆن هەبووە.

کەواتە ئاشکرایە کە هیچ کەسیك ناتونی بیسەلمینی کە پەرتووکی پیرۆز درووستکراوە. دووزمنانی پەرتووکی پیرۆز, خەڵکانیکی زۆر زیرەکیان بە کارهیناوە وە بۆ سەلماندنی درۆ بوونی پەرتووکی پیرۆز هەوڵی زۆریان داووە. بەڵام هەموویان شکستیان هیناووە. ئەگەر لە دزایەتی ئەو دەست هەڵگرین, بەو راستیە دەگەین کە پەرتووکی پیرۆز زۆر نایاب و جیی سەرنجە.

هەروەها لە ناویدا پیشبینی ئەنجام دراوی زۆر بوونی هەیە. پەرتووکی پیرۆز لە بارەی ڕۆزگاریك بۆ ڕۆزگاریکیتر وە ئەو ڕووداوانەی ئەگەری هەیە لە سەدان ساڵی داهاتوو رووبدەن قسە دەکا. بۆ نموونە: لە ئینجیلی مەتا بابی 2 چەند ئاگرپەرستیك هاتن بۆ ئۆرشەلیم پرسیاریان لە هیرۆدیس کرد: "لە کوییە ئەو (لەدایکبووەی) مەولودەی کە پاشای یەهودە؟" ئیستا هیرۆدیس ئەم پرسیارە لە سەرۆکی کاهینەکان دەپرسی وە ئەوان یەکسەر وولام دەدەنەوە " لە بیت لەحمی یەهودیە".

ئەوان چۆن زانیان؟ لەبەرئەوەی سەدان ساڵ پیشتر لە یەکیك لە بەشەکانی پەیمانی کۆن (میکا 2.5) پیشبینی کرابوو.

میزووی پەرتووکی پیرۆز پەیوەندی بە ساڵەهای ساڵ بەر لە ئیستایەو دەیان جار لە لیکۆڵینەوە نوییەکان, راستی خۆی سەلماندووە. کەواتە دەتوانین بە دوای بەڵگەی زیاتردا بگەرێین بەڵام باشترین ڕیگا چارە ئەوەیە کە خۆمان پەرتووکی پیرۆز بخوینینەوە. دواتر بۆمان دەردەکەویت کە هەر بەشیك لە پەرتووکەکە لە گەڵ بەشەکانیتر هاوئاهەنگی هەیە. ڕیك وەکوو پارچەکانی پازل, کەمکەم دەتوانین ببینین کە چ وینەیەکی تەواو لە تەواوی نەخشەی خودا بۆ ئیمە ئاشکرا دەکا.

ناوەرۆکی پەرتووکی پیرۆز

پەرتووکی پیرۆز لە ڕاستیدا تەنیا یەك پەرتووك نیە بەڵکوو بریتیە لە کۆمەڵە پەرتووکیك. 39 پەرتووك لە پەیمانی کۆن وە 27 پەرتووك لە پەیمانی نوی, کە سەرجەمی لە 66 پەرتووك پیك دیت. ئەو پەرتووکانە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر نووسەر لە ماوەی هەزاران ساڵ نووسراوون تا چیرۆکیکی تەواو بە ئیمە بگەئینن. چیرۆکی ئەنجامدانی ئامانجەکانی خودا لە لایەن مرۆظەوە. لە سەرەتاکەی لە پەرتووکی بوون وە تا سەردەمیك کە " بەڕیوەبردنی دونیا بوو بە هی خوداوەندی ئیمە و مەسیحی ئەو وە هەتا کۆتایی حوکمرانیدەکا" (مکاشەفە 15:11) تۆمار کراووە.

لاپەر.5

پینج بەشی یەکەم لە پەیمانی کۆن لە لایەن موساوە نووسراوە کە لە ناو پەرتووکی پیرۆز خۆی بە "خزمەتکاری خودا" دەناسینیت. پەرتووکی یەکەم ناوی بوونە کە بە واتای دەسپیك دیت. ئەم پەرتووکە باسی چۆنیەتی پەیوەندی خودا لە گەڵ یەکەمین مرۆظی سەر زەوی بۆ ئیمە دەکا.

دواتر لە دریزەدا, پەرتووکەکانی دەرچوون, لاویان, ئامادەکردن, ئافراندن دەبینین. ئەم چوار پەرتووکە باسی چۆنیەتی ڕینمایی یەهودیەکان لە لایەن خوداوە, کە ئەوانی وەکوو قەومی خۆی هەڵبزارد, بۆ دەرچوون لە میسر وە بەخشینی نیشتمانی کەنعان (ئیسرائیل) بە ئەوان بۆ ئیمە دەگیرنەوە. دواتر ژمارەیەك پەرتووك دەگەڕیین کە لەبارەی چارەنووسی ئەم خەڵکانە وە ئەو بەڵینانەی کە خودا بۆی دیاری کردوون باس دەکەن.

کاتی سەیری پەرتووکی مەزامیر (سروودی ئاینی) دەکەین, هەندیك لە باشترین هۆنراوەکان دەبینین کە تا ئیستا نووسراوون. حەزتان لە هۆنراووە نیە؟ بەڵام هۆنراوەکانی پەرتووکی پیرۆز جیاوازن. ئەوان باس لەو هەستانە دەکەن کە هەموومان سەردەمانیك هەمانبووە, بەڵام ئەو هەستانەمان لە چوارچیوەی ووشەدا دەرنەبڕیووە.

بۆ نموونە سەیری ئەو ئایەتانە لە مەزامیر بکەن: " کاتیك سەیری ئاسمانی تۆ و ئەو مانگ و ئەستیرانە دەکەم کە تۆ ئافراندووتن, بە خۆم دەڵیم مرۆظ چیە کە تۆ لە بیری ئەودا بی و بیخەیتە زیر رەحمەتی خۆت. (مەزمور 8 باب 3-4)

تا ئیستا هەستان بە وەها شتیك نەکردووە کاتیك لە شەودا بەرەو ئاسمان, سەیری ئەستیرەکان دەکەن؟

دواتر کتیبەکانی ئەنبیا (پەیامبەران) مان هەیە پیشبینی زۆرمان هەیە لە ئەشعیا, ئەرمیا, حەزقیال وە لە دریزەدا, ژمارەیەکی زۆر لە پیشبینی کورتتر.

ئیوه دەتوانن لیستیکی تەواو لەو پەرتووکانە, لە لاپەرە سەرەتاییەکانی پەرتووکی پیرۆزی خۆتان بدۆزنەوە. تەنیا بۆ ئەوەی ئیوە ریزبەندی و ناوەرۆکی ئەوتان لە هزرتاندا هەڵگرن.

پەیمانی نوی

بە چوار گیرانەوەی سەربەخۆ دەربارەی ژیانی مەسیح دەست پی دەکا. کە لە لایەن مەتا, مەرقس, لوقا وە  یوحەنناوە  نووسراووە و هەر کامیکیان بە شیوەی خۆیان سەرگووزەشتەی ئەویان گیراوەتەوە.

دواتربەدوای  ڕووداوەکانی دوای هەڵسانەوەی عیسای مەسیح لە مردن  ڕوودەدا دەچن. دواتر لە پەرتووکی کردەوەکانی نیردراوان شیوەگرتنی یەکەمین کەنیسەکان دەخوینینەوە.

دواتر ژمارەیەکی زۆر نامەی نووسراو لە لایەن نیردراوان دەخوینینەوە کە ئامانجی ئەوان یارمەتیدانی کەنیسە نویکان بووە. وە لە کۆتاییدا پەرتووکی وەحیمان هەیە, ئەگەر دەتانەوی لیستی تەواوتان هەبی دەتوانن لە لاپەرەکانی سەرەتای پەرتووکی پیرۆزی خۆتان بیدۆزنەوە.

تیبینی

ئەگەر دەتانەوی بەڵگەی بەهیزترتان دەستکەوی بۆ باوەڕکردن بە پەرتووکی پیرۆز پیمان بڵین وە بۆ دەستکەوتنی نامیلکەی " ئایا پەرتووکی پیرۆز ڕاستەقینەیە؟  هەڵبەتە کە ڕاستەقینەیە" داواکاری بنیرن.



| |
|---|
| 2-خودا لە گەڵ جیهانیان زۆر بەخشندە بوو |
| خویندنەوەی هەفتانە |
| پەیدابوون 4-6 لوقا 4-6 |
| ئایەتیك  بۆ خویندنەوە |
| ئەشعیا بابی 53 |

کیشەی ئەم دوونیایە چیە؟

ئەو دوونیایەی ئیمە تیایدا دەژین کیشەیەکی هەیە. هەموومان لەو بارەوە هاوڕاین. هەموو ڕۆژیك کاتیك ڕۆژنامەکان دەکەنەوە ژمارەیەکی زۆر لە کووشتن, تەڵەکەبازی, تاوان, شەڕ وە هەڕەشەی شەڕکردن دەبینن. ئیمە خوومان بە هەموو ئەو شتانەوە گرتوەو بیریان لی ناکەینەوە. بەڵام ئەگەر شیوەی خۆمان بگۆڕین, لەسەرمانە بپرسین" بۆچی؟"

بیگومان کاتی خوداوەند جیهانی ئافراند وە ئەوی بە شیوەی ماڵیکی کامڵ و بی ئاریشە بۆ مرۆظ دروست کرد – ئەو ئامانجی شتیکی باشتر بوو لەو جیهانە پڕ لە بیمتمانەیی, ئاریشە و ڕەنجەکە ئیمە ئەمڕۆ تیایدا دەژین.

دەستپیکی ژەحمەتی

لە دەستپیکدا, کاتی خوداوند یەکەمین مرۆظی ئافراند (کە ناوی نرا ئادەم) ڕیگای خۆی فیرکرد.  هەروەها خوداوەند یاسایەکی سادەی بۆ ئادەم دانا ڕیك وەکوو باوکیك کە چاوەڕووانی گویرایەڵی لە منداڵەکانی خۆی هەیە, خوداش وەها چاوەڕووانیەکی لە ئادەم هەبوو.

خودا پیی گووت: " لە بەری هەموو دارەکانی باغ بی ڕیگری بخۆ, بەڵام لە بەری داری چکە و خراپە مەخۆ, چونکە ئەگەر ڕۆژیك لە بەرەکەت خوارد بەو شتە دەمری.

ئادەم فەرمانی خودای شکاند, نافەرمانی خودا هەر بەوجۆرە کە خۆی ووتبووی  بە مەرگ کۆتایی دەهات. هەروەها ئەنجامدانی تاوانی دواتری بۆ ئاسانتر کرد وە تەنانەت خراپتر لەوە, هەموو نەوەکانی ئادەم بە حەزکردن بۆ تاوان لە دایك بوون.

لە رومیان 12:5 ئەوە دەخوێنینەوە: " تاوان لە ڕێگای مرۆظێکەوە هاتە ناو دوونیا وە ئەم تاوانە مەرگی بە دوای خۆیدا هینا. لە ئەنجامدا, لەبەرئەوەی هەموو تاوانیان کرد, مەرگ هەموویانی گرتەوە."

کەواتە بۆمان دەردەکەوی کە ئادەم تاوانی کرد وە لەبەرئەوەی تاوانبار بوو, مرد. ئیمەش تاوانمان کردووەو دەمرین. کاتی اشعیا 53 تان خویندەوە, ئایا سەرنجی ووشەکانی ئایەتی زمارە 6 تان دا؟ " هەموومان وەکو ڕانە مەڕی (پەزی) سەرلیشیواو بووین وە هەر کامیك لە ئیمە بۆ ڕیگای خۆی گەڕابووەوە."

پیغەمبەر ئەرمیا هەر ئەم واتایە بە ووشەیتر بۆ ئیمە بەیان دەکا: "دڵ لە هەموو شتی فریودەرترە وە زۆر نەخۆشە".

(ئەرمیا 9:17)

لاپەرە. 7

ئیمە ئەو شتانە لە پەرتووکی پیرۆز دەخوینینەوە وە لە قووڵایی هەستەکانمان درك بەوە دەکەین کە ئەم شتانە ڕاستەقینەن. ڕیك وەکوو ئەوەی کە پۆڵسی نیردراو دەڵی: " دەزانم کە لە ناو من واتا لە ناو سرووشتی نەفسی من جیگایەك بۆ چاکەکاری نیە".

هەموومان لە گەڵ پۆلس هاوڕاین بە جۆریك کە هەرکام لە ئیمە ئەوەندەی کە دەمانویست باش نەبووین.

چارەسەر چیە؟

ئادەم بەرلەوەی لە تاوانەوە بگلی, پەیوەندیەکی دۆستانەی لە گەڵ خودا هەبوو. ئیستا ئەو هاوڕییەتیە لە ناو چووە. ئادەم تاوانباریك بوو وە چیتر نەیدەتوانی لە گەڵ ئافرینەری خۆی پەیوەندیەکی دۆستانەی هەبی.

ڕەنگە ئادەم نەیزانیبی کە بەو کردەوەی چەندە ڕەنج و زەحمەتیکی نەبڕاووە دەست پی دەکا. لەو ڕۆژە بەدواوە, هەزاران ساڵە هەر کەسیك لە نەوەی ئەو (لەوانە من و تۆ) پیمان لە جی پیی ئەو داناوەو تاوان دەکەین (هەڵبەتە هەموو کەسیك بیجگە لە عیسا). وە لەبەر ئەوەی هەموومان تاوانبارین هەموومان لە خودا دوور کەوتووینەوە. چەندە هەلومەرجیکی نائومیدکەرە! مرۆظ بۆ ڕزگار بوونی خۆی نەیدەتوانی هیچ کاریك بکا.

بەڵام خودا بە سۆز و میهرەبانی خۆی, مرۆظی بە داماوی جی نەهیشت بۆ ئەوەی لە تاوانەکانی خۆیاندا بمرن. ئەو ڕیگایەکی فەراهەم کرد بۆ ئەوەی مرۆظ لەو ڕیگایەوە بەرەو خودا بین و زیندوو بمینن. لە یوحەننا 16:3 دەخوینینەوە: "خوداوەند ئەوەندە چاکەی لە گەڵ جیهانیان کرد کە تاکە کوڕی خۆی نارد تا هەرکەس ئیمانی پی بینی بە هەلاکەت نەچی, بەڵکو ببی بە خاوەنی زیانی نەبڕاووە".

هەموو کات دروستکردنی شتیك کە نەخشەکەیمان لەبەر دەستە ئاسانترە. منداليك بە لاسایی کردنەوەی باوك و دایکی خۆی فیری قسەکردن دەبی. ئیمەش بە بە پیشەنگ دانانی عیسای مەسیح, دەتوانین مرۆظیکی باشتر بین. کاتی بمانەوی لەبارەی ئەو زیاتر بزانین, وە بۆ وەکوو ئەو بوون هوڵ بدەین. کاتی سەیری عیسا دەکەین, دەبینین کە خودا چاوەڕوانی لیمان هەیە کە چۆن بین.

عیسا و خاچ

عیسا هیچ کات تاوانی نەکرد. ئەو هەموو کات ئەو کارانەی کرد کە بوونە هۆی رەزامەندی خودا. بەو حاڵەش ئەوان لە خاچیان دا! خوداوەند ئەوی لەو مەرگە ترسناکە نەجات نەدا. ئەو ئایەتەی پێشتر لە ئەشعیا گیرامانەوە لە دریژەدا دەڵێ: " خوداوەند تاوانەکانی هەموومانی خستەسەر ئەو".

پەرتووکی پیرۆز بە شیوەیەکی سادە فیرمان دەکا کە بە گویڕایەڵی کردنی مەسیح لە ویست و ئیرادەی باوك وە مەرگی ئەو بە سەر خاچەوە, تاوانەکانی ئیمە بەخشران وە هیوا گەڕایەوە بۆ ژیانمان.

لەو بارەیەوە شتیکی سەرسووڕهینەر بوونی هەیە, بەخشندەیی خودا لە بەخشینی تاکە منداڵی وە گویڕایەڵی هاوئاهەنگ لە گەڵ میهرەبانی کوڕ لە ئیرادەی باوکی, بە باوەڕبوون بەو, دەتوانین ژیانیکی نویمان هەبی. ناتوانین زۆربەی کاتەکان بیر لەو دوو بابەتە بکەینەوە. دەبی چەندینجار لە گەڕانەکانمان لە ناو پەرتووکی پیرۆز بەگەڕیینەوە بۆ ئەم بابەتە. چوونکە ئەمە لە دڵی هیوای مەسیح هەیە.

لاپەرە 8

باوەڕ بوون بە ئەو

یوحەنا بابی 3 ئایەتی 16 پیمان دەڵیت کە: "هەرکەس باوەڕ بەو (عیسا) بینی لە ناو ناچی و بەڵکو ژیانی بیکۆتایی دەست دەکەوی."

ئایا ئەو رستەیە بەو واتایەیە کە تەنیا بەسە کە ئیمان بە ئەو بینین؟ ئەگەر بە ڕاستی باوەڕمان بە ئەو بی دەبی لەوە تیبگەین کە ئەو چی لە ئیمە داوا کردووە و داواکەی بە تەواوی هیزمان جیبەجی بکەین. تەنیا بەم ڕیگایە دەتوانین هیواداربین کە لە ڕیزی ئەو کەسانە دەبین کە " لە ناو نەچن و بەڵکوو ژیانی هەمیشەیی بە دەست بینن."

پووختە

1- ئادەم, باوکی مرۆڤایەتی تاوانی کرد وە خودا ئەوی بە مردن حوکم دا.
2- ئیمەش وەکوو ئەوین, ئیمەش تاوان دەکەین کەواتە دەمرین.
3- خودا لە تاوانەکانی ئیمە خۆش دەبی وە ژیانی هەمیشەیی بە ئیمە دەبەخشی ئەگەر باوەڕ بە عیسا بینین.
4- ئەگەر بە ڕاستی باوەڕمان بە عیسا بی ئەو کارە دەکەین کە ئەو داوامان لی دەکا.

لاپەرە 9. دوو هەزار ساڵ بەر لەئیستا

عیسا لە خاچ درا, شوینکەووتووانی مشەوەش و بیهیوا بوون. ئەوان هەموو ئوومیدیکیان بەو بوو وە ئیستا ئەو لە گۆڕدا نیزرابوو.

بەڵام لە ڕۆژی سییەمدا ئەو دووبارە هەڵسایەوە. بە دڵنیایەوە ئەوان دەبوو قسەکانی ئەویان لە بیرمابی کە بەر لە مرگ کردبوونی. "ئەوە بزانن کە ئیووە فرمیسك دەڕیزن وە پرسە دەگیڕن بەڵام دونیا شادی دەردەبڕی. ئیوە غەمبار دەبن بەڵام غەمباری ئیوە دەگۆڕی بۆ شادی." (یوحەننا 20:16)

دەبی خۆشیەکی چەندە مەزن بی کاتیك دووبارە خوداوەند و مامۆستای خۆیان دەبینیەوە. یوحەننا پیمان دەڵی: " کاتی قوتابیەکان خوداوەندیان بینی زۆر دڵخۆش بوون. " (یوحەننا 20:20)

ئیمە بە قوورسی دەتوانین درك بەو دڵخۆشیە زۆرەی ئەوان بکەین.

کاتی عیسا چوو بۆ ئاسمان

ئیستا هەشت ئایەتی یەکەم لە کرداری نیردراوان, بابی 1 دوبارە بخویننەوە. لە هزری خۆتان ئەو شادیەی کە قوتابییەکان لەو چل ڕۆژەدا هەیانبووە وینەی بکیشن. ئەو ساتەی کە عیسا جاریکیتر وەکوو مامۆستایەك لە نیوانیان بوو.

ئەوان لە کۆتایی ئەو چل ڕۆژە بهیننە بەر چاوتان, لە کاتیکدا لە سەر گردیکی بڵندی سەوز لە بیت عنیا ڕاوەستاوون وە عیسا لە نیوان ئەوانە. لە ناکاو لییان جیا دەبیتەوەو بەرەو ئاسمان دەبریت. وە لە کاتیکدا لیی خوورد بوونەوە ئەو زەوی جیهیشت بە هۆی هەوریکەوە لە چاویان بزر بوو.

ئەو دووبارە لە ئەوان سەنرایەوە بەڵام ئەم جارە شپرزەو بی هیوا نەبوون, بە هیچ شیوەیەك! لوقا پیمان دەڵیت: " لە ئەوان جیا کرایەوەو بۆ ئاسمان بردرا وە ئەوان پەرستشی ئەویان کرد وە گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم" (لوقا)

نهینی دڵخۆشی ئەوان

بۆچی لە دوای دابڕانی دووهەم, ئەوان ئەوەندە دڵخۆش بوون؟ لە بەر ئەوەی عیسا بەڵینی پیدابوون. ئەو گووتبووی: "لە ئیستا بەدواوە هەموو ڕۆژیك تا پیویستی جیهان لە گەڵتان دەمینم."

لاپەرە 10

کەواتە ئەوان لەوە تیگەیشتن کە هەر شتی رووبدا ئەو لە ئاسمانەوە ئاگای لی دەبی. بەڵام ئەوە هەمووو بابەتەکە نەبوو! کاتی ئەوان سەیری ئەویان دەکرد کە بۆ ئاسمان دەڕوات دوو فریشتە بە پەیامیکەوە بۆ لایان دابەزین. فریشتەکان ووتیان: " ئەی پیاوانی جەلیلی بۆچی بە پیوە سەیری ئاسمان دەکەن؟ هەر ئەو عیسایەی کە لە لای ئیوەوە بەرەو ئاسمان بردرا, دیسان دەگەڕیتەوە هەر بەو جۆرەی کە بینیتان بۆ ئاسمانمان نارد.

ووتەی عیسا

نزیکەی 2000 ساڵە کە هیشتا عیسا نەگەڕاوەتەوە بەڵام هەر دیتەوە. ئەو لە لوقا 27:21 دەربارەی خۆیەوە دەڵی: لە بارەی گەڕانەوەی لە ناو هەوریکدا بە هیزو شکۆیەکی مەزن. (سەرنجی ئەوەتان دا کە ئەو لە ناو هەوریکدا لە چاوان وون بوو؟ وە فریشتەکان ووتیان ئەو دیسان دەگەڕیتەوە"هەر بەم جۆرە" کە بینیتان چوو بۆ ئاسمان؟)

نموونەی زۆر لەبەردەستە کە باس لە دووبارە گەڕانەوەی ئەو دەکەن. بۆ نموونە سەیری مەتا بکەن کە باسی زاوایەك دەکا وە ئاهەنگی هاوسەرگیریەکی شەرقی وینا دەکیشی. ئیمە هیچ کیشەیەکمان لە تیگەیشتنی ئەوە نیە. هەڵبەتە زاواکە مەسیحە وە چیرۆکەکە ئیمە لەوە ئاگادار دەکا کە کاتیك ئەو بگەڕیتەوە کەسانیك هەن کە بۆ ئەو ئامادەکاریان نەکردووە.

سەرنج لە ئایەتی 13 بدەن. عیسا نەیگووت کە ئیوە نازانن کە من دیمەوە یان نا, هاتنەوەی ئەو گوومانی تیدا نیە. بەڵام ئەو ووتی: " کەواتە ئاگادار بن چوونکە ئیوە لە ڕۆژ و کاتژمیری ئەم رووداوە هیچ هەواڵیکتان نیە"

لە چەندین پەیامی کۆتایی ئەو لە پەرتووکی مکاشفە, عیسا ووتی: " ئوە بزانن! من بە زوویی دیم"

شاهیدی دانی پترۆس

ڕۆژگاریکی زۆر لە چوونی عیسا بۆ ئاسمان تینەپەڕیبوو کە کە ئیمە پترۆس لە پەرستگاکانی ئۆرشەلیم دەبینین کە ئازایانە رووبەرووی ئەو یەهودیانە قسە دەکا کە بوونەتە هۆی لە خاچ دانی عیسا. لە ئەعمال دەبینین کە ئەو چی دەڵیت: " کەواتە تۆبە بکەن و بگەڕینەوە بۆ لای خودابۆ ئەوەی لە تاوانەکانتان خۆش بی. وەزەمانی نوی کردنەوەی زیان لە بارەگای خوداوە بگات وە خودا, عیسا واتا مەسیحی بەڵین پیدراو کە لە پیشتر بۆ هەڵبزاردبوون بینیریتەوە.

هەروەها پترۆس لە نامەیەکدا کە بۆ ئیماندارانی نووسیووە لە بارەی گەڕانەوەی مەسیح قسەی کردووە. لە دوەمی پترۆس لە بارەی قۆشمەچیەکان دەلی " ئەوان دەلین: ئەی بەڵینی هاتنی ئەو چی لیهات؟ چونکە لەو کاتەوەی باوکان چوونە خەوەوە, هەموو شتیك هەروەکوو سەردەمی ئافراندن ماوەتەوە. "

ئەگەری هەیە ئیوە قسەی هاوشیوەی ئەمەتان لە خەڵك بیستبی کە دەڵین: " ئەوە ماوەیەکی زۆرە کە دەڵین عیسا دەگەڕیتەوە بەڵام هیشتا ئەو نەگەڕاوەتەوە" وە هەندیجار ئەو قسەیە زیاد دەکەن کە دەلین: " ئەو هەرگیز ناگەڕیتەوە. "

بەڵام خودا بەڵینی ناردنەوەی ئەوی داوە وە ئیمە دەزانین کە خودا بەڵینەکەی دەباتە سەر. پترۆس لە ئایەتەکانی 9 و 10 بەردەوام دەبی: " خوداوند هیچ کات لە بەڵینەکەی خۆی تاخیر نابی بەو جۆرەی هەندی کەس بە تاخیری دەزانن, بەڵکو لە سەر ئیوە ڕادەوەستی چونکە نایەوی هیچ کەسیك ماڵویران ببی.

لاپەرە 11. بەڵکو دەیەوی هەموو ڕوو لە تۆبە و پەشیمانی بکەن. چونکە رۆزی خوداوەند وەکوو دز دیت"

عیسا خۆی لە سەر پۆلسی نیردراو نازڵ بوو ئەوی نارد بۆ مزدەدان بە خەڵکانیتر. پۆلس بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو ئینجیلەی بڵاوی دەکاتەوە لە لایەن عیسای مەسیحەوە پیی دراووە.

وە پۆلس لە بارەی هاتنەوەی دووبارەی خوداوەند روونکردنەوەیدا. لە اعمال 31:ز7 دەبینین کە ئەو چی دەڵی: " کەواتە رۆزیکی دیاری کرد کە جیهان بە راستی و دروستی لە لایەن کەسیکەوە کە هەڵبزیرراوی خۆیەتی دادوەری دەکا"

پۆلس دوو نامەی بۆ کەنیسەی تالونیکیان نارد. دەتوانن لە پەرتووکی پیرۆزی خۆتان ئەو نامانە بدۆزنەوە. ئەم نامانە لە هەشت برگەی کورت پیك هاتوون. وە جیی سەرنجە کە پۆلس لە هەر هەشت برگەکەدا ئامازە بە گەرانەوەی عیسا دەکا.

لە سەرەتای تسالونیکیان16:4 پۆسی نیردراو لەبارەی هەڵسانەوەی مردووەکان لە کاتی گەرانەوەی عیسا قسە دەکا. " چونکە دەنگی فەرمانی ئیلاهی وە بانگی لەرزهینەری سەرۆکی فریشتەکان وە ئاوازی شەیپووری خودا دەبیستری وە لە ناکاو خودی خوداوەند خۆی لە ئاسمانەوە دیتەسەر زەوی. ئەوسات بەر لە هەمووان ئەو مەسیحیانەی مردوون زیندوو دەبنەوە بۆ ئەوەی چاویان بە خوداوەند بکەوی"

لە دووهەمی تسالونیکیان پۆلسی نیردراو باس لەوە دەکا کە عیسا چۆن دیتەوە: لەو رۆزەدا کە عیسا خوداوەند لە ئاسمانەوە لە گەڵ فریشتەبەهیزەکانی خۆی لە ناو ئاگریکی کڵپەدارەوە دیتەدەر وە ئەو کەسانەی کە خودا ناناسن وە ئینجیلی خوداوەند عیسا رەت دەکەنەوە سزا دەدا."

لیرەدا ئەو باسی عیسای مەسیح دەکا کە بۆ سزادانی هەندی خەڵك دیت. بەڵام ئەگەر لە سەر خویندنەوە بەردەوام بین, سەرەنجی ئەوە دەدەین کە ئەو باسی ئەو کەسانەش دەکا کە گەرانەوەی ئەو بۆ ئەوان شادیهینەر. رۆزگاریك کە ئەو دەگەریتەوە: " بە ئیوە کە ڕەنج و مەینەتی دەبینن وە بە ئیمە (مەبەستی هەموو ئیماندارانە) ئاسوودەیی دەبەخشی.

ئەگەر زیر بین, ووتەکانی ئەو دەخوینینەوەو هەر لە ئیستاوە خۆمان بۆ گەرانەوەی ئەو ئامادە دەکەین. کاتی عیسا بە یوحەننای گووت: "بەڵی من بە زوویی دەگەریمەوە" ئەو ووڵامی دایەوە: " ئامین! وەرە ئەی عیسا, ئەی خوداوەند!"

ئایا ئیمەش دەبی وەکوو نیردراوو بین وە ئەمە بکەسن بە ئاواتی دڵمان؟

پووختە

1- عیسا مەسیح دەگەریتەوە بۆ زەوی.
2- دەتوانین لەوبارەیەوە بە تەواوی دڵنیا بین , چوونکە ئەو لە بارەی خۆیەوە وەهای گووتووە.
3- هەروەها فریشتەکانیش ئەمەیان ووتووە, پترۆسیش وەهای گووت, پۆلس و یوحەنناش ئەوەیان ووتووە.
4- ئەگەر دانا بین, دەبی هەر ئیستا خۆمان بۆ هاتنی ئەو ئامادە بکەین.

" پاشایەتی تۆ دەبی هەبی, ئیرادەی تۆ هەر بەو جۆرە کە ئاسمانی تەنیووە, سەر زەویش دەگریتەوە"

چەند جار ئەم ووشانەتان ووتوە یان لە خەڵکیتر بیستووتانە؟ ئەوانە بەشیك لەو نزایانەن کە عیسا فیری قووتابیەکانی کرد. ئیوە دەتوانن ئەو نزایانە لە لوقا بخویننەوە. ئیوە ووشەکانی بە باشی دەزانن بەڵام ئایا واتاکەشی دەزانین؟

جووبارە سەرنجیان بدەن. ئەمە نزایەکە لەبارەی ئەوەی کە پاشایەتی خودا دیت وە ئیرادەی ئەو هەر بەو جۆرە کە ئاسمانی تەنیووە سەر زەویش دەگریتەوە. کەواتە لە ماوەیەکی نزیك دەبینین کە ئەو پاشایەتیە کە نزای بۆ دەکەین, سەر زەوی دەگریتەوە. وە کاتی پاشایەتی خودا بیت, پیاوان و زنان ئیرادەی ئەو جیبەجی دەکەن.

پاشایەتی خودا پیشتر جاریك لە سەر زەوی بووە.

ئایا دەزانن کە هەزاران ساڵ بەر لە ئیستا, پاشایەتی خودا ڕیك لە سەر زەوی هەبووە؟ با بگەرشیینەوە بۆ سەرەتای میزوو بابی 29 وە ئایەتی 1 وە دواتر ئایەتەکانی 10 و 13 بخوینینەوە خاڵیکی گرنگ کە لە ئایەتی 11 هەیە سەرنج بخەینە سەری کە دەڵی: " ئەی خوداوەند, گەورەیی, هیز, شکۆ, سەرکەوتن وە هەیبەت تەنیا هی تۆیە وە هەر شتی کە لە ئاسمان و زەوییە هی تۆیە. پاشایەتی هی تۆیە, تۆ لە سەرەوەی هەمووان سەربەرزانە وەستاوی."

پاشایەتی هەر بەو جۆرە کە دەبینن, هەمان پاشایەتی ئیسرائیل لە سەرزەمینی ئیسرائیلە. ئیستا ئایەتی 23 بخویننەوە: " ئەوکات سولەیمان لە جیگای باوکی واتا داوود لە سەر تەختی خوداوەند دانیشت, وە کامەران بوو وە هەموو بەنی ئیسرائیل گویڕایەڵیان کرد. "

ئەو تەختەی کە داوود و دواتر سولیمانی کوڕی لە سەری دانیشت لە ئۆرشەلیم بوو. شاری گرنگی ئیسرائیل وە پاشایەتی ئەو پاشایەتی ئیسرائیل بوو. بۆچی پاشایەتی ئیسرائیل بە پاشایەتی حوداوەند ناوی دەهینریت؟ وە بۆچی تەختی فەرمانڕەوایی بە " تەختی فەرمانڕەوایی خودا" ناوی دەرکرد؟

لە بەر ئەوەی خودا خۆی ئەم پاشایەتیەی بە بەنی ئیسرشائیل بەخشیووە. ئەو ئۆرشەلیمی وەکوو پایتەخت هەڵبزارد (سەرەتای پاشاکان 13:11) ئەو رشیساو یاساکانی خۆی دا بە حکومەتەکەی (ئیووە دەتوانن ئەمانە لە پەرتووکی پیرۆزی خۆتان لە پەرتووکی لاویان, اعداد وە بدۆزنەوە) وە ئەو پاشایەی کە حوکمرانی دەکرد دەبوو بۆ خودا حوکمرانی بکا.

لاپەرە. 13

پاشایەتی خودا

سەدان ساڵ پاشاکان لە دوای یەکتری حوکمیان کرد بە سەر ئیسرائیل لە ئۆرشەلیم هەندیکیان پاشای باش بوون و بە ترسان لە خودا پاشایەتیان کرد وە هەندیکیان خراپ و سەر بە گیچەڵ بوون.

سەرئەنجام ئەو ڕۆژە گەیشت کە نەتەوەکانی ئیسرائیل لە ریگای خودا زۆر دوور کەوتنەوەو ئەو پاشایەی حوکمی ئۆرشەلیمی دەکرد زۆر لاواز بوو تا ئەو رادەیە لاواز بوو کە خودا گووتی نابی چیتر پاشایەتی دریزەی هەبی.

حزقیال بخويننەوە بە تايبەتی ئايەتی 27 كە دەڵيت: " وە من ئەو (پاشايەتی ئيسرائيل) سەرنگوون (ويران) سەرنگون, سەرنگون دەكەم وە چيتر ئەمە بوونی نابی تا ئەو كەسە دی كە پاشايەتی مافی خۆيەتی. وە من پاشايەتی بە ئەو دەبەخشم"

ئەو کەسیکە کە شیاوی ئەوەیە.

لە ئایەتەکانی پەرتووکی حزقیال دەخوینینەوە کە, کەسیك دەبی بی کە"شاییستە"ی تەختی پاشایەتی خودا بیت. کەسیك کە میراتگری باوکە وە باوك تەختەکە بە ئەو دەدا. لەو ڕۆژەوەی کە کۆتا پاشا لە سەر حوکم لادراووە تا ئەمڕۆ, هیچ پاشایەك لە بەنی ئیسرائیل حوکمی ئۆرشەلیمی نەکردووە.

بگەرینەوە بۆ لوقا وە ئەو قسانە بخويننەوە كە لە لايەن ئەو فريشتەيە مريەم بۆ مەريەم كراوون كە هات بۆ لای. فريشتەكە لەبارەی عيساوە قسەی كرد: "ئەو دەبی بە پیاویکی گەورە وە وەکوو کوڕی خودا ناوی دەهینری وە خوداوەند تەختی دەسەڵاتی باپیرەی داوود بە ئەو دەسپیری."

چ کەسیك شاییستەی تەختی پاشایەتی خودایە؟ هەڵبەتە عیسا, کوری خودا هەر بە راستی مافە ئەوە. چوونکە مریەم دایکی عیسا لە نەوەی داوود بوو. عیسا وەکوو پاشا هەڵبژیررا. کاتی پیلاتوس لیی پرسی: " کەواتە تۆ پاشایت؟ عیسا وولامی دایەوە: هەر ئەو جۆرەم کە تۆ دەلچیی.

لە یەر ئەو خاچەی کە عیسایان پی لە خاچ دا نووسرابوو: " ئەمە عیسایە پاشای هەهود " دووژمنەکانی مەبەستیان بوو گاڵتەی پی بکەن. بەلچام ئەو شتەی ئەوان ووتیان راستی بوو.

ئەو ئینجیلەی عیسا بەشارەتی دا, بریتی بوو لە هەواڵی خۆشی پاشایەتی خودا. (واتای سادەی ئینجیل, هەر ئەو هەواڵە خۆشەیە) لە لوقا 1:8 دەخوینینەوە " لە دوای ئەوە عیسا شار بە شار و گووند بە گووند دەگەرا وە مووزدەی پاشایەتی خودای بڵاو دەکردەوە.

ئیمە و پاشایەتی

رەنگە ئەم بۆچوونە لە هزرتاندا درووست ببی کە " کەواتە بۆچی دەبی نزا بکەین کە پاشایەتی تۆ بیت؟ ئەگەر ئەم پاشایەتیە تەنها بۆ بەنی ئیسرائیلە ئەی بۆ ئیمە سوودی چیە؟

بەردەوام کە دریزە بە خویندنەوە دەدەن, دەبی فیری ئەوە بن کە ئەو پاشایەتیەی کە عیسا حوکمی تیدا دەکا زۆر دوورمەوداتر و گشتگیر ترە لە سنووری حوکمرانی پاشایەتی یەکەم وە لە سەرانسەری زەوی بۆ هەموو خەڵك ئاشتی بە دیاری دینی.

لاپەرە.15 ئاشتی و سەلامەتی لە سەر روی زەوی, چ کاتی؟

کاتی عیسا هاتە دوونیاوە, فریشتەکان گۆرانی شادییان گووت. ووشەکانی گۆرانی ئەوان لە لوقا بابی 2 ئایەتی 14 نووسراوە. " خودا لە ئاسمانەکان پڕ شکۆ بی وە لە سەر زەوی, لە نیوان ئەو خەڵکەی کە خودا دڵخۆش دەکەن, ئارامی و خۆشی پایەدار بی"

لە و رۆژەوە تا ئیستا , هیشتا ئارامی و ئاشتی راستەقینە لە سەر زەوی بوونی نەبووەو تا کاتی گەرانەوەی عیسا بۆ ئیسرائیل بۆ هینانەدی پاشایەتی خودا هەرگیز ئاشتی بوونی نابی. پەیمانی کۆن لە بارەی ئەو پاشایەتیەوە دەڵی: وە وینەی زۆری ئاشتی و ئارامی ئەو سەردەمە وە ئەو کامەرانیەی کە لە گەڵ خۆی دەیهینی نیشانی ئیمەی دەدا.

پانتایی پاشایەتی

دوبارە مزبوری 72 ببینن. لە مزبورە وینەی ئەو کاتەمان دەخاتە پیچاو کە پاشایەتی خودا لە سەر زەوی بەرقەرار دەبی بەڵام ئیستا تەنیا سەنج بدەنە ئایەتی 8: " وە ئەو حوکمرانی دەکا لە دەریاوە تا دەریا وە لە رووبارەوە تا ئەو سەری جیهان".

ئەمە پیمان دەڵی کە پاشایەتی لە لایەن عیساوە لە ئیسرائیل, سەرانسەری زەوی دەگریتەوە. هاوشیوەی ئەم ووتەیە لە مزبوری 2 ئایەتی 8 دەبینین ئەو جیگایەی کە خودا لو گەڵ عیسا قسە دەکا. " لە من داوا بکە وە نەتەوەکان بە ناوی تۆوە دەکەم وە سەرانسەری زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ"

دەشی لە پەرتووکی پیرۆزی خۆتان سەرنجتان دابی لە ووشەی "کافر" لە جیاتی ووشەی نەتەوەکان. کاتیك پەرتووکی پیرۆز نزیکی 400 ساڵ بەر لە ئیستا بۆ یەکەمین جار بە زمانی ئینگلیزی نووسرا ووشەی "کافر" دەقاودەق بە واتای ووشەی "نەتەوەکان" ی ئەمرۆیی بوو.

ئیجازە بدەن ئایەتی زیاتر شی بکەینەوە, بچنە سەر بابی چواردەهەمی پەرتووکی زەکەریا ئایەتی 9. " لەو رۆژەدا خوداوەند دەبی بە پاشای سەرانسەری دوونیا وە خەڵك تەنیا ئەو دەپەرستن و ئەو بە خودای خۆیان دەزانن"

حوکمرانی مەسیح

عیسا مەسیح لە ئۆرشەلیمەوەو لە پایتەختی خۆیەوە حکومەت پیك دینی. ئەو شارەی کە ئەو پیشتر ناوی نا " شاری پاشای مەزن"

یاسای ئەو لە سەرانسەری زەوی هەر بەو جۆرە کە لە اشعیا بابی 2 ئایەتی 1-4 دەیخوینینەوە: " لەبەر ئەوەی کە شەریعەت لە سەهیۆن وە کەلامی خودا لە ئۆرشەلیم دەردەچی".

لاپەرە . 16پاشایەتی بیوینە

وادانین پرسیارتان لی دەکری کە بۆ ژیان لە دوونیایەکی بیوینە حەز دەکەن لە ژ بارووددۆخیکدا بن؟ یەکیك لە سەرەتاییترین ئەو شتانەی کە دەشی داوای بکەن بوونی ئاسایش, ئازادبوون لە ترس, وە ئاشتی بۆ چیژوەرگرتن لەماندووبوونتان, لە راستیدا ئیوە ئەگەری هەیە وینای شتیکی هاوشیوەی ئەوە بکیشن کە میکاهی نیردراو پیمان دەدا.

" وە ئەو لە ناو نەتەوەی زۆر دادوەری دەکا, وە نەتەوە مەزنەکان لە جیگای دوورەوە سزا دەدا وە ئەوان شمشیرەکانی خۆیان بۆ گاسن وە نیزەکانی خۆیان بۆ مشار دەشکینن وە هیچ نەتەوەیەك شمشیر لە نەتەوەیەکی تر هەڵناکیشی وە وە چیتر فیری جەنگ نابن. وە هەرکەس لە زیر میو هەنجیری خۆی دادەنیشی وە چیتر شتی ترسینەر نامینی

بەڵام بەر لەوەی ئاشتی بەرقەرار ببی, دەبی هەوڵی راستەقینە لە لایەن مرۆڤەوە لە پیناو خودا ئەنجام بدری. تا ئەو کاتەی مرۆڤ بە قسەی خۆی بە ڕیگادا بڕوا, کیسو گرفت هەر دەمینی. کەواتە یەکیك لە یەکەمین کارەکانی عیسای مەسیح, نیشاندانی ڕیگای خودایە بە تەواوی نەتەوەکان.

بەڵام رەنگە ئیوە بڵین کەسانیك هەن کە بە ئاسانی گوی ناگرن, ئەوەش راستە. وە ئەو کەسانەی گویرایەڵ نابن سزا دەدرین. لە اشعیا بابی 11 ئایەتی 4 دەخوینینەوە: "

بۆ بیرهینانەوە, کاتی عیسا بگەریتەوە, دەسەڵاتی تەواوی لە دەستی ئەودا دەبی. بە فەرمانی هەموو خەڵکی سەر رووی زەوی فیردەبن ئەو کارانە بکەن کە خودا ڕازی دەکا. هەر بەو جۆرە کە لە اشعیا بابی 26 ئایەتی 9 دەیخوینینەوە: " کاتیك کە تۆ داوەری جیهان بکەی ئەکات خەڵك لە واتای یەکسانی تیدەگەن."

ئیستا بگەرینەوە بۆ اشعیا بابی 32 ئایەتی 17: " وە کرداری یەکسانی, سەلامەتی و سەرئەنجامی یەکسانی, ئاسایش و دڵنیایی دەبی تا هەتایی."

کامەرانی بۆ هەمووان

بە بوونی وەها هەلومەرجیکی بی کەم و کووری, کامەرانی لە دەست هەمووواندا دەبی. ئایا سەنجتان داوەتە سەر ئایەتی 16 لە مەزامیر بابی 72؟ کە دەڵیت: " وە فراوانی دانەویڵە لە سەر زەوی لە سەر لووتکەی کیوەکان دەبی."

لووتکەی کیوەکان عادەتەن رووتن. کەواتە ئەگەر دانەویڵە لە سەر لووتکەی چیاکان زۆر بی, دەبی ئەوەی ناو شیو و پیدەشتەکان دەبی چەندە زیاتر بیچ. هەر بەو جۆرە کە لە مەزبووری 67 ئایەتی 6 دەخوینینەوە: " ئەوکات زەوی بەرووبوومی خۆی دەدات وە خودا, خودای ئیمە, ئیچمە پیرۆز دەکا"

تەنانەت بیابانەکانیش لەو ڕۆژەدا سەوز دەبن. ئایەتە جوانەکانی 1 و 2 لە اشعیا بابی 35 بخوینینەوە کە باسی چۆنیەتی سەوزبوونیان دەکا: " بیابان مەست و شەیدا دەبی, بیابان پڕ دەبی لە گووڵ وە سروود و شادی هەموو شوینیك پڕ دەکا."

شیفای هزر و جەستە

سەرەرای ئەو هەموو بەرەکەتانە, بەرەکەتی گورەتر ی سەلامەتی هیزیش بە دوایاندا دیت نزیکەی 200 سال بەر لە ئیستا کاتی عیسا لە روی زەوی دەژیا.

لاپەرە.17

بەو هیزەی کە لە لایەن خوداوەوە پیی درابوو, بۆ زۆریك لە نەخۆشەکان پیفای هینا. لە کاتی پاشایەتی خودا ئەم هیزە دووبارە دەگەریتەوە اشعیا بابی 35 ئایەتی 5 بخوینەوە: " کاتیك ئەو دەگەریتەوە چاوی کویرەکان و گوی کەرەکان چاك دەکاتەوە. شەل, وەکوو ئاسك هاتووچۆ دەکا وە لاڵ سروود دەخوینی."

دەتوانین زۆر بە باشی هزر بکەین کە خەڵك تەمەنیکی دریزیان دەبی. پیغەمبەر زەکەریا پیمان دەڵی هەموو ئەو شتانە ئەنجام دەدری. لی زەکەریا بابی 8 ئایەتی 4 و 5 ئەو دەڵیت: " ژنان و پیاوانی گۆچان بە دەست, دیسان لە گۆڕەپانەکانی شار دادەنیشن. وە کۆڵانەکانی شار لەو منداڵانە پڕ دەبیت کە یاری دەکەن. "

ئەم ئایەتانە باسی ئۆرشەلیم دەکەن, بەلام هەر بەو جۆرە کە بینیمان, بەرەکەتی پاشایەتی سەرانسەری زەوی پر دەکا.

کەلامی بەهیزی خودا

رەنگە بە خۆتان بلین " هەموو ئەو شتانە باش دینە بەر دیدە بەلام زۆر باشتر دەبن ئەگەر بتوانن ببن بە راستی. " ئەگەر ئەو بەلینانەی کە خویچندمانەوە پەیوەندی بە مرۆظەوە هەبایە (لە لایەن مرۆظەوە بدرایە) بە دلنیایەوە ناتوانین متمانەیان پیچ بکەین, تەنانەت باشترین مرۆظیش ناتوانی ئەو بەلچینانە بۆ راستی بگۆری, چوونکە مرۆظ لاوازە.

بەلام ئەوانە بەلینەکانی خودان وە ئیمە دەتوانین باوەریان پی بکەین. اشعیا بابی 55 ئایەتی 6-11 بخوینەوە وە سەرنج لە ئایەتی 11 بدەن: " هەروەها قسەی من کاتی لە زارم دیتەدەر دەبی بە راستی. بی بەرهەم ناگەریتەوە بۆ لای من بەلکوو ئەو شتەی کە داوام کرد بە جیی دەگەئینی. وە بۆ ئەوەی کە ناردم کامەران دەبی"

کەواتە ئیمە دەتوانین بە خۆشحالەوە چاوەروانی سەردەمیك بین کە: "

پ.18

دەسپیکی چیرۆك

چیرۆکی بەنی ئیسرائیل لە راستیدا بە پیاویکی ئیماندار بە ناوی ئبراهیم دەست پی دەکا. ئەو لە رۆژگاری پیری خۆی کوریکی بوو بە ناوی ئیسحاق وە ئیسحاق کوریکی هەبوو بە ناوی یەعقوب کە دواتر بە ئسرائیل ناوی دەرکرد.

یەعقوب دوانزە کوری هەبوو. وە بوو بە باوکی دوانزە هۆزی ئیسرائیل. بچووکترین کوری ناوی یوسف بوو وە ئەو چیرۆکەی لە بارەی زیانی ئەو لە پەرتووکی پیرۆز دەیخوینینەوە, یەکیکە لەو چیرۆکانەی کە هیچ کات لە خویندنەوەی ماندوو نابین. بەلام ئەوە بەرزتر لە چیرۆکیکی باشە. ئەم چیرۆکە باسی رووداوە گرنگەکانی سەردەمی " گەلی پەرتووکی پیرۆز" (بەنی ئیسرائیل) بۆ ئیمە باس دەکا. هەروەها نموونەی زۆر سەرسوورهینەرمان بۆ دینیتەوە لەبارەی پاریزگاری خودا لە نەتەوەی خۆی.

هەمووومان ئەو چیرۆکەمان لە بیرە کە چۆن برا حەسوودەکانی یوسف ئەویان وەکوو کۆیلەیەك فرۆشت. وە دوای ئەو هەموو رەنجە ئەو بوو بە حاکمی میسر. دواتر لە سەردەمی گرانی و ووشکەسالی باوك وبراکانی بۆ سووپاسگووزاری ئەو سووپاسگووزاری خودا بە هۆی ئەوەی دانەویلە لە میسر هەبوو,

چوون بۆ میسر. له رابردوودا یەهودیەکان (که له بنەرەتدا به ئیسرائیلی یان بەنی ئیسرائیلی ناو دەبرین) له میسر به تەواوی بەختەوەر بوون بەلام له دوای مردنی یوسف, زمارەی یەهودیەکان له میسر زیاتر بوو وه غەدر و ستەمی میسریەکان بۆ سەر ئەوان گورس سەند. وه له گەل ئەوان وەکوو کۆیلە هەلسووکەتیان دەکرد.

ئازادی بۆ کۆیلەکان

ئەگەری هەیە ئیوه ئەو چیرۆکەتان بیستبی که چۆن خوداوەند ئەم کۆیله یەهودیانەی له میسرەوه به رابەرایەتی پیاویك به ناوی موسا بردەدەر. وه ئەوانی له ناو بیابانیك له دەرەوەی سەرزەمینی ئیسرائیل رینوینی کرد. لەم سەفەره دریز و مەترسیداره خودا خواردنی به ئەوان دا وه پاریزگاری لی کردن.

هەر بەو جۆره که له نەحمیا بابی 9 ئایەتی 20-21 دەخوینینەوه "گیانی نیکوی خۆت به مەبەستی فیرکردنی ئەواندا

خودا ئەو نەتەوه خراپەکارانەی که له سەرزەمینی ئیسرائیل دەزیان دەرکرد وه ئەوی دا به یەهودیەکان. ئەو یاساکانی خۆی به ئەواندا وه بۆ ئەوان دادوەرانیکی هەلبزارد بۆ ئەوەی حوکمرانی ئەوان بکەن. ئەو پییانی گووت: "ئەگەر له فەرمانم لا بدەن, سزا دەدرین." ئیوه دەتوانن له پەرتووکی تەشنیه بابی 28, له بارەی ئەو بەرەکەتانەی به هۆی گویرایەلی خودا وه ئەو نەهامەتیانەی به هۆی شکاندنی فەرمانی ئەو به نسیبیان دەبوو, بخویننەوه.

پ.19 یەهودیەکان پاشایەکیان دەوی

نزیکەی چوار سەد سال تیپەری. له میانەی ئەو سالانەدا, خودا بۆ حوکمرانی به سەر دوانزه هۆزی ئیسرائیلدا کۆمەلیك دادوەری دانا. (نەوەکانی یەعقوب بۆ دوازه گرووپی خیزانی دابەش بوون, که هەر کامیك له ئەوان ناوی هۆزیکیان لی نرابوو) بەلام یەهودیەکان نارازی بوون و وەکوو نەتەوەکانی دەورووبەری خۆیان داوای پاشایان کرد, ئەوان بەم داواکارییەی خۆیان, له پەسەندکردنی خودا وەکوو پاشای خۆیان هەلگەرانەوه.

کاتیك سموئیل, دادوەری ئەوان, به خودای گووت که ئەوان چۆن داوای پاشایان کردووه, خودا ووتی: " ئاوازی نەتەوەی خۆت بۆ هەرچیەك که ویستوویانه ببیسته, له بەر ئەوەی وازیان له تۆ نەهیناوه, بەلکوو وازیان له من هیناوه بۆ ئەوەی پاشایەکیان بۆ دانەنیم.

خودا داواکارییەکەی ئەوانی بەجی هینا وه ئەو پاشایەی که داوایان دەکرد پیی دان, دەشی حەز بکەن چیرۆکی مسح شلول یەکەمین پاشای ئیسرائیل خۆتان بخویننەوه.

پاشایەتی دابەشکراو

شاوّل له لایەن داوود, پاشای مەزن (که له وانەکانی دواتر زیاتر له بارەیەوه دەبیستین) له زیچر چاودیچری بوو. له دوای ماوەیەکی دریز واتا 40 سال حوکمرانی داوود کۆچی دوایی کرد وه سلیمانی کوری بوو به پاشا. سلیمان زۆر دەلەمەند بوو وه باجی نیمچه قوورسی له خەلك وەردەگرت. ئەم بابەته بووه هۆی نارازی بوونی خەلك وه کاتی سلیمان مرد ئەوان روویان کرده کورەکەی واتا رەحیمام وه داوایان لیکرد ئەرکی سەر شانیان سووکتر بکا. دەتوانن

ئەم بابەتە لە سەرەتای پاشاکان بابی 12 بخوێننەوە کە چۆن رەحیمام قسەی هاوری گەنجەکەی خۆی هەڵبزارد لە جیاتی ئامۆژگاری پیاوێکی بە تەمەن و زانا کە راوێژکاری باوکی بوو.

کاتی خەڵك چوونە لای رەحیمام بۆ ئەوەی وولامی ئەو بۆ داواکاریەکەی خۆیان وەرگرن, ئەو زۆر بە نەزانی وولامس دانەوە لە سەرەتای پاشاکان بابی 12 ئایەتی 13 و14 دەخوێنینەوە کە " پاشا بە توورەیی وولامی خەڵچکەکەی دایەوە" وە گووتی: " باوکم باری سەرشانی ئێوەی قورس کرد بەلام من بارس سەر شانتان قورستر دەکەم. باوکم بە قامچی لێدان ئێوەی سزا دەدا بەلام من ئێوە بە دووپشکەکان سزا دەدەم".

جێی سەرسوورمان نیە کە خەڵك سۆرشیان دژی وەها پاشایەك کرد, 10 هۆز لە هۆزەکانی ئیسرائیل لەوی چوونەدەر و بە پاشایەتی پەریمام حکومەتیکی نوییان بۆ خۆیان دامەزراند. تەنیا هۆزی یەهودا کە پەیوەست بوو بە رەحیمام وە هۆزی بچووکی بنیامین لە لای ئەو مانەوە.

ماوەیەکی درێژ دوای ئەمە, لە پەرتووکی پیرۆزی 2 میژووی لابەلامان هەیە. میژووی 10 هۆز لە هۆزەکانی ئیسرائیل کە بە ناونیشانی "ئیسرائیل " یان پاشایەتی باکور ناسراوون, (چوونکە ئەوان لە بەشی باشووری وولات دەژیان) وە دوو هۆزەکەیتر بە "یەهودا" یان پاشایەتی باشوور بەناوبانگ بوو.

لە فەرمان لادانی هەمیشەیی یەهوودیەکان

لە یەکەمین و دووەمین پەرتووکی پاشاکان, چیرۆکیکی غەمناك دەخوێنینەوە لەوەی کە چۆن خۆك هەمیشە خودایان لە بیر کردووە و رێگای ئەویان واز لی هیناووە. لە کۆتاییدا هەموو شتی زۆر خراپ بوو وایلیهات خودا گووتی خەڵك سزا دەدا هەر بەو جۆرەی کە پیشتر ئاگاداری کردبوونەوە وەکوو بە کۆیلە کردنیان لە وولاتی خۆیان.

دەتوانن ئەم بابەتە لە دووەمی تاریخ بابی 36 ئایەتی 15 و 16 ببینن. ئەوەی کە خودا چۆن هەموو شتیکی بە جۆریك ریك خست تا



نەتەوەکەی خۆی گەراندەوە سەر ریچکەی خۆی." وە یەهود خدای باوکی ئەوان بە دەستی نیردراوانی خۆی بۆ لای ئەوانی نارد. بەڵکو بەیانی زوو هەلسا, ئەوی رەوانە کرد چونکە شفاعتی بۆ نەتەوەو مالی خۆی کرد. بەلام ئەوان سووکایەتیان بە نیردراوانی خودا کرد وە کەلامی خودایان بە سووکی سەیر کرد بیریزیان بە پیغەمبەرەکانی کرد بە جۆریك کە غەزەبی خوداوەند لە سەر قەومەکەی گری گرت بە رادەیەك کە هیچ چارەیەریك نەبوو".

لە کۆتاییدا, سزادان

ئیسرائیل, پاشایەتی باکوری, سەرەتا بە دیل گیرا. پاشای ئاشور هات وە خەڵکەکەی برد بۆ ئاشور وە ئەوان هەرگیز نەگەرانەوە سەرزەمینی خۆیان ئەم بابەتە دەتوانن لە دووەمی پاشاکان بابی 17 و ئایەتی 6 تا 18 وە ئایەتی 23 بخوێننەوە. "تا ئەوەیکە خوداوەند هەر بەو جۆرە کە بە هۆی تەواوی پیغەمبەران پیشبینی کردبوو, خەڵکی ئیسرائیلی لە لای خۆی وەدەرنا. لە ئەنجامدا ئەوان تا ئیستاش لە سەرزەمینی ئاشور لە مەنفا ژیان دەکەن."

لە دوای ئەوە پاشایەتی یەهودا لە لایەن پاشای بابل بە دیلی بردرا, بەلام باروودۆخی ئەوان وەکوو باروودۆخی ئیسرائیلیەکان خراپ نەبوو. خوداوەند بەلینی دا کە ئەوان لە دوای 70 سال دەگەرینیتەوە سەرزەمینی خۆیان. وە ئەو پەرستگایەی لە لایەن نبوکد نصر, پاشای بابل لە ناوبرا دەبی دووبارە بوونیاد بنریتەوە.

گەرانەوەی دووبارە بۆ سەرزەمینی خۆیان

هەندیك لە یەهودیەکان لە بابل بە ئاسانی گەشەیان کرد و دەولەمەند بوون و چیتر نەیانویست بگەرینەوە سەرزەمینی خۆیان . بەلام گرووپیکی باوەردار بە رینوینی پیاویك کە خودا هەلیبزارد, بۆ سەفەریکی دزوار ئامادە بوون وە دەستیان بە بونیادنانەوەی پەرستگاکە کرد و ژیانیکی نوییان دەست پیکرد.

ئەوان رووبەرووی کیشەی زۆر بوونەوە بەلام خودا بۆ هاندان و هیدایەتی ئەوان سی پیغەمبەری نارد وە  سی پەرتووکی کۆتایی لە ئەیمانی کۆن (       ) لە نووسینی ئەم پیغەمبەرانەن.

لە پەرتووکی میگاە بابی 3 ئایەتی 6, خودا لە بارەی رۆژگاریك قسە دەکا کە " خۆر لە سەر ئیوە (پیغەمبەران) ئاوا دەبی وە رۆژگارتان تاریك دەبی" وە لە سەردەمی ملاکی تا هاتنی یەحیا کە لە پەیمانی نوی دەربارەی دەخوینینەوە لە لایەن خوداوە هیچ کەلامیك بۆ خەلچك نەنیردرا, تەنیا ئەوە هەبوو کە پیچشتر نووسرابوو.

یەهودیەکان ئیستاش نەتەوەی خودان و  هەر واش دەمینن وە لە وانەی داهاتوو سەرگووزشتەی ئەوان تا ئەمرۆ باس دەکەین.

پ21

لە نیوان پەیمانی کۆن و نوی

یەهودیوکان لە دوای 70 سال دیل بوون, گەرانەوە بۆ زیدی خۆیان واتا ئیسرائیل. ئەوان بە هاندانی پەیغەمبەران پەرستگای خودایان دووبارە لە ئۆرشەلیم بوونیاد نایەوە. سی پەرتووکی کۆتایی لە پەیمانی کۆن واتا (حجا, زەکەریا و ملاکی) – لەم ماوەیەدا نووسراوون.

لە دوای ئەوە, بۆ ماوەیەکی دریز واتا 400 سال, یەهودیەکان هیچ پەیامیکی رینوینیکەریان لە لایەن خوداوە پی نەگەییشت. عاموس پیغەمبەر پیشبینی ئەم سەردەمەی کردبوو. لە عامووس بابی 8 ئایەتی 11 دەخوینینەوە: " خوداوەند دەفەرموی: رۆژگاریك دی کە قاتیوقری  بۆ ئەم سەرزەمینە دەنیرم. ئەم قاتیوقریە, قاتیوقری ئاو و نان نابی بەڵکە قاتیوقری  بیستنی کەلامی خودا دەبی."

ئەم ماوەی 400 ساڵە لە نیوان دواهەمین پەرتووك لە پەیمانی کۆن وە یەکەمین پەرتووك لە پەیمانی نوی شوینی گرتووە.

مەزنترین یەهودی

بەلام یەحیای (پیرۆزکەر) پاکیزەکەر لە لایەن خوداوە نیردرابوو بۆ ئەوەی ریگاکە بۆ کەسیکی مەزنتر ئامادە بکا. خودا مەبەستی بوو کوری خۆی بۆ رزگارکردنی قەومەکەی بنیری. لەبەرئەوەنزیکەی 2000 سال بەر لە ئیستا, لە زیدی ئیسرائیل , خوداوەند عیسای مەسیح لە دایك بوو. هەندی جار بیرمان دەچی کە عیسا یەهودیەك بووە.

ئیوە دەزانن کە چی روویدا. لە دوای بیستنی قسەکانی ئەو وە لە دوای بینینی کارە یەرسورهینەرەکانی, یەهودیەکان ئەویان قبووڵ نەکرد وە پیلاتۆسیان ناچار کرد کە ئەو لە خاچ بدا. کاتی پیلاتۆس ووتی: "   من لە خوینی ئەم پیاوە دادپەروەرە بیبەریم " یەهودیەکان وولامیان دایەوە: " خوینی ئەو لە ئەستۆی ئیمە و منالەکانمان بی"

ئەوان نەیاندەتوانی وەها تاوانیکی گەورە بکەن. ئەوان خوینی بی تاوانی کوری خودایان رشت. بەو حاڵەش بە ووتارە بەهیزەکانی نیردراوان, خودا جەرفەتیکی تری دا بە خەڵکەکە. زۆربەیان روویان لە رەحمەت و بەخشەندەیی وەرگیراو چاوەروانی سزابوون, سزایەکی زۆر ترسناك!

خەڵکی ئاوارە

40 سال دواتر لەشکری رووم هات وە لە گەڵ پیاوان و مندالەکانیان کەوتە شەر. (بی گوومان لە بیرتانە کاتی ووتیان: " خوینی ئەو لە ئەستۆی ئیمە و منالّەکانمان بی") ئەمە سەردەمی رەنج و مەینەتی ترسناکی یەهودیەکان بوو. ترس و هەراسیك لە جەنگ لە ناویان بوو , لە مەترسیدارترین ترسەکانی ئەو میزووە بوو.

ب.22

رۆمەکان شارەکەیان داگیرکرد, وە ئەو گرووپە لە یەهودیەکان کە زیندوو مانەوە لە ناو نەتەوەکانیتر بڵاو بوونەوە.

خودا زۆر بەر لە ئیستا, هەهودیەکانی ئاگادار کردبۆووە کە ئەگەر لە ریگای خودا لابدەن, وەها پیشهاتیك بەسەریاندا دیت.لە تەسنیە بابی 28, ئایەتی 64 ئەمەتان خویندۆتەوە: " خداوەند ئیوە لە سەرانسەری دونیا پەراکەندە (پەرش و بلاو) دەکات"

نزیکەی دوو هەزار ساڵ, یەهودیەکان هیچ جیگایەکیان لە زیدی خۆیان نەبوو. لەوەش خراپتر, ئەوان مەینەتی و ئازاری زۆریان چەشت وە ئەو نەفرینە گەورەی کە لە تەسنیە خویندمانەوە, بەسەر ئەواندا هات. هەندیك لەو مەینەتیانە لە بیرەوەری ئەواندا بوو بە یادگاری و مایەوە.

زۆریك لە ئیمە دەتوانین کەمپی ناوەندی هیتلەر, ئەشکەنجەدانەکانی ئەو, وە کووشتنی بیچ بەزەییانەی زیاتر لە شەش ملیۆن یەهودی بە بیرمان بیچتەوە, کە تەواوی دوونیای تووشی شۆك کرد. دوبارە تەسنیە بابی 28, ئایەتی 64 تا 67 بخویننەوە و سەرتان سوور بمینی لە نووسینەکانی 3000 ساڵ بەر لە ئیستای موسا کە ئەمرۆ بوون بە راستی.

ئەمە چیرۆکیچکی خەناکە کە تا ئیستاش کۆتایی نەهاتووە بەلام ئیمە لە کەلامی خودا هەست بە دلمخۆشی دەکەین, کاتی دەزانین کۆتایی کارەکە بە خۆشی تەواو دەبی.

لە کۆتاییدا, گەرانەوە بۆ زیدی خود

بگەرینەوە بۆ ئەرمیا بابی 30, وە قسەی خودا بۆ یەهودیەکان لە ئایەتی 11 بخویننەوە: " لە گەڵ ئیوەم وە رزگارتان دەکەم: تەنانەت ئەگەر ئەو نەتەوانەی کە ئیوەم لە ناویان بلاو کردەوە, لەت و پەت بکەم, ئیوە لە ناو نابەم: هەڵبەتە ئیوەش بی سزا لیتان ناگەریم. بەڵی بە دڵنیایەوە سزاتان دەدەم, بەلام بە ویزدانەوەو بە دادپەروەرانە"

وە دیسان لە ئەرمیا بابی 31 ئابەتی 10 و 11 دەخوینینەوە: " هەر ئەو خودایەی کە نەتەوەی خۆی پەرش و بلاو کرد جاریکیتر ئەوان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە وە پاریچزگاریان لی دەکا, هەر بەو جۆرەی کە شوان لە میگەلەکەی خۆی پاریزگاری دەکا. ئەو ئیسرائیل لە دەست ئەو کەسانە دەردینی کە لەو بەهیزترن".

وە ئَیستا لە دوای نزیکەی 2000 سال, خودا ئیسرائیل لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە. لە سالی 1917 بەیاننامەی بۆلفۆر وازۆ کرا. ئەمە بەلینیك بوو بەوەی کە بریتانیا, سەرزەمینی فەلەستین (کە ئیستا پیی دەلین ئیسرائیل) دەکا بە زیدی یەهودیەکان.

لەوکاتە بە دواوە ژمارەیەکی زۆر لە یەهودیەکان دەگەڕینەوە سەرزەمینی ئیسرائیل, سەرەرای ئەوەی کە بریتانیا هەرچەندە بەڵینی پییان دابوو بەلام لە گەرانەوەدا یارمەتی نەداوون. لە سالی 1948 هەنگاویکیتر بەرەو پیشەوە نرا, کاتیك دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرینرا.

ئۆشەلیم پایتەختی داهاتووی جیهان

لەم سەردەمەدا لە رۆژ هەلاتی ناوەراست کۆمەلیك کیشە بوونی هەیە. دەوڵەتی ئیسرائیل لە پیناو بوونی خۆی لە گەل نەیارەکانی شەر دەکا. تەنانەت ئیستاش لە لایەن هیزی چەکداری بەهیزەوە گەمارۆ دراووە وە داهاتووی تاریك دیتەبەرچاو.

بەلام لە ئەرمیا بابی 30, ئایەتی 7 دەخوینینەوە: " رۆژیکی ترسناك لە پیشە! هاوشیوەی تا ئیستا نەبینراوە: ئەو رۆژە, سەردەمی نەهامەت ی قەومی منە. بەلام لە نەهامەتیەش رزگاریان دەبی".

پ23

کاتیك رۆژی مەزنی کۆتایی جەنگ بگات, وە ئەو رۆژە دوور نیە کە بتوانین لە چاپەمەنیەکان بخوینینەوە, یەهودیەکان لە ئیسرائیل باروودۆخیچکی زۆر سەختیان دەبی. وە لەو سەردەمەدا, خوداوەند عیسای مەسیح دووبارە دەگەریتەوە. ئەو نیشتمانی ئسرائیل رزگار دەکا وە لە کۆتاییدا یەهودیەکان ئەو دەناسن و قبوولی دەکەن. پیچغەمبەر زەکەریا بۆمان باس دەکا: " ئەوان کە نیزەیان لە من داوە, لە سەر من دەگریین وە هاوشیوەی کەسیچك کە بۆ مندالە تاقانەگەی پرسە دەگیری, بۆ من خەمبار دەبن, وە وەها فرمیسك دەریزن وەکوو ئەوەی کوری نۆبەرەیان مردبی. "(زەکەریا بابی 12 ئایەتی 10)

خواروتر لە عیسا, پاشای ئەوان, یەهودیەکان دەبن بە گەورەترین نەتەوەی جیهان. وە پیشبینیەکانی پیغەمبەر زەکەریا دەبی بە راستی. هەر بەو جۆرە کە لە زەکەریا بابی 8 ئایەتی 22 و 23 دەلّی: " خەڵکیکی زۆر لە نەتەوە بەهیزەکانی دونیا بۆ عبادەت دین بۆ ئۆرشەلیم. وە لە خوداوەندی بە توانا داوای بەرەکەت دەکەن. لەو رۆژگارەدا دە نەفەر لە خەڵکی بیچگانە دەستەودامینی یەك کەسی یەهودی دەبن و دەلچین: ئیمەش لە گەل خوت بەە, چوونکە بیستوومانە خودا لە گەڵ تۆی".

پ24

ئیمە دەبی یاساو ریسامان هەبی.

تا ئیستا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە چ شتی روو دەدا ئەگەر شۆفیریك لە ناو شاریکی قەرەباڵغ, هەر بەو خیراییەی کە خۆی حەزی لییەتی شۆفیری بکا و بە بی گویدانە خەڵك بۆ ئەملا و ئەولا بروا؟ بە دڵنیایەوە رووداویکی سەخت روودەدا.

لە هەر جیگایەك کە زنان و پیاوان بەیەکەوە لە شار و گووندەکان بژین, دەبی ڕیساو یاسایەکیان هەبی. ئەوان دەبی یاسای باشیان هەبی و کەسیك چاودیری پابندبوون بە یاساکان لە شوینە بی.

راسپاردەکانی موسا

دەبی لە بیرتان بی مە چۆن خودا یەهودیەکانی لە میسر بردە دەر وە چۆن نیشتمانی ئیسرائیلی بۆ ژیان پیدان. هەروەها لە وانەی 6 بیرتان ماوە کە صۆن پاشای ئەوان بوو وە بۆ ئەوان کۆمەڵیك یاسای دانا.

ئیمە ئەم یاسایانە وەکوو" راسپاردەکانی موسا" دەناسینین. چونکە بۆ یەکەمجار خودا ئەوانی بە موسا گووت وە موساش ئەوانی ئۆ خەڵك گواستەوە. زۆربەمان لە بارەی گرنگترین راسپاردەکانی موسا شتمان بیستووە کە بە "10 فەرمانی موسا" بە ناوبانگن. لە ناو ئەو راسپاردانەدا, راسپاردەیەك لە بارەی رۆژی بوونی هەیە.

ئەو یاسایەی لە لایەن خوداوە دانرا

لەبەرئەوەی راسپاردەکانی موسا لە لایەن خوداوە بوو ئەو راسپاردانە بە تەواوی جیاوازبوون لەو راسپاردانەی کە دەشی مرۆظی دیاریان بکا. ئیمە دەتوانین دەستوورە جیاوازەکان بۆ دوو بەش دابەش بکەین.

جۆری یەکەم کۆمەلە یاسایەك بوون بۆ ژیانی رۆژانە, بۆ نموونە باسی ئەوەیان دەکرد کە خەلك چی بخۆن و چۆن جلووبەرگ لە بەر بکەن وە لە پەیوەندی لە گەل یەکتر دا چۆ هەڵسووکەوت بکەن. لە راستیدا ئەم یاسایانە بۆ رینمایی ئەوان بوو لە ریرەوی ژیانی رۆژانەیان.

بەلام کۆمەلە یاسایەکیتر لە تەنیشت ئەمانەوە هەبوو. راسپاردەی زۆر لە بارەی چۆنیەتی پەیوەندی و هەلسووکەتی مرۆظ لە گەل خودا وە چۆنیەتی پەرستنی ئەو. کاتی خەلك بۆ داواکردنی لیبووردن لە تاوانەکانیان یان بۆ سپاسگووزاری و پەرستش دەچوونە خزمت خودا, دەبوو لە گەل خۆیان ئاژەلی (وەکوو بەرخ یان کاریلە) یان دەبرد وە دەیانکردن بە قووربانی.

ئاژەلەکانی قووربانی بۆ وەبیرهینانەوەی تاوانباربوونی یەهودیەکان وە شایانبوونی ئەوان بە مەرگبوون. هەروەها بەر بیر ئەوانی دەهینایەوە کە

پ25

كه دەبی خودا بەو جۆرە بپەرستن كە خۆی فەرمانیداووە, نەك بەو جۆرەی كە خۆیان هەلیانبزاردووە.

پەیوەست بوون بە راسپاردەكان ئەستەم بوو

راسپاردەكانی موسا لە لە لایەن خوداووە نیردرابوون, راسپاردەی زۆر باش بوون. پۆلس لە پەرتووكی رۆمیان بابی 7 ئایەتی 1 پیچماندەلی: " كەواتە شەریعەت بۆ خۆی پیرۆزە وە تەواوی راسپاردەكانی پیرۆز و دادپەروەرانە و باشن"

بەلام مرۆظ بە شیوەیەكی سرووشتی باش نیە. زۆریك لە یەهودیەكان تەنانەت بۆ جیبەجیكردنی راسپاردەكان كۆششیان نەدەكرد. تەنانەت ئەوانەش كە هەولی پابەندبوونیان دا شكستیان خوارد. (سەركوتوو نەبوون) هەرچەنیك ئەوان زیاتر هەولیان دەدا بۆ جیبەجی كردنی راسپاردەكان, زیاتر تاوانباربوونی خۆیان بۆ دەردەكەووت.

بینیمان كە راسپاردەكانی موسا بۆ حوكمررانی بە سەر نەتەوەكان پیویست بوو. بەلام سەرەرای ئەوە كاریكی تریشی دەكرد, وە ئەویش ئاگاداركدنەوەی خەلچك بو لە تاوانباربوونیان وە بی توانایی ئەوان لە پابەندبوونیا بە راسپاردەكانی خودا. وە بە هۆی تاوانیار بوننیان شیاوی مەرگ بوون.

پۆلس لە رۆمیان بابی 3 ئایەتی 19 دەلَیت: " ئیمە دەزانین كە ئاراستەی قسە لە سەریعەت دا بەرەو رووی شویچنكەوتووانی شەریعەتە بۆ ئەوەی هەموو زاریك ببەستری و تەواوی دوونیا خۆیان سەبارەت بە خودا

ریگایەكی باشتر

ریساكان مرۆظەكانی تیگەیاند كە تاوانبارن و سزای تاوانەكەیان مەرگە. وە پیویستیان بە كەسیكە كە ئەوان لە تاوانەكانیان رزگار بكا. تەنیا ریچساكان خۆیان نەیاندەتوانی ئەوان رزگار بكەن وە تەنیا تاوانباریەكەیانی نیشان دەدان. لە ئەنجامدا خودا بە میهرەبانی خۆی ریگاچارەیەكی باشتری دانا, ئەو مندالی خۆی, عیسای مەسیحی كرد بە قوربانی تاوانەكان.

ئیچمە لە مزمور 40, ئایەتی 6 تا 8 دەخوینینەوە كە: " تۆ داوای قوربانی و هەدیەت لە من نەكرد: داوات لە من نەكرد بۆ پاكبوونەوەم لە تاوان حەیوانیك سەرببرم: بەلچكوو گویچكەكانمت كردەوە بۆ ئەوەی قسەكانی تۆ ببیستم و گویرایەلی بكەم. ئەو كات گووتم: ئامادەم بۆ ئەوەی فەرمانەكانی تۆ كە لە پەرتووكی شەریعت دا دەربارەی من نوسراوون ئەنجام بدەم. ئەی خودای من, چەندە پیچم خۆشە ویستی تۆ بەدی بینم!فەرمانەكای تۆ لە ناو دلَم دەپاریزم."

عیسا هەموو كات كۆمەلَە كاریكی دەكرد كە مایەی رەزامەندی خودا بوون. ئەو قوربانیەكی بی گەرد بوو كە خۆی كردە قوربانی لە پیناو ئیمە. چیتر پیویست ناكا بۆ پەرستنی خودا ئاژەلچیچك بكەینە قووربانی. بەلام دەبی لە ریگای عساوە بۆ لای ئەو بچین, هەر بەو جۆرە كە عیسا گووتی: " من ریچگا و راستی و چیانم. هیچ كەس بۆ لای باوك نایی ئەگەر بە هۆی منەوە نەبی":

كۆمەلَە وانیەك لە یاسا بۆ ئیمە

یاساكان بی ریا یارمەتی یەهودیەكتنی دا كە بەرەو مەسیح بین, چوونكە نیشانی ئەوانی دا كە چەندە بی هیواو داماوون. ئەمە وانەیەكی قوورسە بۆ زنان و پیاوان. بەلام ئیمەش بەر لەوەی بۆ لای خودا بچین وە داوای یارمەتی لی بكەین دەبی فیری یاساكان ببین.

ریساكانی موسا لەو بارەیەوە دەتوانیچ یارمەتیمان بدا. ئیمە لە یەهودیەكان باشتر نین وە دەشی ریك وەكوو ئەوان بدۆریین. ریساكان دەتوانن وانەی باش فیری ئیمە بكەن.: ئەوەی كە خودا پیرۆز و پاكە وە ئیمە تاوانبارین, وە ئیمە تەنها لە ریگای ئەو ریگایەوە بەو بگەین كە خۆی هەلبیزاردووە (لە ریگای عیسای مەسیح)

پ26

خودا وەها چاوەروانییەکی لە ئیمە نیە کە راسپاردەکانی موسا بە تەواوی ووردەکاریەکانیەوە ئەنجام بدەین. بەلام ئەو لە پەرتووکی پیرۆزدا ئەوەی بۆ دیاری کردووین, تا بە خویندنەوەو بیرکردنەوە لە بارەی ئەو, بتوانین لەبارەی ریگای ئەو زیاتر فیر ببین.

پووختە

1- راسپاردەکانی خودا, ئەو راسپاردانە بوون کە خودا بە یەهودیەکانی دابوون.

2- الف) ئەم راسپاردانە بریتی بوون لە کۆمەلە یاسایەك کە تەواوی زیانی ئەوانی دەگرتەوە.

ب) هەروەها چۆنیتی پەرستنی خودای فیری ئەوان دەکرد.

3- یاساکان باش بوو, بەلام مرۆظەکان سەرشیت بوون و نەیانتوانی پابەندی یاساکان بن.

4- خودا لە ریگای مەسیحەوە, ریگایەکی تازەی داهینا.

5- راسپاردەکانی موسا لە پەرتووکی پیرۆزدا, لە پەرتووکەکانی خروج, لاویان, اعداد,

پ27

نزیکەی دوو هەزار سال بەر لە لەدایکبوونی مەسیح, پیاویك بە ناوی ابراهیم دەزیا, کە بەپیی پەرتووکی پیرۆز بە دۆستی خودا (خلیل الله) ناوی دەرکردبوو.

ئەو لە شاری ئووری کلدانیەکان کە ئەمڕۆ بەناوس عەراق دەناسری, نزیکەی 1280 کیلۆمەتر بەرەو لای ڕۆژهەلاتی نیشتمانی ئیسرائیل, دەژیا. خەڵکی ئەو شارە لەبارەی خودای ڕاستەقینە هیچیان نەدەزانی. ئەوان خودای دروستراویان دەپەرست.

پەیامیك لە لایەن خوداوە

ڕۆژیکیان ابراهیم پەیامیکی لە لایەن خوداوە پی گەیشت. دەتوانین ئەو پەیامە لە پەیدابوون بابی 12 ئایەتی 1 بخوینینەوە: " وە خوداوەند بە ابراهیمی گووت: لە نیشتمانی خۆت وە لە زیدی خۆت وە لە ماڵی باوکی خۆت بەرەو ئەو سەرزەمینەی پیت نیشان دەدەم کۆچ بکە"

پیی گووترا کە زید و خەڵکی خۆی جی بهیڵی, وە بەرەو سەرزەمینیك کە خودا نیشانی دەدا کۆچ بکا. ئەگەر ئیمە وەها پەیامیکمان پی گەیشتبا, چ هەستیکمان دەبوو؟ (بە دڵنیایەوە سەفەرکردن لەو ڕۆژگارەدا, زۆر قورستر و مەترسیدارتر لە ئیستا بوو)

هەروەها خودا پیی گووت: (ئایەتی 2 و 3 ) " وە لە تۆووە نەتەوەیەکی مەزن بەدی دینم وە بەرەکەتت بەسەردا دەریزم وە ناووت مەزن دەکەم وە تۆ دەبی بە بەرەکەت. وە ئەو کەسانەی تۆ بە پیرۆز دابنین بەرەکەتیان بەسەردا دەریزم وە نەفرەت لەو کەسانە دەکەم کە تۆ بە مەلعون بزانن. وە لە تۆ وە سەرجەم هۆزەکانی دونیا بەرەکەت وەردەگرن."

ابراهیم باوەری بە بەڵینی خودا هینا وە گویرایەلی بوو. لە عیبریان باسی ابراهیم دەکا: " کۆچی کرد بۆ ئەو شوینەی کە دەبوو بە میرات بیبات. کەواتە چووە دەر وە نەیدەزانی بۆ کوی بروا".

لە کۆتاییدا ئەو لە گەڵ هاوسەر و برازاکەی واتا لووت گەیشتنە زیدی ئیسرائیل. ئیستا دووبارە پەیدابوون بابی 13 بخویننەوە. بۆتان دەردەکەوی کە چۆن لووت باشترین نیشتمانی هەلبزارد وە ابراهیم بۆ دۆزینەوەی لەوەرگا بۆ لەوەراندنی میگەلەکەی خۆی دەستی بە گەران کرد. بەلام خودا لە گەڵ ابراهیم بوو وە بەلینەکانی خۆی کە بە ابراهیمی دابوو لە ساری اور زیارتری کرد.

" تەواوی ئەو سەرزەمینە کە دەیبینی بۆ هەمیشە بە تۆ و نەوەکانی تۆی دەبەخشم. نەوەکانی تۆ وەکوو تەپووتۆزی زەوی بیهەژمار زیاد دەکەم"

پ. 28

بەڵینیکی سەرسوورهینەر

ئایا سەرنجتان داووە کە ئەم جارەیان خودا بۆ هەمیشە بەڵینی نیشتمانیکی بە اراهیم دا؟ بۆ خاوەنداریتی هەمیشەیی ئەم نیشتمان دەببو ابراهیم بۆ هەمیشە زیندوو بمینی, لەبەر ئەوە خوداوەند خەریك بوو بەلینی زیانی هەمیشەیی بە ابراهیم دەدا. سەرەرای ئەوە, خودا بەڵینی مندالی دا بە ابراهیم کە لە سەرزەمینەکەی هاوبەش بن. هەروەها بەلینی بە ابراهیم دا کە نەوەکانی ءەو دەبن بە نەتەوەیەکی مەزن.

خودا له گەڵ ابراهیم پەیمانیکی بەست

بچن بۆ بابی 15 و ببینن که چۆن خوداوەند بەڵینەکانی خۆی بۆ ابراهیم زیاتردەکا. رۆژگار تیپەری و ابراهیم پیر بوو. لەو کورەی که بەڵینی له دایکبووونی درابوو هیچ نیشانەیەك نەبوو. بەلام جاریکیتر خوداوەند دلنیایی پیدا که کوریکی دەبی وە پیی گووت که نەوەکانی ئەو له ئەستیرەکانی ئاسمان زیاتر دەبن. له ئاەتی 6 دەخوینینەوە: " ابرام متمانەی به خودا کرد وە بەو هۆیەوە خودا لیی رازی بوو ئەوی قبوڵ کرد"

ابراهیمیش وەکوو ئیمه له بەندی تاوان ئازاد نەبوو, بەلام ئەو متمانەی به خودا کرد وە بەو هۆیەوە خودا لیی رازی بوو. ئەم جاره دەبینین که خودا له گەڵ ئەو پەیمانیکی فەرمی دەبەستی که هیچ کات ناگۆردری. دەتوانن چۆنیەتی دارشتنی ئەم پەیمانه له پەیدابوون بابی 15 ئایەتی 8-18 بخوینئەوە. له سەردەمی ابراهیم, گریدانی بەڵین و پەیمان به سەربرینی ئاژەل ئەنجام دەدرا. دواتر ئاژەله سەربراوەکەیان پارچە پارچە دەکرد و ئەو دوو کەسەی که پەیمانەکه له نیوانیان بوو له نیوان ئەو پارچانه هاتووچۆیان دەکرد. بۆ ئەمەیان خوداوەند له نیوان پارچەکانی ئاژەلەکه هاتووچۆی نەکرد, ابراهیم مەشخەڵیکی بلیسەداری بینی که له نیوان پارچەکان تیپەری. لەبەر ئەوە متمانەی به پەیمانەکه کرد!ِ

منداڵی بەلین دراو

ابراهیم 100 ساله و هاوسەرەکەی 90 سال بوو که له کۆتاییدا خودا بەلینەکه خۆی بردەسەر وە کوریکی به ئەوان بەخشی که ناویان نا ئیسحاق. له پەیدابوون بابی 22, دەتوانن نموونەیەکی سەرسوورهینەر له متمانەی ابراهیم به خودا ببینن. 14 ئایەتی سەرەتا بخوینئەوە. خودا به ابراهیمی گووت کوره تاقانەکەت ئیسحاق وەکوو قوربانب پیشکەش بکه. ئەمه له کاتیکدا بوو که خودا بەڵینی به ئەو دابوو که له نەوەکانی ئەو نەتەوەیەکی گەوره درووست دەبن.

ابراهیم چی کرد؟ ئەو دەیزانی که خوداوەند له سەر بەڵینەکەی خۆیەتی. پۆلس له عبرانیان بابی 11, ئایەتی 17-19 دەڵیت: " له روی باوەرەوە, ابراهیم له کاتی تاقیکردنەوەدا ئیسحاقی وەکوو قووربانی پیشکەشی خودا کرد. بەڵی, ئەم پیاوه که بەڵینەکانی خودای قبووڵ کردبوو, ئاماده بوو منداڵەتاقانەکەی پیکەشی خودا بکا. سەرەرای ئەوەی خودا به ئەوی گووتبوو که نەوەکانی ئەو له ئیسحاق دەبن. ابراهیم دلنیا بوو که خوداوەند توانای ئەوەی هەیه تەنانەت دوای مردنیش ئیسحاق زیندوو بکاتەوە. به واتایەکیتر ئەوی به شیوەی نموونەیەك له مردووەکان دۆزیەوە".

ابراهیم تەنانەت بۆ قووربانی کردنی کوره خۆشویستەکەی ئاماده بووچوونکه دەیزانی خودا زیندووی دەکاتەوە. شتیکی سەر نیه کاتی خودا له متمانەو گویرایەلی ئەو رازی بوو. له پەیدابوون بابی 22 ئایەتی 15-18 دەتوانن له بارەی بەڵینەکانیتر که خودا پیی دابوو بخوینئەوە.

منداڵیکی گەورەتر له ئیسحاق

ئەم رووداوانه هی نزیکەی 4000 ساڵ بەر له ئیستان وە ئەگەری هەی له سەرەتادا زۆر بۆمان گرنگ دیار نەبن. بەلام ابراهیم کوریکی هەبوو که له ئیسحاق گەورەتر بوو. ئایەتی یەکەم له پەیمانی نوی (متا ) دەڵیت: " عیسا مەسیح, کوری داوود, کوری ابراهیم "

پ. 29

عیساش منداڵی بەلیندراوی ابراهیم بوو.پۆلس له غلاتیان بابی 3 ئایەتی 16 پیمان دەلی: " بەلینەکان به ابراهیم منداەکەی دران وە نالی: مندالەکانی, بۆ ئەوەی زمارەیەکی زۆر بگریتەوە, بەلکو تنەیا ئامازه به یەك مندال واتا به مەسیح دەکا".

له سەر ئەو بنەمایه بەلینەکان له گەل ابراهیم گری دران وە ئەو دەبوو بۆ هەمیشه له سەرزەمینی ئیسرائیل بژی وە ببی به بەرەکەت بۆ سەرجەم نەتەوەکان. ئەم بەلینه له گەل عیسای مەسیحیش بوو به راستی. کاتیك ئەو دووباره بگەریتەوە بۆ ئەوەی له ئۆرشەلیم حوکمرانی بکا, دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین که تەواوی ئەو بەڵینانه

ئیمەش لەو بەلینانه هاوبەشین

ئەگەر باوەرمان بە عیسای مەسیح هەبی وە ئەو کارانەی کە داوای ئەنجامدانی لیکردووین, ئەنجامیان بدەین, ئیمەش دەبین بە هاوبەش لە بەلینانە. ئەگەر مولکی مەسیح بین, ئیمەش مندالی ابراهیم هەژمار دەکریین. لە ئایەتی کۆتایی لە غلاتیان بابی 3 دەخوینینەوە: " ئەگەر مولّکی مەسیحن, منالّی ابراهیم هەژمار دەکرین و بە پیی بەلینی خودا میراتگری ئەون"

کەواتە ئیمەش دەتوانین لە بەلینەکاندا هاوبەش بین. دەتوانین ژیانی هەمیشەییمان هەبی وە لە کارە مەزنەکەیدا یارمەتی عیسای مەسیح بدەین کە بریتیە لە هینانی شادی بۆ سەر زەوی.

دەبی لە بیرتان بی کە یەکیك لە بەلینەکان ئەوە بوو کە: "تەواوی نەتەوەکان داوام لی دەکەن, هەر بەو جۆرەی کە بەرەکەتم خستۆتە ناو نەوەکانی تۆ, نەوەکانی ئەوانیش بەرەکەت پی بدەم"

ئەم بەلینە لە رۆژگاری گەرانەوەی عیسا وە برەقەرابوونی پاشایەتی خودا, بە ئەنجام دەگەیەنری.

ئەی ئەو بەلینەی کە بە ابراهیم درا چی لی دی؟

رەنگە لای خۆتان وا هزر بکون کە" ئەی ابراهیم چی دەست کوت؟ ئەو هیچکام لە بەلینەکانی وەرنەگرت و مرد"

راستە بەلام هیچ هەلەیەك لە بەلینەکانی خودا دا نیە. کاتیك عیسا دووبارە بگەریتەوە ئەو ابراهیم و ئیسحاق و خەلکی تری زۆر لە مەرگ هەلدەستینی وە ئەوان بۆ هەمیشە لە سەر زەوی دەژین وە چیز لە بەرەکەتەکانی خودا وەردەگرن کە زۆر لەوەو پیش بەلینە پیدابوون.

پووختە

پیشناریك

پ30

داوود دووهەمین پاشای یەهودیەکان بوو. ئەو لە دوای هەولی زۆر و رووداوی بی ژمار, لە کۆتاییدا کۆشکیکی لە ئۆرشەلیم بوونیاد نا وە هەر لەوی ژیا و حوکمی کرد. کاتی داوود بیری لە بەرکەتانە کردووە کە خودا لە ژیانیدا پیی دابوو وە بینی کە بووخچەی پەیمان هیشتا لە چادر دا پاریزگاری لی دەکری, بریاری دا کە پەرستگایەکی نایاب و شاییستە لە ئۆرشەلیم بوونیاد بنی بۆ ئەوەی لەویدا پاریزگاری لە بووخچەی وەفا بکری.

(بووخچەی بەلین هەر ئەو سندووقە تایبەتە بوو کە دە دەستوور لە ناویدا بوو وە رووپۆشیکی لە سەر بوو کە بە تەختی رەحمەت دەناسرا کە نیشانەی شکۆمەندی خودا بوو)

داوود بریارەکەی خۆی بە ناتان, نیردراوی خودا گووت. ناتان بە داوودی گووت: ئەم کارە بکە, بەلام هەمان شەو خودا قسەی لە گەل ناتان کرد وە پەیامیکی تایبەتی ئەو دا بۆ داوود نارد.

پەیامی خودا بۆ داوود

دووبارە بگەرینەوە بۆ دووهەمی سموئیل بابی 7. گرنگترین بەش لە پەیامی خودا بۆ داوود لە ئایەتی 12- 16 دایە. لیرەدا خودا بەلینی کوریك بە داوود دەدا (دیسان ئیمە ئەم ووسە یەهودیە (دانە)دەبینین کە بە واتای کۆر یان نەوە دی)

ئەو لە بارەی ئەو کورە بەلین دراوە دەلی: " ئەو بۆ ناوی من مالیك بوونیاد دەنی وە کورسی دەسەلاتی ئەو بۆ هەمیشە پایەدار دەکەم

وە ئەمە لە دوای مردنی داوود روویدا " لەبەرئەوەی رۆژەکانی تۆ کۆتایی پی دی وە لە گەل باوانت دەخەوی وە زوریەتی تۆ (نەوەی تۆ) کە لە خاچی تۆ دیتەدەر, لە دوای تۆ پایەداری دەکەین وە دەسەلاتی ئەو پایەدار دەکەم"

شتی زیاتر لە بارەی کوری داوود

ئیستا داوود کوریکی هەبوو بە ناوی سلیمان, کە لە دوای ئەو دەسەلاتی ئۆرشەلیمی گرتەدەست. بەلام ئەو لە رۆژگاری زیانی داوود بوو بە پاشا. وە بە دلنیایەوە بۆ هەمیشە حوکمی نکرد.

ئەم کورە بەلین دراووە دەبوو ببی بە کەسیکی زۆر گرنگ بۆ خودا. هەر بەو جۆرە کە خودا دەلیت: " من باوکی ئەو دەبم وە ئەو کوری من دەبی"

بگەرینەوە بۆ بابی یەکەمی لوقا. لیرە دەربارەی فریشتەیەك دەخوینینەوە کە دی بۆ لای زنیکی گەنج لە نەوەکانی داوود وە پیی دەلی کە کوریکی دەبی. ئەم کورە, وەکوو مندالەکانیتر, بە هۆی باوکیکی سەرزەوییەوە نەهاتە دوونیا. بەلکوو لە لایەن هیزی خوداوە هاتە دوونیا.

31پ

بەو زنە گەنجە کە ناوی مریەم بوو گووترا: " روحی پیرۆز دیتە لات وە هیزی خوای مەزن سیبەری دەخاتە سەر سەرت وە بەو هۆیەوە ئەو مندالە پیرۆزە بە کوری خودا ناو دەهینری".

فریشتەکە هەروەها بە مریەمی گووت:

ئەو دەبیت بە کەسیکی مەزن وە بە کوری خودای مەزن ناوبانگ پەیدا دەکا . خوداوەند, تەختی پاشایەتی باپیرە گەورەی مندالەکە واتا داوودی پی دەبەخشیت. ئەو تا هەمیشە بە سەر بنەمالەی یەعقوبەوە فەرمانرەوایی دەکا وە پاشایەتی ئەو هیچ کات کۆتایی نایە.

ئیستا دەتوانین ببینین کە ئەو بەلینەی کە خودا بە داوودی دا چۆن بوو بە راستی.

1- خودا بۆ ئەو باوك بوو.

2- دەسەلاتداری ئەو بۆ هەمیشە بەردەوان دەبی.

پاشایەتی یەهود

عیسا لە دایك بوو بۆ ئەوەی ببی بە پاشا. ئەو پیاوانەی کە بۆ پەرستشی هاتبوون, پرسیان: " ئەو تازە لە دایکبووە لە کوییە کە پاشای یەهوودە".

کاتی عیسا قۆلبەست کرا و بردرا بۆ لای پیلاتۆس, پیلاتۆس لیی پرسی: " ئایا تۆ پاشای یەهودی؟" عیسا وولامی دایەوە: " تۆ وادەلیی"

ئەم جۆرە لە قسەکردن لە ناو یەهودیەکان بە واتای ئەوەیە کە " بەلی بە دلنیایەوە من پاشام"

هەر بەو جۆرەی کە پیشتر بۆمتندەرکەووت عیسا دەگەریتەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی ببی بە پاشای یەهوود وە لە سەر تەختی داوود حوکمرانی بکا.

حوکمرانی جیهانی

کاتی عیسا دەگەریتەوە بە تەنیا نابیتە پاشای یەهود. ئەو حوکمرانی سەرانسەری دونیا دەکا.

خودا خۆی دەلیت: " ئیستا کاریکی گرنگتر لە هینانەوەو زیاندنەوەی ئیسرائیل بە تۆ دەسپیرم. تۆ ئەی خزمەتکاری من, بۆ نەتەوەکانی دونیا دەتکەم بە تیشك بۆ ئەوەی رزگاری من بۆ هەموو خەلکی جیهان بە دیاری ببە"

ئەی دااود چی؟

هەرچەندە داوود درکی بەوە کردبوو کە ئەم بەلینە, تا ماوەیەکی زەمەنی دریز بەدی نایە, بەلام ئەو زۆر سووپاسگوزاری خودا بوو. دەتوانین نزای سووپاسی ئەو لە دووەمی سموئیل بابی 17 , ئایەتی 18 بۆ 29 بخوینینەوە.

خودا گووتی: " ئەوە بزانە کە خیزانی تۆ بۆ هەمیشە دەمیننەوە وە لە حزووری مندا فەرمانرەوایی دەکەن.

پ32

کەواتە داوود دەیزانی لە کۆتاییدا رۆژگاریك کە کوری گەورەی ئەو (عیسای مەسیح) دەسەلاتی ئۆرشەلیم بگریتە دەست, ئەویش لە گەل مردووەکان هەلدەستیتەوەو لە هاوبەشی لە خۆشی پاشایەتیدا دەکا.

داوود زۆربەی کات لە بارەی ئەو بەلین یا پەیمانەی کە خودا لە گەلی بەستبوو بیری دەکردەوە و لە بارەی ئەمەوە لە مزامیر دەنووسی.

بۆ نموون, لە مزمور 89, ئایەتی 4-2 دەخوینینەوە:

" چونکە رەحمەتی تۆ بی کۆتایە وە وەفاداری تۆ وەکوو ئاسمانەکان پایەدارە. تۆ بەلینت بە خزمەتکاری هەلبزیرراووت داوود داوە کە تەختی پاشایەتی ئەو بۆ هەمیشە, نەوە دوای نەوە پایەدار دەکەی"

داوود هەروەها لە بارەی ئەمەوە لە مزمور 16 دەلیت: " چونکە گیانم لە جیهانی مردووەکان جی ناهیلی وە ليناگەریچی قەدیسی خۆت فەساد ببینی"

عیسا قەقیسی خودا بوو, وە ئو "فەساد"ی نەبینی. جەستەی ئەو نەرزا, چونکە دوای سە رۆژ خودا ئەوی لە مردن هەلساندەوە.

دورنما

پۆلس لە عبرانیان بابی 11 ئایەتی 39 و 40 پیمان دەلی: " هەموویان سەرەرای ئەوەی لە ئیمان شایەدی دۆابوون, بەلینیان نەدۆزیەوە. چوونکە خوداوەن شتیکی باشتری ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بی ئیمە کامڵ نەبن"

ئیستا ابراهیم و داوود و زۆربەی باوەردارەکانیتر مردن, بە ئاگاداربوون لەوەی کە لە رۆژی گەرانەوەی عیسای مەسیح, ئەوان دووبارە لە مردن رادەبن وە تەواوی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە عیساووە هەیە زیانی هەمیشەییان پی دەبەخشری و تەکمیل دەبی"

ئایەتیکی کلیلی

بینیمان کە عیسای مەسیح لە نەوەکانی ابراهیم و داوودە. یەکەمین ئایەتەکانی پەیمانی نوی بە ئەم رستانە دەست پی دەکەن: " شەجەرەنامەی عیسا مەسیح, کوری داوود, کوری ابراهیم"

تەنیا کاتیك دەتوانین لە پەیمانی نوی تی بگەین کە پەیمانی کۆنمان خویندبیتەوەو لیی تیگەیشتبین.

پووختە

1- خودا بەڵینی کوریکی بە داوود دا.

2- ئەم کورە هەمان کوری خودا بوو.

3- ئەو بۆ هەمیشە لە سەر تەختی حوکمرانی داوود, حوکمرانی دەکا.

4- ئەم کورە عیسا بوو.

-5

پ.33

" کاتی بچووکتر بووم نەمدەتوانی هەموو کاریك بکەم" چەند جار ئەم رستەیەمان بیستووە؟ وە چەندە راست بوون! ئیمە نابی تا گەیشتن بە تەمەنی 70 ساڵی خۆراگرین تا هیزیشمان لە دەست بدەین. تەنانەت لە تەمەنی مام ناوەندیش ناتوانین بەو خیراییەی کە گەنجیتی جووڵە یان بیر بکەینەوە و چالاکی بکەین.

ژیانی ئیمە لە ڕیرەوی پیربوون تیدەپەری وە ئیمە بی گومان دەزانین کە رۆژیك دی دەبی بمرین, تەنانەت ئەگەر نەمانەوی بیریشی لی بکەینەوە. ووشەکانی نووسەری مزامیر راستیان تیدایە کاتیك دەڵی: "تەمەنی ئیمە حەفتا سالە وە ئەگەر بەهیز بین, رەنگە ببی بە هەشتا سال. بەلام بە دریژایی ئەم ماوەیە, هیچ شتی بیجگە لە ئازار و مەینەتی بەر ئیمە ناکەوی. لە هەر ئانو ساتیك رەنگە تەمەنمان بە کۆتا بگات و بۆ دوونیایەکیتر لە شەقەی بال بدەین. "

هەموو مرۆظەکان دەمرن. راستی ئەوەیە کە تەنیا فەرمانی جیگیر لە بارەی ژیان ئەوەیە کە رۆژیك هەردەبی بمرین.

یەکەمین مرۆظ لە سەر زەوی

بۆ چی وەهایە کە هەموومان پیر دەبین و دواتر دەمرین؟ بۆ زانینی وولام, دەبی بگەڕیینەوە بۆ یەکەمین بەشی پەرتووکی پیرۆز وە بەبارەی یەکەمین ژن و پیاوی سەر رووی زەوی بخوینینەوە. خودا دونیای بە شیوەی جیگایەکی زۆر جوان و دڵگیر بۆ ژیانی ژن و پیاو ئافراند. ئەو سەرەتا گژوگیاو ئاژەلی ئافراند وە دواتر کە هەموو شتی ئامادە بوو, ئەو پیاوی درووست کرد.

لە پەیدابوون, بابی 2 ئایەتی 7 دەڵی کە: " ئەو کات خوداوەند لە خاکی زەوی مرۆظی خوڵقاند" جەستەی مرۆظ بە پسپۆریەکی سەرسوورهینەر شیوەی وەرگرت. دەتوانین جەستەیەکی بی گیان بینینە بەرچاو کە لە سەر زەوی کەوتووە. دواتر چی روویدا؟ خودا" لە لووتی ئەودا روحی ژیانی بەبەردا کرد وە مرۆظ بوو بە گیانیکی زیندوو"

مرۆظ دەستی بە هەناسەدان کرد. ئەو زیندوو بوو! ئەو دەیتوانی بینی, ببیستی, بیربکاتەوە وە هەست بکا. بی گومان مرۆظ سەرسورهینەرترین شت بوو کە خودا ئافراندبووی.

مرۆظ تەنیایە

پەیدابوون, با بی 2 ئایەتی 8: " لە دوای ئەوە خوداوەند لە سەرزەمینی عەدەن (بەهەشت) جیگرتوو لە شەرق, باغیکی بەدی هینا وە ئەو مرۆظەی کە درووستی کردبوو لەو باغەی دانا. "

پ 34

ئادەم (ئەو ناوەی کە خودا بۆ ئەکەم مرۆظ دیاریکردبوو) لە ناو باغەکە دەگەرا. لە لایەن خوداوە پیی گووترابوو کە ئەو دەتوانی لە هەر جۆرە میوەیەك کە حەزی لی بی بخوات, بیجگە لە یەك دار. کە بە " درەختی ناسینی باش و خراپ" دەناسرا. خودا ئاگاداری کردەووە. " ئەگەر لە میوەکەی بخۆی, دلّنیابە دەمری"

ئادەم ئاژەلەکانی تەنیا بۆ بۆ هاورییەتی هەبوو, ئەوان نەیاندەتوانی وەکوو ئەو بیر بکەنەوە. ئەو بە تەنیا مایەوە. وە خودا فەرمووی: " سایبستە نیە ئادەم بە تەنیا بمینیتەوە, دەبی هاودەمیکی گوونجاو بۆ ئەو بەدی بینم"

لە ئایەتەکانی 21 تا 23 دەخویننەوە کە چۆن خودا ئادەمی بردە خەوەوە وە یەکیك لە پەراسووەکانی دەرهینا وە پەراسووەکەی بۆ شیوەی ژنیك گۆری. کەسیك کە لە گەل ئادەم بی و هاوبەشی ژیانی بی.

ئادەم و حەوا پیشیلی فەرمانی خودایان کرد

ئیستا پەیدابوون بابی 3 ئایەتی 1 تا 13 بخویننەوە وە ببینن کە چۆن یەکەمین ژن واتا حەوا, بە گوی گرتن لە قسەی مار, پیشیلی فەرمانی خودای کرد. وە چۆن ئادەم لە فەرمانی خودا سەرپیچی کرد.

بە سەرچیچی کردن لە فەرمانی خودا ئەوان لە تاوان تیوەگلان وە هەر بەوجۆرە کە پیشتر بینیمان, پاداشی تاوان مەرگە. ئادەم و حەواش ئەوەیان دەزانی, چوونکە پیشتر خودا ئەوەی پی گووتبوون: " ئەگەر لەو میوەیە بخۆی بە دلنیایەوە دەمری"

سزادان

مارەکە لە بەر ئەوەی ببووە هۆی نانەوەی کیشە, سزا درا. ئادەم و حەوا بە مەرگ سزا دران وە لە باغی عەدەن دەرکران. هەرچەندە دوای ئەو رووداوە ئەوان بۆ ماوەیەکی زۆر ژیان, بەلام ئادەم و هاوسەرەکەی مردنیان بەدی هینا وە ئەوانیش ریك وەکوو مارەکە تووشی ماندوویتی, نەخۆشی, پیری و مەرگ بوون. ووتەی خودا یەکلاکەرەوە بوو " وە لە کۆتاییدا بۆ هەمان خاك دەگەرییەوە کە لیی وەرگیرای: چوونکە تۆ لە خاك بەدی هاتووی و بۆ خاکیش دەگەرییتەوە"

بیگوومان بیرتانە کە خودا چۆن ئادەمی خولّقاند. ئەو " وە لە ناو لووتی ئەو روحی ژیانی تیکرد وە ئادەم بوو بە نەفەسیکی زیندوو" (پەیدابوون, بابی2 ئایەتی 7). هەموو مرۆظەکان نەفسیکی زیندوون بەلام کاتیك لە هەناسەدان دەکەوون ژیانی ئەوان لە ناو دەچی وە دەبن بە "نەفسی مردوو".

هەر بەو جۆرە کە نووسەری پەرتووکی کۆمەڵگا دەڵی: " لە بەرئەوەی زیندووەکان دەزانن کە دەبی بمرن, بەلام مردووەکان هیچ نازانن ئەوان چیتر پاداشت وەرناگرن چونکە باسی ئەوان فەرامۆش دەکری هەروەها خۆشەویستی و نەفرەت و حەسوودی ئەوان, ئیستا نابوود بووە و چیتر تا ئەبەد هەرشتیك کە لە ژیر هەتاو دەکری نسیبی ئەوان نابی"

یان هەر بەوجۆرە کە ئیمە لە مزمور 146 ئایەتی 3 و 4 دەخوینینەوە "

تاوان و مەرگ لە جیهان

پۆلسی نیردراو یارمەتی ئیمە دەدا لە تیگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری ئەم بابەتە لە سەر ژیانی ئیمە. ئەو لە رۆمیان بابی 5 ئایەتی 12 دەڵیت: " کاتیك ئادەم تاوانی کرد, تاوانەکەی ئەو تەواوی نەوەی مرۆظی کرد وە بووە هۆی بلاوبوونەوەی مەرگ لە سەرانسەری دوونیا. لە ئاکامدا هەموو شتی تووشی رزین و خراپبوون بوو, چوونکە مرۆظەکان هەموو تاوانیان کرد

پ 35

ئادەم و حەوا تاوانبار بوون. ئیمە مندالانی ئەوانین وە لە ئەنجامدا ئیمەش تاوانبارین. سرووشتی ئیمە, سرووشتیکی پیسبوو بە تاوانە, یان هەر بەو جۆرە کە پۆلس دەڵی, ئیمە بە سرووشت " مندالانی سەرپیچیکار"ین... وەکوو باوکمان ئادەم تاوانمان کردووە وە وەکوو ئەویش دەمرین.

ئەمە خەتای ئیمە نیە کە سرووشتیکی پیسبوو بە تاوانمان هەیە وە بیگوومان ئەمە خەتای خوداش نیە. ئەمە خەتای ئادەم و چارەرەشی ئیمە بوو. زۆر نەزانین ئەگەر خودا بە خەتابار بزانین. لە جیاتی ئەوە دەبی سپاسی بکەین. دەبی سووپاسگووزاری ئەو بین کە چانسیکی دووبارەی بۆ ژیان بە ئیمە بەخشیەوە. شانسیك کە بە هیچ شیوەیەك شایانی نەبووین. وە ئیمە دەبی بە شیوەیەکی تایبەت سووپاسی بکەین چوونکە ئەو ریگای هەلاتن لە گیروگرفتی بیهیواکەری بە ئیمە نیشان داوە.

ئیمە بە خاتری لە دایکبوون بە سرووشتیکی پیسبوو بە تاوان, تاوانبار نین, بەلام ئەگەر لەو ریگای دەرچوونەی کە خودا بۆ ئیمەی پیشنیار کردووە, غافل ببین, شایانی لۆمەی زیاترین.

پ36

هۆگری بە خۆمان

پەرتووکی پیرۆز باسی ئو هۆگریە زیادەیە دەکا کە یۆناتان نیسبەت بە داوودی هاوڕیی هەیبوو: "لە هەمان رۆژدا لە دوای گفتوگۆی شائۆل لە گەڵ داوود, یۆناتان هۆگریەکی زۆری بەرامبەر داوود پەیدا کرد. بە رادەیەك کە ئوی بە قەدەر گیانی خۆی خۆش دەویست. "

هەموومان روح و گیانی خۆمان خۆش دەوی. پۆلس لە افسسیان, بابی 5 ئایەتی 29 دەلیت: " هیچ کەسیك هەرگیز رقی لە جەستەی خۆی نەبووە. بەڵکو خواردنی پی دەدا و گرنگی پی دەدا- واتا هەر ئەو کارەی کە مەسیح بۆ کەنیسا دەیکاگ

ئەگەر ئیمە گرنگی بە خۆمان نەدەین کە چی دەخین و چی دەخۆینەوە. زۆر زوو دەمرین.

درۆی مار

بەلام زۆریك لە ئیمە زۆر کەیفمان بە خۆمان دی. بەلی, ئیمە زۆر بیر لە خۆمان دەکەینەوە. ئەگەری هەیە هەر بەم هۆکارە بی کە بۆ مرۆظەکان باوەر کردن بەوەی کە دەمرن و وەکوو ئاژەلەکان لە ناو دەچن زۆر قوورسە. ئەوان بیرکردنەوە لەوەی کە لە دوای مەرگ بۆ جیگایەکی باشتر بۆ ژیان دەچن, هەڵدەبژیرن.

مار بە ئادەم و حەوای گووت: " بە دڵنیاییەوە نامرن"ِ! (پەیدابوون, بابی 3 ئایەتی 4). اما درۆ بوو بەڵام حەوا پیی باشتر بوو باوەر ئەم درۆیە بکا لە جیاتی ئەوەی بەو شتە متمانە بکا کە خودا گووتبووی.

مرۆظ هەموو کات باوەرکردن بە درۆی مارەکەی هەڵبژاردووە, وە چیرۆکی زۆری لەبارەی مردنەوە هەڵبەستووە, لە جیاتی ئەوەی باوەر بە قسەی خودا بکا: "تۆ لە خاك وەرگیراوی و بۆ ناو خاکیش دەگەرییەوە" (پەیدابوون بابی 3 ئایەتی 19).

وەکوو ئاژەڵەکان کە لە ناو دەچن.

فیرکاریەکانی پەرتووکی پیرۆز, زۆر سادە و روونن. بچن بۆ جامعە بابی 3 وە ئایەتی 19 بخویننەوە, " سەرەرای ئەوە, کۆتایی مرۆظ و حەیوان وەکوو یەکە, هەردووکیان گیانیان لە دەست دەدەن و دەمرن: کەواتە مرۆظ هیچ مەزنییەکی بەسەر حەیوانەوە نیە. هەموو شتیك پووچیە".

کاتیك ئیوە جەستەی حەیوانیکی مردوو دەبینن, بە بیرتان دا نایە, کە گرنگترین بەشی ئەو ئاژەڵە, بۆ ئاسمانەکان ڕۆشتووە. ئیوە دەزانن کە ئەم ئافرینراووەی کە کە رۆژیك لە ژیاندا بووە و هەناسەیداووە, هەرچەندەش جوان بووبی, ئیستا تەنیا جەستەیەکی بی گیانە وە ئەمەش ڕیك هاوشیوەی چارەنووسی مرۆظە. کاتیك مرۆظەکان دەمرن, تەواوی ئەو شتەی کە لە دوای خۆیان جیی دەهیڵن, جەستەی بی گیانیانە.

پ.37

سەرنجتان داووە بە ئایەتی 12 لە مزمور کە گووتی:

" بەلام مرۆظ لە حورمەتدا نامینیتەوە, بەڵکو وەگوو ئاژەڵەکان لە ناو دەچی"

وەکوو ئاژەڵەکان؟ بەڵی, نووسەر لەو بارەیەوە هیچ گوومانیکی بۆ نەهیشتووینەوە. هەروەکوو لە دریژەدا لە ئایەتی 14 دەڵی: " ئەوان وەکو ئەو مەرانەن کە بەرەو لەناوچوون دەرۆن".

بۆچوونیکی هەلە

خەڵکیکی زۆر باوەریان وایە کە کاتی مردن بەشیچك لە ئەوان دریزە بە زیان دەدا. ئەوان وابیردەکەونەوە کە مرۆظ " روحیکی هەمیشەیی" هەیەکە تا ئەبەد لە ئاسمان زیان بەسەر دەبا. بەڵام رووحەکان "هەمیشەیی" نینخودا لە ریگای پیغەمبەر حزقیال دەلی: " روحی هەمووان هی منە, کور و باوك هەردووك خاوەنداریتیان بۆ من دەگەریتەوە. تەنیا, هەرکەسی تاوان بکا, دەمریت"

بینیمان کە مەبەستی پەرتووکی پیرۆز لە مەرگ چیە؟ مەبەستی ئەو تەواوبوونی زیانە بە شیوەیەکی تەواو, کەواتە هزر و جەستە ویران دەبی و دەگەریتەوە بۆ خاك.

کلاورۆژنەیەك لە هیوا

ئەگەری هەی ئیوە هەست بکەن کە پەرتووکی پیرۆز دابخەن, یان ئەم لاپەرەیە فریبدەن. بەلام کەمیك خۆراگرن, پەرتووکی پیرۆز قسەی خودایە. وە هەر شتیچ کە دەڵی راستیە. دەبی زۆر نەزان بین کاتی لە باوەر کردن بە راستی خۆمان بدزینەوە, تەنها لەبەرئەوەی کە بەدڵی ئیمە نیە.

هەر ئەو پەرتووکە پیرۆزەی کە راستی مەرگمان فیر دەکا, ئیمە لە هیوایەك بەرزتر لە قەبر ئاگادار دەکاتەوە. ئومید بە هەڵسانەوە. عیسای مەسیح, بە هەڵسانەوە لە مردووەکان, بە هەمان جەستە گەرایەوە بۆ زیان. وە رۆزیك دادیت ئەو کەسانەی باوەریان بە مەسیح هیناووە و هی ئەوەن وەکوو ئەو لە گۆرەکان هەڵدەستینرینەوە.

جەهەننەم لە کوییە؟

پەرتووکی پیرۆز پیمان دەلی: " ئاسمانەکان هی خودان, بەلام ئەو زەوی بە مرۆظ بەخشی." (مزمور 115, ئایەتی 16). دەزانین کە ئاسمان نشینگەی خودایە وە ئەو زەوی وەکوو ماڵیك بۆ مرۆظەکان درووست کردووە. بەلام جەهەننەم چیە؟ لە کوییە و چ کەسانیچکی لییە؟

بەر لەمە دەمانزانی کە کاتی مرۆظ دەمری. بۆ خاکی زەوی دەگەڕیتەوە. ئەو چیتر ناتوانی بیربکاتەوە یان هەستی هەبی.ئەو وەکوو ئەو حەشەرەی کە لە ناو پەنجەکانتان فلیقاوەتەوە, هیچ زیانیکی نیە.

هەندی لە خەلکی وا هزر دەکەن کاتی مرۆظە تاوانبار و شەرانیەکان دەمرن, بۆ سزادان بۆ شوینیك دەنیردرین کە ناوی "جەهەنم"ە بەلام ریگە بدەن بزانین پەرتووکی پیرۆز لەم بارەیەوە چی دەلّی.

پەیمانی کۆن سەرەتا بە زمانی عیبری نووسراوەوە دواتر بۆ ئینگلیزی وەرگیردراووە. ووشەی عیبری "شیئول" بە واتای "شوینیکی سەرداپۆشراو" دیت وە ئەوە هەمان ووشەیە کە 31 جار بە ناوی جەهەننەم (HELL) وەرگیردراووە. شوینی سەرداپۆشراو بە واتای گۆر دیت وە جیی سەرنجە کە وەرگیریش 31 جار تەواو ووشەی گۆری بۆ واتای ووشەی شیئول داناوە. جەهەننەم (HELL) وە گۆر (grave) یەك ووشە و یەك شوینن.

دونیای مردووەکان (جەهەننەم)

هەر بەو جۆرەی کە پەیمانی کۆن بۆ یەکەمجار بە زمانی عیبری نووسرا, پەیمانی نویش بۆ یەکەمجار بە زمانی یۆنانی نووسرا. " دوونیای مردوەکان" (Hades) ووشەیەکی یۆنانیە بۆ جەهەننەم (HELL), وە ئەمە ریك بە واتای ووشەی عیبری "شیئول (sheol)ە.

هەربەوجۆرەی لە بارەی عیسا دەخوینینەوە: " چوونکە نەفسی من لە جیهانی مردووەکان نابینیەوە". (اعمال, بابی2, ئایەتی12)

عیسا بۆ دوونیای مردووەکان بە واتایەکیتر, بۆ (گۆر) چوو, بەلام لەویدا نەمایەوە. ئەو لە مردن هەلّسایەوە.

بەلام ئەی ئاگری جەهەننەم چیە؟

لە مەرقس بابی 9 دەخوینینەوە: " کەواتە هەرکاتیك دەستت تۆ بخلیسکینی, دەستت ببرەوە, لەبەرئەوەی باشترە بە کەمئەندامی بچیە ناو ژیان لەوەی کە بە هەردوو دەستەوە بچیە جەهەننەم, بچیە ناو ئاگریك کە هیچ کات ناکووژیتەوە"

ووشەیەکیتر بۆ جەهەننەم لەو ئایەتەدا لە زمانی یۆنانیدا هەیە کە ناوی جیهیننایە

جیهینا ناوی شوینیکە لە دەرەوەی ئۆرشەلیم. جیچگایەکە کە لای یەهودیەکان زۆر ناسراووە. ئەمە شوینیچك بوو کە زبلّ و خاشاکی شاریان تیدا دەسووتاند. لە سەردەمی گەمارۆ و جەنگیش, لاشەی مردووەکانیش بۆ سووتاندن هەلّدەدرانە ناو جیهینا. ئەمە شوینیکی ویران بوو, کەواتە لە جەهەننەم (جیهینا) هاویشتن بە واتای بە تەواوی لە ناوبردن دی.

عیسا مرۆظەکانی لە جیابوونەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە ئەوان لە خودا دوور دەکاتەوە, ئاگادار کردۆتەووە, بۆ ئەوەی ئەوان لە مەرگی هەمیشەیی دوور بخاتەوە.

پ.39

ووشەی " هەڵسانەوە" بە واتای گەرانەوەی دووبارە بۆ ژیان دی. ئەم رووداوە دەبی سەرسوورهینەرترین رووداوی جیهان بی, کاتیك عیسا سی رۆژ دوای مردنی لە گۆر هاتەدەر.

کاتی قووتابیەکانی ئەویان بینی, نەیاندەتوانی باوەر بەو شتە بکەن کە چاوەکانیان دەیبینی.

" سەیری دەستەکان و قچەکانی من بکەن, ئەوە خۆمم, دەست لە من بدەن و ببینن, تارمایی وەککو من گۆشت و ئیسقانی نیە. ئەمەی گووت و دەست و قاچەکانی خۆی نیشانی ئەواندا. لەوپەری شادی و سەرسوورمان نەیاندەتوانی باوەر بەو شتانە بکەن. ئەوجا عیسا لیی پرسین: ئایا لیرە خۆراکتان پییە؟ یەك پارچە ماسی برژاویان بۆ برد. ماسەکەی هەڵگرت و لە بەرچاوی ئەوان خواردی." (لوقا بابی 24, ئایەتی 39 تا 43).

لە کۆتاییدا ئەوان باوەریان کرد کە ئەو بە راستی دووبارە زیندوو بۆتەوە. خودا ژیانی هەمیشەیی بەو بەخشیبوو. لەبارەی ووتەی مەسیح لە مکاشفە, بابی 1 ئایەتی 18 دەخوینینەوە: " ئیستا تا هەتایی زیندووم".

عیسا شوینکەتووانی هەڵدەستینیتەوە

عیسا قووتابیەکانی فیرکرد کە ئەوانیش لە مردن هەڵدەستنەوە. دووبارە سەرنج لەو ئاەتە بدەن کە باسمان کرد. عیسا گووتی: " من زیندوو بووم وە مردم وە ئیستا بۆ هەمیشە زیندووم وە کلیلەکانی مەرگ و جیهانی مردووەکان (یان گۆر) لە دەستم دایە.

ئەگەر ئیوە کلیلی دەرگایەکتان لابی, واتای وایە ئیوە دەتوانن ئەو درگایە بکەنەوە. عیسا کلیلی قەبرەکانی لایە. هەربۆیە ئەو دەڵیت کە هیزی کردنەوەی قەبرەکان و ئەو کەسانەی تییاندا نیژراوون لای ئەوە.

ئەم هیزە لە لایەن خوداوە بە ئەو دراووە. لە ئینجیلی یوخەننا, بابی 5 ئایەتی 20-29 ئەممە بخوینەوە. سەرنجی زیاتر لە ئایەتی 21 بدەن کە دەڵیت: " لەبەر ئەوەی هەر بەوجۆرەی باوك مردووەکان زیندوو دەکاتەوە وە ژیانیان پی دەبەخشیت, کوریش هەرکەسیك حەزی لی بی ز یندووی دەکاتەوە.

زیندوو کردنەوە واتا بەخشینی ژیان, وە خودا هیزی ژیان بخشین بە زنان و پیاوانی داوە بە عیسا.

پ.40

هیوایەکی هاوبەش بۆ باوەرداران

مرۆظەکان لە سەردەمی جیاواز, بە هیوای رۆژی هەڵسانەوە (زیندووبوونەوە) کۆچی دواییان کرد. پۆلس لەم بارەیەوە دەڵێت: " تەواوی ئەو کەسانەی بە باوەرەوە مردن, بە بی ئەوەی ببن بە خاوەنی بەرەکەتی بەڵین دراو, بەلام بەدیهاتنی بەلینەکانیان لە دوورەوە بینیوەو بە دلخۆشیەوە لە چاوەروانیدابوون. وە باوەریان بەو راستیە هیناوە کە لەم جیهانەدا غەریب و بیگانەن".

لە دریزەدا ئەو دیسان لە بارەی ئەم مرۆظانەوە دەڵی: " سەرەرای ئەوەی ئەوان بە هۆی باوەرەکەیان بە ناوبانگ بوون بەلام بەلینەکانی خودا بۆ بۆ هیچ کام لەوان بە تەواوی بە ئەنجام نەگەیەنرابوو. چوونکە خودا نەخشەی (پلان) باشتری بۆ ئیمە هەبوو وە ئەویش ئەوە بوو ئەوان بە بی ئیمە بە کامڵی نەگەن".

لەم ئایەتەوە بۆمان دەردەکەوی کە دیاری زانی هەمیشەیی (بەردەوام) لە سەردەمیکی دیاریکراو, بە نسیبی باوەردارانی راستەقینە دەبی. مەسیحیەکانی سەرەتاکانیش باوەریان بەم زەمەنە دیاریکراووە هەبوو.

کاتیك یەکیکیان دەمرد, ئەوان وەکوو "نووستوو" باسیان دەکرد چونکە وەکوو کەسیکە کە دوای خەتن لە خەو رادەبی, ئەو نیردراووەش لە مردن هەڵدەستیتەوە لە بابی 15 لە سەرتای قەرنتیان کە پۆلس لەبارەی 500 کەس لە شوینکەوتوان کە دوای هەلسانەوەی مەسیح, ئەویان بینیووە گووتی: " هەندیك لە ئەوان خەوتوون (مردوون)" ئایەتی 6

هەڵسانەوە (زیندووبوونەوە) کەی روودەدا؟

نزیکەی 2000 سال لە زیندووبوونەوەی (هەلسانەی) عیسا تیدەپەری, چ زەمەنیك بریارە کە ئەو " مردووە باوەردارەکان" هەڵسینیتەوە؟ پۆڵسی نیردراو وولامی ئەم پرسیارەکان دەداتەوە. ئەو لە سەرەتای قرنتیان بابی 15 دەڵی: " هەر بەو جۆرە کە هەموو مرۆظەکان بە هۆی پەیوەندیان بە ئادەمەوە دەمرن, تەواوی ئەو کەسانەی کە لە گەل مەسیح هاوپەیمانن زیندوو دەبنەوە. بەلام هەر کەسیك بە سەرەی خۆی زیندوو دەبیتەوە: سەرەتا مەسیح خۆی وە دواتر لە کاتی هاتنی ئەو, ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە ئەوەوە هەیە, زیندوو دەبنەوە". (ئایەتی 22-23)

بە لەمە ئەوەمان بینی کە عیسای مەسیح دەگەریتەوەو پاشایەتی خودا لە سەرانسەری زەوی بەرقەرار دەکا. کاتی ئەو دەگەریتەوە بۆ ئەوەی ئەم کارانە ئەنجام بدا, مردووەکان هەڵدەستینیتەوە. دواتر زیانی نەبراووە بە باوەرداران دەبەخشری وە ئەوان بە خزمەتکردن بە دەسەلاتداری عیسا لە سەر زەوی خۆشحال دەبن. هەر بەو جۆرەی کە لە مکاشەفە, بابی 5 ئایاتی 9-10 لە بارەی گۆرانی ئەوان لەو رۆژانەدا دەخوینینەوە. "شایانی وەرگرتنی پەرتووکی پیرۆز و کردنەوەی مۆرەکانیت. زوونکە بوویتە قووربانی وە بە خوینی خۆت خەلکت لە هەر هۆز و زمان و نەتەوەو گەلیك بۆ خودا کریەوە. وە ئەوانت بۆ خودای ئیمە پاشاکان و کۆنە سازکرد وە لە سەر زەوی حوکمداری دەکەن"

هەندیك لە سەردەمی هاتنی عیسا زیندوون

ئەو کەسانەی کە لە کاتی گەرانەوەی عیسا زیندوون, چیان لیدی؟ عیسا گووتی کاتیك کە دیتِ: " فریشتەکانی خۆی دەنیری بۆ ئەوەی هەڵبزیچرراوانی خودا لە چوار گۆشەی جیهان وە کەشکەشانی فەلەك کۆ بکەنەوە. "

لە سەرتای تسالونیکیان بابی 4 ئایەتی 14 بۆ 17 پۆلس هەندی زیاتر باسی ئەوەمان بۆ دەکا, ئو دەڵیت: "ئەگەر ئیمە باوەرمان وابی عیسا مرد و دووبارە زیندوو بووەوە, هەروەها باوەرمان بەوەبە کە خودا ئەوانەش کە باوەریان بە عیسا هیناوە مردوون لە گەڵ عیسا دووبارە دەگەرینیتەوە"

هەر بەو هۆیەوەیە کە کە لە ریگای کەلامی خوداوە پیتان دەلیم کە ئەو کەسانەی کە لە کاتی گەرانەوەی خوداوەند زیندوون, جیگای ئەو کەسانە ناگرن کە خەوتوون.

پ41.

" لە هەمان کاتدا کە دەنگی فەرمانی خودا وە دەنگی سەرۆکی فریشتەکان وە بانگی خوداوەند دەبیستری, خودی خوداوەند لە ئاسمانەوە دیتە خوار وە سەرتا ئەو کەسانەی کە بە باەربوون بە مەسیحەوە مردوون, هەڵدەستنەوە وە دواتر ئەو کەسانەی کە لە نیوان ئیمە زیندوو دەمیننەوە هاوری لە گەل ئەوان بۆ ناو هەورەکان دەبردرینە سەرەوە بۆ ئەوەی لە ناو هەورەکان بە دیداری خودا بگەن وە ئەو جۆرە ئیمە بۆ هەمیشە لە گەل خوداوەند دەمینینەوە. "

مردووەکان هەڵدەستینرینەوەو زیندوو دەکرینەوە وە هەموو لە تەك یەکتردا کۆ دەبنەوە وە لە بەرامبەر خوداوەند عیسا ئامادە دەبن. بەر لە وەی کە ئەو ژیانی هەمیشەییان پی ببەخشی, دەبی دادوەری ئەنجم بدری, بەلام ئیوە لە بارەی ئەم بابەتە لە داهاتوو وانەی زیاتر دەخوینن.

دووبارە سەرتای قەرنتیان, بابی 15, ئایەتی 51-58 بخوینەوە. لیرەدا نیردراو لە بارەی سەردەمیك دەدوی کە بە باوەردارانی مەسیحی, ژیانی هەمیشەیی, یان هەتاهەتایی دەبەخشری.

پۆلسی نیردراو پیمان دەلی: " کەواتە ئەی هاورییانی خۆشەویستم, لەسەرپی و خۆراگر بن هەموو کات خەریکی کارو خزمەت بە خوداوەند بن: چونکە ئەو راستیە دەزانن کە تیکۆشانەکانی ئیوە لە خزمەت کردن بەو بی ئاکام نابن".



ئەو بە حیکمەتیك (زانایی)یك کە خودا پیی بەخشیووە, دادوەری دەکا. لە اشعیا بابی 11, ئاەتی 3 و 4 دەخوینینەوە: " وە خۆشی ئەو لە ترسی خوداوەندا دەبیت وە راستەوانەی دیدی چاوی خۆی دادوەری ناکا وە لە سەر پیوەی بیستنی گویکانی خۆی سزا نادا بەڵکو هەژاران بە دادپەروەری دادوەری دەکا وە بە ئارستەی ستەملیکراوانی زەوی بە راستی حوکم دەکا."

مرۆظەکان تەنیا دەتوانن لەبارەی خەلکانیتر بە پیی بینین و بیستنەکانی خۆیان دادوەری بکەن, بەلام خوداوند عیسا لە دلی مرۆظەکان ئاگادار بوەو لە دادوەری ئەو هیچ هەلەیەك روونادا.

جیگاکانی دادوەری هی کییە؟

ئەو تاقمە لەو کەسانەی کە جوانی خودایان قبولکردوە و پاکیان لە مەسیح وەرگرتووە لە بەردەم مەسیح کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی مەسیح دادوەریان بکا. بەلام تەنیا ئەوان نین کە لە بەردەم مەسیح بۆ دادوەری کردن ئامادە دەبن بەڵکو مرۆظی بە ئیمانی سەردەمی پەیمانی کۆنیش بوونیان دەبی. بیجگە لەوانە مرۆظی بی باوەریش بوونیان دەبی کە دەبی دادوەری بکرین لە عیبریان بابی 10 ئایەتی 26 و 27 دەخوینینەوە: " ئەگەر ئیمە لە دوای ناسینی تەواوەتی راستی, بە ئەنقەست دریژە بە تاوانەکانی خۆمان بدەین, چیتر هیچ قوربانیەك بۆ تاوانەکانی ئیمە نامینیتەوە! بەڵکو تەنیا دیمەنی ترسناکی رۆژی دادوەری وە تورەیی کووشندەی خودا کە دووزمنانی خودا دەسووتینی, چاوەروانمان دەکا".

ئەو کەسانەی کە هەرگیز خودای راستەقینەو و عیسای کوریان نەناسی, بۆ دادگەری هەلناسینرینەوە. بی گوومان ئایەتی 19-2- ی مزموری 49 تان لە بیرە کە باس لە پیاویك دەکا کە: " لە کۆتاییدا بۆ ئەو جیگایەی کە باوانی رۆشتوون, ئەویش دەروات وە لە تاریکایی هەمیشەیی نیشتەجی دەبی. بەلی مرۆظ سەرەرای بوونی پر بەرەکەت و شکۆی, لە کۆتاییدا وەکوو ئاژەل دەمری".

(ئەگەر اشعیا بابی 26, ئایەتی 13-14 بخویننەوە دەبینن کە فیرکاریەکی هاوشیوەی ئەمەی داوە).

ئەو کەسانەی کە قبول ناکرین چیان بە سەر دی؟

بینیمان کە ئەو کەسانەی بۆ دادوەری بۆ لای عیسا دین بە سەر دوو تاقمدا دابەش دەبن. مەسیح هەندیکیان قبول دەکا وە هەندیکیتریان رەت دەکاتەوە. ئەو بەو کەسانەی کە قبولی کردون ژیانی هەمیشەیی دەبەخشی. بەلام چی بەسەر ئەوانەدا دی کە رەتی کردوونەوە؟ سزای ئەوان چی دەبی؟

ئیمە هەموو ووردەکاریەکانی سزادانی ئەوان نازانین, بەلام هەندیکیان بە تەواوی دیاری کراوون. ئەوان سەرەتا تیدەگەن کە چەندە نەزان بوون. وە تیدەگەن کە لە ناو چوون وە ئەمەش دەبیتە هۆی ئیش و رەنجی هزریان. عیسا لەبارەیانەوە گووتی: " ئەوکات کە دەبینن ابراهیم و ئیسحاق و یەعقوب و سەرجەم پیغەمبەرەکانی خودا لە مەلەکەتی خودان وە خۆتان لە دەرەوە ماونەوە لە تاو نارەحەتی دەگریەن و لیوەکانتان گاز دەگرن".

لە کۆتاییدا ئەوان بە شیوەیەکی گشتی لە ناو دەچن. عیسا دادوەری بە جرونەوەی بەروبووم دەشووبهینی کە دانەویلە باشەکان لە خراپەکان جیادەکرینەوەو بە باشی پاریزگاریان لی دەکری. بەلام لە ئاگریکی گەورەدا کە لایەن جووتیارەکەوە کراوەتەوە بە تەواوەتی لە ناو دەبرین.

پۆلس هاوشیوەی ئەوەمان بە شیوەیەکی زۆر سادە بۆ باس دەکا.

" وە بە ئیوە کە رەنج و ئازار دەبینن وە هەروەها بە ئیمە ئاسوودەیی دەبەخشی. ئەو کارە لە رۆژیکدا دەکری کە عیسا لە ئاسمانەوە لە گەڵ فریشتە بە تواناکانی خۆی لە ئاگریکی بلیسەدار دیتەدەر وە بە ئەوانەی کە خودا ناناسن وە ئینجیلی خوداوەندی ئیمە, عیسا رەد دەکەنەوە.



سزایان دەدا. ئەوان بە لە ناوچوونی هەمیشەیی وە دووری لە بینینی خوداوەند وە بی بەش بوون لە شکۆی هیزی ئەو یزا دەدرین.

خۆشەویستی یان ترس

هەندی جەستەوازە هەن کە گەرمکیانە ووریایی بە ئیمە بدەن کە سەبارەت بە حوکمدان لەبارەی خەڵکانیتر لە خۆمان دڵنیا نەبین. لە کاتیکدا لە بەشەکانیتری پەرتووکەکە هانی ئەوەمان دەدا کە لیوانلیو بین لە باوەر دلنیایی. هیچ دژیەکیەك لەم نیوانەدا نیە, ئیمە نابی لە خۆمان دلنیا بین بەڵکو دەبی متمانەیەکی بی کۆتامان بە هیزی رزگارکەری خودا هەبی.

هەرچەندە ئەگەری هەیە بە ترسان لە خودا دەست پی بکەین بەلام بە تیپەرینی کات خۆشەویستی و باوەربوون بەو فیردەبین. وە هەر بەو جۆرە کە یوحەننا دەلی: " بەم شیوەیە خۆشەویستی لە ئیمەدا کامڵ بووە, بۆ ئەوەی لە رۆژی دادگەری باوەرمان هەبی چوونکە ژیانی ئیمە وەکوو ژیانی ئەوە لەم جیهانەدا".

"له خۆشەویستیدا ترس بوونی نیە بەڵکو خۆشەویستی کامل تری دوور دەخاتەوە"

پ45

کاتی عیسا لای باوکی خۆی نزایکرد, ئەم ووشانەی گووت: " ئەمەیە زیانی نەبراووە کە ئەوان تۆ بە خوای تاقانەی راستەقینە وە عیسای مەسیح کە نیردراوی تۆیە بناسن."

بەم پییە دەبی خودای باوك وە كوری ئەو, عیسای مەسیح بناسین. هەبوونی زیانی نەبراووە , پەیوەندی بە زانینی ئەو بابەتەوە هەیە.

چیتر چۆن دەتوانین بە خویندنەوەی پەرتووكی پیرۆز , لە بارەی خودا وە عیسای مەسیح شت فیر ببین؟ بۆ ئیمە مەحالە کە هەموو شتی لە بارەی خوداووە بزانین, مەگەر بە خویندنەوەی پەیامیك کە ئەو بۆی ناردووین.

خودا دەفەرمووی " بۆچوونەکانی من بۆچوونی ئیوە نیە, وە نە شیوازەکانی من شیوازی ئیوەیە. هەر بەو قەبارەیە کە کە ئاسمانەکان لە زەوی بەرزترن, هەر بەو قەبارەیەش بۆچوونەکانی من لە هی ئیوە بەرزترە"

تەنها یەك خودا هەی کە دەبی بە باوکی هەمووان.

چ شتێك لە بارەی خوداوە دەتوانین لە پەرتووكی پیرۆز فێرببین؟ پۆلسی نێردراو لە تیموتایۆس لە بارەی ئەوەوە دەنووسی: " ئەو حومڕانە پیرۆزە تاقانەیە كە پاشای پاشاكان وە خوداوەندی خوداوەندەكانە ئەمە ئاشكرا دەكا. ئەو تاقانەیە كە زاتێكی لە ناونەچووەو وە لە ناو نورێك نیشتەجێیە كە مەحاڵە كەسێك بتوانی لیی نزیك ببێتەوە وە هیچ كەس هەرگیز ئەوی نەبینیوەو ناتوانی ببینێ"

ئەگەر پەرتووكی پیرۆز تەنیا دەربارەی هێز و پیرۆزی خودا قسەی كردبێ, بێ گومان ئیمە دەبێ لیی بترسین, وە خۆشویستن و هۆگریمان بۆ ئو بۆمان قوورس دەبێ بەڵام خودا نیشانی ئێمەی داوە كە ئەو بێجگە لەوە, دلۆظان و بەخشندەشە.

رۆژگارێك كە موسی لە بیابان بەنی ئیسرائیلی هیدایەت دەكرد , لە وەستان بەرامبەر ئاریشەكان دڵسارد بووەوەو بەرەو خودا نزای كرد و گووتی: " تكات لی دەكەم شكۆی خۆتم نیشان بدەی"

لەم بارەیەو لە پەرتووكی كۆچ بابی 33 ئایەتی 17-23 وە دواتر لە بابی 34 , ئایەتی 6-7 دەتوانین بخوینینەوە كە خودا بەو ووشانە خۆی بۆ موسا ئاشكرا دەكا: "من خوداوەند, خودای بەخشندە و میهرەبان درەنگ تورەبوو و لیوانلیو لە چاكەی نەبراوەو وەفاداریم"

كاتێك بیر لە باشی و میهرەبانی خودا دەكەینەوە بە باشی دەتوانین ئەوە بلێین كە " ئەی گیانی من خوداوەند بە پیرۆز ناوببێنە ! وە هەرچی لە ناخی مندایە ناوی پیرۆزی ئەو بە موبارەكی دێنی."

پ46.

كوری خودا

رێك هەر لە سەرەتای بوونەوە پلانی خودا ئەوە بووە كە كوری خۆی وەكوو رزگاركەر بۆ ئیمە بنێری. پیشگۆیی زۆر لە بارەی عیسا لە پەیمانی كۆن بوونی هەیە. بۆ نموونە لە ئەشعیا بابی 7 ئایەتی 14 دەخوینینەوە: " پاكیزەی سكپڕ كوریك دینیتە دوونیاوە كە ناوی عیمانوئیل دەبی"

عیمانوئیل واتا "خودا لە گەڵ ئیمە" وە خودا لیرەدا ئەو ئومیدەمان پی دەبەخشی كە كوری خۆی دەنیری هەربەو جۆرە كە پۆلس دەلی: " بەلام كاتی زەمەنی دیاریكراو گەیشت, خودا مندالەكەی خۆی كە لە زنیك

بەر لە لە دایكبوونی ئەو, فریشتەیەك بە دایكی گووت: " روحی پیرۆز دیتە لای تو وە هیزی خودای بە توانا لە سەر تو سیبەر دەكا وە بەو هۆیەوە ئەو منداڵە پیرۆزە بە كوری خودا ناو دەنریت."

بەرلەوەی عیسا ئەركی ووریاكردنەوەی دەست پی بكا, لە روباری ئەردن پاككرایەوە. هەر لەو سەردەمەدا, خودا روحی پیرۆزی بەو بەخشی كە بە واتای خاوەنداریتی هیزیكی بی سنوور دی. وە خودا پیی گووت: " تۆ كوری خۆشەویستی منیت, من لە تۆ رازیم

سرووشتی مەسیح

لەبەر ئەوەی عیسا لە زنیك هاتوتە دوونیاوە, ئەو سرووشتیكی بە تەواوی هاوشیوەی ئیمەی هەبوو. لە عیبرانیان بابی 2, ئایەتی 17 دەخوینینەوە: " لەم رووەوە دەبوو لە هەر فەرمانیك دەبوو هاوشیوەی براكانی خۆی بی بۆ ئەوەی لە فەرمانەكانی خودا سەرۆكیكی كۆنی دڵسۆز و دەستپاك بی, كەفارەتی تانەكانی نەتەوەكی بدا"

ئەڵبەتە عیسا بەر لە هەڵسانەوە ریك وەكوو ئیمە بوو, بەلام لە دوای ئەوە جەستەیەكی بەهیز و لەناونەچوویان پیدا, بە هۆی ئەوەی عیسا كوری خودا بوو ئە كەسایەتیەكی كامڵی هەبوو سەرەرای ئەوەش هەڵگری لاوازی سرووشتی مرۆظی بوو.

بۆچوونیكی هەڵە

زۆربەی خەڵك لە رینماییەكانی پەرتووكی پیرۆز لە بارەی خوداوە بی ئاگا بوون. لە ئەنجامدا ئەوان روویان لە باوەركردن بە شتیك كرد كە ناویان لینا(سی كووچكە). ئەوان دەڵین خودا پیكهاتەیەكە لە سی كەسایەتی, باوك, كوڕ و روحی پیرۆز وە هەمموان یەكسانن.

ووشەی سی كووچكە وە دەستەوازەی "خودای كور" لە پەرتووكی پیرۆزدا بوونیان نیە. لە راستیدا ئەم بۆچوونە بە شیوەیەكی گشتی لە گەڵ رینمایەكانی پەرتووكی پیرۆز دز یەكن. بەم شیوەیەش, كوریك هیچ كات ناتوانی لە گەل باوكی خۆی یەكسان بی. كەواتە عیسا هەرگیز نەیدەتوانی لە گەل خودا یەكسان بی. ئەو هیچ كات بانگەشەی یەكسانی نەكرد بەڵكو هەمموو كات دووپاتی دەكردەوە كە هەمموو شتیك لە زیر دەستی باوكیەتی. ئەو گووتی: " دڵنیا بن كە كور لە خۆیەوە ناتوانی كاریك بكات مەگەر ئەو شتەی كە دەبینی باوك دەیكا, هەر شتیك كە باوك دەیكا, كوریش دەیكا"

ئەو راستە كە عیسا یەك جار ووتی: " من و باوك یەك شتین" (یوحەنا, بابی 10 ئایەتی 30) ئیمەش دەتوانین لە یەك بوون لە گەل ئەو قسە بكەین وە بانگەشەی ئەوە بكەین كە لە گەل ئەو یەكیكین, بەو مەرجەی لە گەل ئەو بە تەواوی هاوراین.

پ47

لەم رستەیەدا, عیسا لە گەل قوتابیەكانی خۆشی یەك بوو: گ بۆ ئەوەی هەمموویان یەكیك بن هەر بەو جۆرە كە تۆ ئەی باوك لە من دای وە منیش لە ناو تۆ وە ئەوانیش لە ناو ئیچمەدا یەكیك بن وە بۆ ئەوی دونیا باوەر بینیت كە تۆ منت ناردووە"

گەرینەوە سەرتای قرنتیان بابی 15, ئایەتی 24-28. سەرنجی زیاتر بدەنە ئایەتی 28: " لە كۆتاییدا كاتیك مەسیح بە سەر تەواوی دووزمنانی سەركەوت, ئەوكات خودی ئەو كە مندالی خودایە, خۆی دەخاتە زیر فەرمانی باوكی بۆ ئەوەی كە خودا ئەوی بە سەر هەمموو شتیكدا موسەیتەر كردووە, ببی بە فەرمانرەوای تەواوی كەون"

ئەم ئایەتە پیمان دەڵی كە تەنانەت لە دوای 1000 سال لە حوكمرانی ئەو (عیسا) لە سەر زەوی, عیسا دەچیتە زیر فەرمانی خودا وە خودا بە تەنیایی دەبی بە حوكمرانی تەواوی دونیا.

بیرۆكەی سی كوچكە لە كویوە شیوەی گرت؟

مەسیحیەكانی سەرەتا باوەریان بە سی كوچكە نەبوو. ئەوان باوەر و ئیمانیان بە رینمایەكانی پەرتووكی پیرۆز بوو كە " یەك خودا بوونی هەیە وە یەك پەیوەندی دەر لە نیوان خودا و مرۆظ یەعنی عیسای مەسیح.

تا 300 سال لە دوای لە دایكبوونی مەسیح وەها باوەریك لە ناو مەسیحیەكان بوونی نەبوو وە باوەر بە "سی كوچكە" بەر لەوە بوونی نەبوو. وە ئەم باوەرە لە یەر بنەمای پەرتووكی پیرۆز بووناید نەنرا, بەڵكو بە هۆی بیروبۆچوونەكانی یۆنانی كۆن كە لەبارەی خودای راستەقینە هیچیان نەدەزانی , شیوەی وەرگرت.

بیروباوەری راستەقینەی مەسیحیەكانی سەرەتا

له "باوەری نیردراوان" کە نزیکەی 100 سال دوای چوونی عیسا بۆ ئاسمان تۆمار کرا لە بارەی باوەری مەسیحیەکانی سەرەتا دەخوینینەوە: " من باوەری تەواوم بە خودای بە توانا هەیە, بەدیهینەری ئاسمان و زەوی وە تەنیا کوری ئەو عیسای مەسیح کە لە لایەن روحی پیرۆز, لە مەریەمی پاکیزەوە هاتە دوونیا"

پ48

هیزیك کە شایانی پیوان نیە

" سەرەتا خودا ئاسمان و زەوی ئافراند" بیهیننە پیش چاوتان بۆ دروستکردنی مالیك چەندە دەبی ئیش بکەین. بیر لە تەواوی بەرنامەریزی و هاوئاهەنگیە پیویستەکان بکەن. پیویستی بە کریکار و خەڵکی بەهرەدار لە بواری جیاواز, کە دەبی هەموو لە پاڵ یەکتردا ئیش بکەن. ببینن کە چەندە بیر و ووزە سەرف دەکات! ئەی کەواتە بۆ خولقاندنی ئاسمان و زەوی چەندە بیر و ووزە دەبی خرابیتە کار؟ هیزی ئەنجامدانی وەها کاریکی مەزن لە کویوە هات؟ لە مزامیر پیمان گووتراوە: " بە ووتەی خودا ئاسمانەکان درووست کرا وە تەواوی جنەکان بە نەفخی دەمی ئەو ... بە کەلامی ئەو دونیا دروست کرا وە بە ئەمری ئەو چیان هاتە بوون"

روحی خودا

هیزی خودا, کە بۆ بەدی هینانی ئامانجەکانی ئەو بە کار دەهینری. لە پەرتووکی پیرۆز بە " روحی خودا" ناودەهینری. لە پەیدابوون, بابی 1, ئایەتی 2 دەخوینینەوە: " روحی خودا لە یەر ئاوەکان دەجووڵیت"

هیزی خودا بۆ هیدایەتی هزری ئەو کەسانەی پەرتووکی پیرۆزیان نووسیووە کەڵکی لی وەردەگیری. ئەوان بۆچوونە کەسیەکانی میشکی خۆیان نەنووسیووە بەڵکو دەستیان داوەتە نووسینی کەلامی خودا. لە دووەمی پترۆس, بابی1, ئایەتی21 دەخوینینەوە: " پیغەمبەرایەتی هیچ کات بە ویستی مرۆڤ نەهینرا بەڵکو خەڵکان سەرەنجیان چووە سەر روحی پیرۆز, لە لایەن خوداوە قسەیان کرد."

(کاتی باس لە پیغەمبەرایەتی دەکری, مەبەست لیی پیشبینی داهاتووە. بەلام لە پەرتووکی پیرۆزدا مەبەست لە ووشەی پیغەمبەرایەتی قسە کردنە دەربارەی کەلامی خودا. ئەوجا ئەوان لە رابردوو بن, یان ئیستا یان داهاتووە.

ئەگەری هەیە سەرنجتان دابی کە لە قسەکانی پترۆس , روحی خودا بە "روحی پیرۆز" ناودەهینری. ووشەی "پیرۆز" بە واتای " جیاکردنەوە" بۆ مەبەستیکی تایبەتە. (لە پەرتووکی پیرۆزدا لە بارەی "تارمایی پیرۆز" دەخوینینەوە بەلام بەو هۆیە کە ووشەی "تارمایی" لە زمانی یۆنانی بە واتای "روح" دی وە هەروەها ووشەی "تارمایی" دەتوانی بە ئاسانی هەلەتیگەیشتن دروست بکا, هەر بۆیە ئەگەری هەیە باشتر بی کە بۆ ووتنی هیزی مەزنی خودا, لە زاراوەی "روحی پیرۆز" کەڵك وەرگرین.)

پ49

روحی پیرۆز و خوداوەند عیسای مەسیح

بوونی عیسای خوداوەند بە هۆی روحی پیرۆز کە لە سەر مریم هاتە خوار, ئەنجام درا. فریشتەکە بە مریەمی گووت: " روحی پیرۆز لە سەرت نازل دەبی وە هیز خودای بە توانا سیبەری دەخاتە سەرت وە بەو هۆیە ئەو مندالە پیرۆزە بە کوری خودا ناودەنری.

دەتوانن ببینن کە "روحی پیرۆز" هەمان "هیزی مەزنە" وە ئەم دوانە یەکسانن. رۆژگاریك کە عیسا لە روباری ئەردەن شۆردرا, روحی پیرۆز بە شیوەیەکی بە سنوور بە ئەو بەخشرا. ئیمە لە یوحەننا بابی 3 ئایەتی 34 دەخوینینەوە " ئەو کەسەی کە لە لایەن خوداوە نیردراووە, ووتەکانی خودا باس دەکا چونکە خودا روحی خۆی بی سنوور بەو دەبەخشی."

هەموو دەسەلاتەکان دراوە بە عیسا, خودا بە تەواوی کەسەکان لە سەردەمی پەمانی کۆن و نوی بەشیك لە هیزی خۆی پی بەخشیوون, بەلام هیچ کات کەسیك بوونی نەبووە کە ئە رادەی عیسا خودا هیزی پی بەخشیبی.

روحی پیرۆز بە قوتابییەکان بەلین درابوو

عیسا بەلینی بە دوانزە قوتابەکەی خۆیدا کە لە دوای جیهیشتنی ئەوان, روحی پیرۆز وەردەگرن. ئەو لە یوحەننا بابی 14 ئایەتی 25-26 دەڵی: "ئەم قسانەم بە ئیوە گووت کاتی لە گەڵتان بووم. بەلام هیورکەر, واتا روحی پیرۆز کە باوك بە ناوی من دەینیری, ئەو هەموو شتیك فیری ئیووە دەکا وە ئەو شتانەی بە ئیوەم گووتووە بە بیرتان دینیتەوە. "

لیرەدا عیسا دەربارەی روحی پیرۆز قسە دەکا. ئەگەر روحی پیرۆز تاکە کەسیك بووایە, هەر بەو جۆرەی کە بەشیك لە خەڵك وا هزر دەکەن کە روحی پیرۆز یەك تاکە کەس یان یەك خودایە, بەلام هەر بەو جۆرەی کە پیشتر لە پەرتوکی پیرۆز بە شیوەیەکی زۆر روون بینیمان کە روحی پیرۆز هیزی خودایە, کەواتە دەزانین کە ئەو بۆچوونە ناتوانی راست بی. چونکە ئەگەر روحی پیرۆز یەك تاکە کەس بوو, بۆچی عیسا لە هەندیك بابەت قسەی لە سەر دەکا؟

بە مزمور 65 بگەرینەوە وە ئایەتی 13 بخوینەوە کە دەڵیت: " چیمەنەکان بە مەرەکان رازینراونەتەوە وە دۆلەکان بە دانەویلە پرکراون: لە شادی هاوار دەکەن و گۆرانی دەلین".

کاتی ئەمە دەخوینینەوە, ویچنەیەکی جوان لە دانەویلانەی کە لە دۆلەکان گەشەیان کردووە لە هزرماندا وینا دەکیشری بەلام ناتوانین هزر بکەین کە دۆلەکان لە دۆخی هاوارکردن و گۆرانی ووتن دابن, بەو جۆرەی کە نووسەری مزامیر ئەم ویچنەیەی بۆ ئیمە چرۆظە کردووە.

کەواتە رۆزگاریك کە عیسا لەبارەی ئەو کارانەی کە روحی پیرۆز دەیانکا قسە دەکا, مەبەستی ئەو لە روحی پیرۆز تاکە کەسیك نیە, بەلکو ئەو بەو کارەی حەقیقەتی روح یان هیزی خودا بە ئیمە نیشاندەدا.

روحی پیرۆز بە قوتابیەکان بەخشرا.

بینیمان عیسا بەر لەوەی بەرەو ئاسمان هەلّکشی, بەلینی هیچزیکی بە قوتابیەکانی خۆیدا. ئەو بە ئەوانی گووت لە ئۆرشەلیم بمیچننەوە وە "چاوەروانی ئەو بەلینەی باوك بن کە لە منەوە بیستووتانەگ.

وە بەلینی بە ئەواندا کە " لە دوای چەند رۆز ئیوە بە روحی پیرۆز پاکدەکریچنەوە(دەشۆردرین)

پ50

لە رەفتاری نیردراوان بابی 2 دەخوینینەوە کە چۆن لە کاتیکدا نیردراوان لە چاوەروانی دا بوون, روحی پیرۆز بە سەریاندا نازل بوو ئایەتی 1-3 بخویننەوە. روحی پیرۆز هاوکات لە گەلچ دەنگیك نازل بوو "لە ناکاو دەنگیك هاوشیوەی جولانەوەی بایەکی بەهیز لە ئاسمانەوە هات وە تەواوی ئەو مالەی کە تییدا دانیشتبوون پر کرد. "

گلیەکانی ئاگر لە سەر هەرکامیچکیان جیی گرت کە نیشانەی بەخینس روحی پیرۆز بە ئەوان بوو. لە دوای ئەوە هەر بەو جۆرەی کە عیسا بەلینی پیدابوون , لە توانایاندا بوو موعجیزەی زۆر بخولّقینن.

روحی پیرۆز بە ئیمە بەخشرا

بینیمان کە هەموو ئەو کەسانەی کە پەرتووکی پیرۆزیان نووسیووە, بە هۆی هیزی روحی پیرۆز ئەم کارەیان کردووە. بیجگە لەوە عیسا جاریکیان گووتی: " ئەو ە روحە کە ژیان دەبەخشی بەلام جەستە سوودس نیە. ئەو قسانەی پیتان دەلیم روح و ژیانەگ

کاتیك قسەکانی خودا دەخوینینەوە, وەرگرتنی روحی خودا هەست پی دەکەین. ئەم هەستە دەتوانی گۆرانکاریەکی سەرسورهینەر لە ژیانی ئیمە دروست بکا وە لە گەشەی زیاتر سەبارەت بە رەزامەندی خودا یارمەتی ئیمە بدا. کەواتە وەرن با لە خویندنەوەی کەلامی خودا زیتەلّ و بە تەقوا بین

قسەکانی پترۆس لە یەکەم نامەی بە بیر خۆتان بیننەوە" وەکو تازەلەدایکبووان, موشتاقی شیری روحانی خالیسە بن بۆ ئەوەی بە خواردنەوەی ئەو بتوانن نشو نما بکەن, رزگارتان ببیچ

عیسا بەلینی بە قوتابیەکانیدا کە روحی پیرۆزیان پی دەبەخشری. ئەو بە ئەوانی گووت: " وە ئەم ئایەتانە هاوریی باوەرداران دەبن کە بە ناوی من دیوەکان دەر بکەن وە بە زمانی نوی قسە بکەن وە مارەکان هەلگرن وە ئەگەر زەهری بکوزیك بخۆن هیچ زیانیکیان پی نەگەیینی وە هەر کاتیك دەستیان لە سەر نەخۆشەکان دابنین شیفا وەردەگرن(چاکدەبنەوە)

بۆچی ئەم بەلێنانە بە قوتابییەکان درا؟

ئەوان سەلماندیان کە پەیامی قوتابییەکان لە لایەن خوداوە بووە.

عیسا لە خاچ درا. وە خودا ئەوی لە مردن هەڵساندەوە. کاتیك ئەو دەبرایە ئاسمان بە گروپیکی کەم لە قوتابییەکانی خۆی گووت : "بۆ تەواوی ناوچەکانی دونیا بچن وە ئەم moوزدەیە بدەن بە هەموو خەلك.

ئەمە کاریکی مەزن بوو. ئایا خەڵك گوییان لی رادەگرتن؟ بە دڵنیایەوە خەڵك چیرۆکی ئەوان لە بارەی پیاویك کە سی رۆز دوای مردنی هەلچسایەوە باوەر نەدەکرد!

کەواتە هیزی خولّقاندنی موعجیزە درا بە قتابیەکان. بۆ ئەوەی نیشانەیەك بی کە پەیامی ئەوان لە لایەن خوداوەیە. دەخوینینەوە کە چۆن ئەوان لە رۆزی

لە بەرامبەر یەهودیەکان بە زمانیك موزدەیان دەدا کە هەرگیز ئەوان فیر نەبووبوون وە نەیاندەتوانی بەو زمانانە قسە بکەن مەگەر بە هۆی هیزی خوداوە نەبی. ئەم کردارە بە "قسەکردن بە زمانەکان" ناونرا. جیی سەرسوورمان نیە کە هەموو خەڵك سەرسام بوون وە گوییان لە ئەوان رادەگرت.

بەخششەکانی روحی پیرۆز یارمەتی هیدایەتی کڵیسەی دا

لە ئاکامی ئەو موزدەیەی کە لە رۆزی پنتیکاست درا 3000 زن و پیاو چوونە پاڵ قوتابیەکان و بوون بە مەسیحی (کرداری نیردراوان, بابی2, ئایەتی41) لە ئەنجامدا کەنیسەی مەسیحیەکان دەسپیکیکی باشی خولقاند.

بەلام بیر لەو نەهامەتیانە بکەنەوە کە ئەگەری هەبوو بە دوای خۆیدا بیهینی. وەها خیزانیکی گەورەی مەسیحی پیویستی بە کەسانیك بوو کە ریننماکار و پەروەردەکار بن وە هەروەها بۆ ئەنجامدانی ئیشە پیویستەکان, بیر لە بەرزەوەندی بکەنەوەوە بەریوەبردن لە ئەستۆ بگرن. ئەوان نەیاندەتوانی لە پەرتوکی پەیمانی نوی فیر ببن, چوونکە هیشتا نەنووسرابوو.

کەواتە بەخششەکانی روحی پیرۆز نە تەنیا بۆ رازی کردن خەڵکانیتر سەبارەت بە درووستی پەیامی نیردراوان, نیردران بەلکو بۆ پەروەردە ی مەسیحیەکانی سەرەتا وە بونیادنانی کەنیسە سەرەتاییەکانیش بوو.

پ52

شەم بەخششانە چ شتێك بوون؟

لە سەرەتای قرنتیان بابی 12 ئایەتی 22 پۆلسی نیردرو نیشانمان دەدا کە ئەندامە جیاوازەکانی کەنیسە, چ بەخششێکی جیاوازیان هەیە وە چۆن دەبێت هەر ئەندامێك نیسبەت بە ئەوانیتر هەڵسووکەوت بکا. دوارت لە ئایەتی 28-29 ئەو لیستێك لە بەخششەکان دەدا," مەبەستم ئەوەیە کە خودا لە کەنیسە کەسانی دیاریکراوی بەم شێوەیە داناوە: سەرەتا نیردراوەکان, دووهەم پیغەمبەران, سییەم مامۆستایان وە لە دوای ئەمانەوە موعجیزە خوڵقێنەران وە شیفادەران وە یارمەتیدەران وە بەریوەبەران وە ئەو کەسانەی کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. ئایا هەموو نیردراو یان پیغەمبەر یان مامۆستان؟ ئایا هەموویان موعجیزە دەخوڵقێنن؟

سی بەخششی یەکەم (کە گرنگترین بەخششەکانن) بۆ مەبەستی پەروەردەی مەسیحیە سەرەتاکان بوون.

کۆتایی بەخششەکان

ئەوەمان خویندەوە کە لە سەردەمی مەسیحیە سەرتاکا, هیشتا پەیمانی نوی نەنووسرابوویەوە وە ئەمە خۆی بەڵگەی پیویستی ئەو بەخششا نە بوو. ئیمە دەتوانین دەربارەی سەرگووزەشتەی خوداوەند عیسا وە نامەی نیردراوان بخوینینەوە. بەلام ئەوان هیچ نووسینیکیان نەبوو, لە ئەنجامدا نیردراوان, پیغەمبەران, وە مامۆستایان بە بەخششەکانی روحی پیرۆز, بۆ کەنیسە سەرەتاییەکان یارمەتیەکی بنچینەیی بوون.

کاتیك کە نووسینی پەمانی نوی بە کۆتا گەیشت, چیتر پیویست بە وەها یارمەتی تایبەت لە لایەن خوداوە نەبوو. هەموو ئەو شتانەی کە پیویست بوو مەسیحیەکان بیزانن, لە ناو پەرتووکی پیرۆزدا بۆیان نووسرابوو. کەواتە چیتر روحی پیرۆز بوونی نەبوو.

پۆلسی نیردراو گووتی کە ئەم رووداوە دەبوو روویدابا. لە سەرتای قرنتیان بابی 13 ئایەتی 8 دەخوینینەوە " پیغەمبەرایەتی لە ناو دەچی وە قسە کردن بە زمانەکان کۆتایی هاتووە وە بەیانی مەعرفەت لە ناو دەچی بەلام خۆشەویستی هیچ کات لە ناو ناچی"

وادیتە بەر چاو کە بەخششەکان بە یەکجار و لە سەردەمیکی دیاریکراو کە نووسینی پەیمانی نوی بە کۆتا گەیشتووە, لە ناو نەچوون. بەلام بە تیپەرینی کات, ئەو کەسانەی کە ئەو بەخششانەیان هەبوو کۆچی دواییان کرد وە ئەم بەخششانە بۆ ئەو مەسیحیانەی کە شوین کەوتووی ئەوان بوون نەگوازرانەوە.

ئایا لە رۆژگارەدا هیچ کەسیك ئەو بەخششانەی هەیە؟

هەندی لە خەلکی بانگەشەی خاوەنداری بەخششەکانی روحی پیرۆز دەکەن , بە تایبەتی بانگەشەر ئەوە دەکەن کە لە توانایاندایە بە چەندین زمان قسە بکەن وە شیفای نەخۆشەکان بدەن. چۆن دەتوانین ئەوانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بە هۆی روحی خودا موعجیزە دەخوڵقینن. لە مەحەك بدەین؟

سەرەتا بە بیرخۆمان دینینەوە کە پۆلسی رەسول لە سەرەتای قرنتیان, بابی 13 گووت سەردەمیك دی "بەخشش" مکان دەوەستن. ئەگەر ئەم دەورەی زەمەنیە, ئەو زەمانە نەبوو کە نووسینی پەمانی نوی تیایدا تەواو بوو, کەواتە چ سەردەمیك دەستی پیکرد؟ بە دلنیایەوە لە سەردەمی هاتنی پاشایەتی نابی چوونکە لەو سەردەمەدا بەخششی زۆر زیاتر بوونیان دەبی. (لە راستیدا بەخششەکانی روحی پیرۆز بە "هیزەکانی جیهانی داهاتوو" ناو نران وە قوتابیان و شوینکەتوانی سەرەتا "نۆبەرە" بەخششەکانیان هەبوو.)

دووەم سەرنجمتندا کە بەخششەکانی روحی پیرۆز بە مەبەستی یارمەتی دانی کەنیسەی راستەقینە بەخشران. کەنیسەی راستەقینە باوەری بە کەلامی خودا هەیە وە هەمان شت فیردەکا و موزدە دەدا. (ئەگەر هەموویان نەبن) زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەمرۆزگارەدا بانگەشەی هەبوونی وەها هیزگەلیك دەکەن, وەها ئامۆزگاریەك دەدەن کە بەشیك لە راسپاردەکانی کەلامی خودا نین. کەواتە ئیمە دەبی ئەو جۆرە بانگەشانە رەت بکەینەوە.

پ53

سییەم, دەبی دان بەوەدا بنین کە ناکەوینە زیر کاریگەری زۆربەی ئەو کارانەی کە بە پەرجوو (مووعجیزە ) ناودەبرین. زۆریك لە شیفایانە لە ماوەیەکی کەمدا دەدەکەوی کە لە راستیدا شیفا نەبوون وە بە شیوەیەکی زانستی دەتوانری شەرح بکرین. تەنانەت هیپنۆتیزمیش ئەنجامیکی هاوشیوەی ئەم بە ناو شیفایە دەدا.

ئەو کەسانەی کە باوەریان بە تەواوی نووسینەکانی پەرتووکی پیرۆزە, بانگەشەی هەبوونی بەخششەکانی روح ناکەن, چوونکە ئەوان دەزانن کە ئەم بەخششانە لە دوای تەواوبوونی نووسینەوەی پەیامی نوی بە کۆتا گەیشتوون.

لە کۆتاییدا, بە بیرهاتنەوەیەکیتر ئەوەیە کە کاتیك ئیمە پەرتووکی پیرۆز دەخوینینەوە, بە تەواوی بوونمان وەرگرتنی روحی خودا هەست پی دەکەین. ئەگەر دەمانەوی رزگارمان ببی, بهیلن بە خویندنەوەی هەرچی زیاتری کەلامی خودا, ئەوە نیشان بدەین کە چەندە بۆ هەبوونی ئەو دیاۆیە گەورەیە سپاسگووزارین.

دەتوانین لە بارەی کەسەریەکانی عیسای لە ئینحیلەکان بخوینینەوە. بەلام ئەگەر هەندیك لە پیشبینیەکانی پەیمانی کۆن بخوینینەوە, وینەیەکی تەواوترمان لەو بارەیەوە دەست دەکەوی.

بە مزمبور 22 بچن. ئەم مزمورە لە تیگەیشتن لەوەی کە چۆن مەسیح لە خاچ درا یارمەتیمان دەدا: " وە بەلام من کرمم و مرۆظ نیی, جیی شەرمی مرۆظەکانم وە بچووك سەیرکراوە قەومەکەم, هەرکەسیك بمبینیت گالتەم پی دەکا. لیوەکانیان دەکەنەوەو سەریان رادەوەشینن و دەڵین: پشت بە خوداوەند ببەستە کەواتە ئەو کۆتایی پی بینە. ئەو دەرباز دەکا چونکە مەیلی بە لای ئەوە.

نەتەنیا دەردەسەر, بەڵکو شەرمی لە خاچدان لە سەرشانی قورسایی دانابوو. دەشی ئەم رستانە, زیاتر لە هەر بەشیکی تری پەرتووکی پیرۆز, دەتوانی یارمەتیدەرمان بی بۆ سووپاسگگوزاری لەو کارانەی کە عیسای مەسیح بۆ ئیمەی کردووە. بە ووردی مەزامیر بخویننەوە. دووبارە سەیری ئایەتەکانی 15-16 بکەن, " هیزی من وەکوو سوالەت ووشك بووە زمانم بە مەلاشومەوە نووساوە وە منت لە ناو خاکی مردن ناوە چونکە سەگەکان دەوریان داووم. کۆمەلەی ئینجیلی منیان گەمارۆ داوەو دەست و قاچیان کون کردووم."

بۆچی دەبوو عیسا ئەوەندە ڕەنج بکیشی؟

کاتی بیر لە لە خاچدانی عیسا لە سەر ئەو خاچە دەکەینەوە وە بیرمان دیتەوە کە ئەو هیچ کات تاوانی نەکرد, بەڵکو بەردەوام ئەو کارانەی دەکرد کە دەبوونە هۆی ڕەزامەندی خودا لە خۆمان دەپرسین: "بۆچی دەبی ئەم ڕووداوانە بۆ عیسا روو بدا؟"

شتیك روونە: ئەمە تەنیا ریگایەك بوو کە کە دەکرا مرۆظ بتوانی لە تاوان رزگاری ببی. عیسا سی جار لای باوکی خۆی دووعای کرد, " ئەی باوك, ئەگەر ویستی تۆیە, ئەم پیالە لە من دوورخەرەوە" (لە گەڵ ئەوەشدا ئەو سەرەنجی دا کە ئەوەش زیاد بکا: " بەڵام نەك بە تکای من بەڵکو بە ئیرادەی تۆ".) ئەگەر وەها شتیك مومکین بووایە, دەمانتوانی دڵنیا بین کە خودا لە ڕەنج کیشانی کورەکەی چاوپۆشی دەکا. بەڵام ئەوە تاکە ڕیگا بوو.

رووبەرووبوونەوەیەك دزی تاوان

بەلام ئیمە هەروەها لە خۆمان دەپرسین بۆچی خەفەت و رەنج لە سەر خاچ؟ وولامیك ئەوەیە, کاتیك سەرەنجی عیسا بە خاچەوە دەدەین, دەبینین کە سروشتی مرۆیی چەندە بایەخی هەیە.



ریم پی بدەن زیاتر شرۆظەی بکەم. عیسا مرۆظیك بوو, ریك وەکوو ئیمە, وە وەکوو ئیمەش تووشی وەسوەسە بوو تا ئەوەی کە قسەی هەڵە بکا و کاری هەڵە ئەنجام بدا. ئەوە دەخوینینەوە کە ئەو: "کەسیکە ریك وەکوو ئیمە لە هەر رووبەکەوە وەسوەسە دەبی بەڵام لە تاوان تیوەنەگلاوە"

ئەو وەکوو ئیمە وەسوەسە بوو, بەلام هیچ کات وەکوو ئیمە خۆی نەدایە دەست وەسوەسە. ئەو هیچ کات بە ریگای خواستەکانی خۆیدا نەڕۆیشت بەڵکو بەردەوام ئەو شتەی کە خودجا لیی داوا دەکرد ئەنجامی دا.

ئەو سرووشتیکی وەکوو ئیمە هەبوو. سرووشتیك کە دەیتوانی ئەو بەرەو تاوان ببا, ئەگەر بەردەوام شەڕی لە گەڵیان نەدەکرد. بە بە کارهینانی ووشەی مەرگ بۆ ئادەم, خوا نیشانی دا کە "... پاداشتی تاوان مەرگە"

وە بە بەپیویست زانینی لە خاچ دانی عیسا, ئەم منداڵە بی تاوانەی ئادەم, خودا ئەوەی سەلماند کە سرووشتی مرۆیی, لە باشترین حاڵەتی, هاورییە لە گەڵ خەجاڵەتی و لە خاچ دان.

هیشتا کەسایەتی عیسا بی خەوش و عەیبە. ئەو هیچ کات نە بە هزر نە بە کردار تاوانی نەکرد. بەم هۆیە, خودا توانی بە بی شکانی شەم یاسایە کە پاداشتی تاوان مەرگە, ئەوی لە مردن هەڵساندەوە. کەواتە خودا سرووشتیکی نویی بە عیسا بەخشی, سرووشتیك کە هەرگیز بۆ تاوان دووچاری وەسوەسە نابی و هەرگیز نامری.

وانەکانی خاچ

بە مرگی عیسا لە سەر خاچ, خودا بە ئیمەی نیشاندا کە سرووشتی ئیمە چەندە شەریرانەیە وە ئیمە دەبی ئەوە بزانین, بەر لەوەی کە زیانی جیی رەزامەندی خودا دەست پی بکەین. بەلام وانەی کاریگەری تریش هەن. ئیمە بە باشی زانیمان کە لە راستیدا, خوداوەند عیسا قوربانیەکی قبوڵکراو بوو. ئەو وەکوو بەرخیکی بی خەوش بوو وە خودا ویستی وابوو کە ئەم قووربانیە کامڵ و بی خەوشە وەکوو پیشکیشیك لە لایەن تەواوی ئەو کەسانەی کە لە زیر ناونیشانی "ئەو بەرخەی خودا کە تاوانی جیهان لا دەبا" باوەریان بە عیسا هەیە, لییان قبوڵ بکا.

وانەیەکی گرنگیتر ئەوەیە: خاچی عیسا نیشاندەری ئەوەیە کە خۆشەویستی خودا بۆ ئیمە تا چ قەبارەیەك فراوانە. پۆلس بەم شیوەیە شرۆظەی دەکا: " ئەو کە لاری لە کوری خۆی نەبوو, بەڵکو ئەوی لە پیناو هەموومان رادەست کرد, چۆن دەشی لە گەڵچ ئەو هەموو شت بە ئیمە نەبەخشی؟"

خاچ, ریگای زیانی ئیمەیە, هەر بەوجۆرە کە پۆلس لە سەرەتای قرنتیان بابی 1 ئایەتی 18 دەڵی: " پەیامی خاچ بۆ ئەوانەی لە سەر ریگای لە ناوچوونن, پووچ و بی واتایە بەلام بۆ ئیمە کە لە سەر ریگای رزگاربوونین, هیزی خودایە".

زیانی نوی

ئیمە نەوەکانی ئادەمین وە وەکوو ئەو ریگای خۆمان بەسەر ریگای خودا فەرز دەکەین. بەلام عیسا, کاتیك خۆی لە پیناو تاوانەکان کرد بە قووربانی, بوون بە مندالانی خودای بۆ ئیمە کرد بە شتیکی موومکین.

عیسا گووتی: " ئەگەر کەسیك بیەوی شوینکەوتەی من بی, دەبی دەست لە گیانی خۆی بشواو هەموو رۆزیك خاچەکەی هەڵگری وە لە گەڵم بیت."

پ56

ئیمە دەبی لە گەل عیسا لە خاچ بدریین

ئیمە دەبی کەسایەتی پیس بوو بە تاوانی خۆمان لە خاچ بدەین. دەبی لە جیاتی ئەوەی ریگا بە تاوان پیسبووەکانی خۆمان دریزە پی بدەین, دەبی لە تاوان بمرین و لە زیانیکی نوی هەنگاو بنیین,. وە هەموو کات ریگای خودا بە سەر ریگای خۆماندا هەڵبزیرین. پۆلسی نیردراو پیمان دەلی: " وە ئەوانەی کە موڵکی عیسای مەسیحن, سرووشتی نەفسیان بە حەزەکان و لە خاچ داوە. ئەگەر روحی خودا, سەرچاوەی زیانی ئیمەیە, ئەویش دەبی رینمای زیانی ئیمە بی. خۆپەسەند نەبین و یەکتر عجز نەکەین وە حەسوودی بە یەکتر نەبەین."

پ57

من ئەو کارەم نەکردووە

منداڵێك کە خەریکی یاری بوو وە پارچە کاغەزی زۆری لە سەر عەرزەکە فری دابوو. دایکی سەرنجی دا و گووتی: "کێ ئەمەی کردووە؟" کورە بچووکەکە خیچرا وولامی دایەوە: "باوکم"

هەموومان کەمیك هاوشیوەی ئەو کورە بچووکەین. ئیمە نامانەوی دان بە هەلەکانی خۆماندا بنیین, بەڵکو حەز دەکەین کەسیکیتر تاوانبار بکەین. بەلام پیغەمبەر یەعقوب پیمان دەڵی "مرۆڤ کاتیك دووچاری وەسوەسە دەبی کە

وە ئەگەر راستگۆ بین, دەبی دان بەوەدا بنیین کە سەیتان لە ناو هزری ئیمەدایە کە دەبیتە هۆی ئەوەی ئیمە کاری شەریر و خراپ بکەین وە هەلەشانە قسە بکەین. ئیمە ناتوانین بەرپرسیاریتی تاوانەکانی خۆمان بخەینە ئەستۆی خەڵکانیتر.

کەواتە شەیتان کییە؟

پەرتووکی پیرۆز بە دیاریکراوی لە بارەی یەك شەیتان قسە دەکا. ئەگەر ئەو کەسیکی دیار و نیە کە خەڵك وەسوەسە بکا, کەواتە دەبی بپرسین: "ئەو کییە"؟

با بزانین دەتوانین لە پەرتووکی پیرۆزدا ئەو بدۆزینەوە. سەرەتا, سەرتای یوحەنا بابی3 ئایەتی 8 ببینن. ئەم ئایەتە پیمان دەڵی کە هۆکاری ناردنی عیسا چی بوو. هەر بۆ ئەم مەبەستە کوری خودا سەلماندی کە دەتوانی کارەکانی شەیتان لە ناو ببا.: " وە کوری خودا هات بۆ ئەوەی کردەوەکانی شەیتان پووچەڵ بکاتەوە".

کەمیك پیشتر لە عبرانیان, بابی 2, ئایەتی 14 وەها بابەتیك دەبینری. " لەبەرئەوەی ئەم مندالانەی خودا مرۆظن وە لە گۆشت و خوینن, ئەویش لە گۆشت و خوین پیك هات و لە شیوەی مرۆظیك درووست بوو: چوونکە تەنیا بە بوون بە مرۆظ دەیتوانی گیانی لە پیناو ئینە بەخت بکا و بمری, وە بەر مەرگی خۆی هیزی شەیتان لە ناو ببا, ئەو شەیتانەی کە خاوەنی هیزی مەرگ بوو"

پەرەگرافی دووهەم پیمان دەڵی کە عیسا بۆ لە ناو بردنی شەیتان هات وە باسی ئەوە دەکا کە ئەو چۆن ئەو کارەی بە جی گەیاند. ئەو بە شیوەی مرۆظیکی وەسوەسە کراو هات وە بەر مەرگی خۆی شەیتانی لە ناو برد.

چەندە سەرسوورهینەر! ئەگەر شەیتان زەبەلاحیکی زۆر بە هیز و فریودەر بووایە ئەم ئەرکە دەبوو نەکردە بی. نەخیر, - شەیتانی پەرتووکی پیرۆز- ئەو شەیتانەی کە عیسا بە مرگی خۆی ئەوی تیکشکاند, هەر تاوان بوو. لە عبرانیان بابی 9, ئایەتی 26 دەخوینینەوە, " چوونکە ئەو

پ58

تەنیا یەك جار وە ئەویش بۆ هەمیشە لە ئاخری زەمان دەرکەوت بۆ ئەوەی بە مەرگی خۆی وەکوو قووربانیەك, تاوان لە ناو ببا".

لە وانەی پیشتر (وانەی "خاچ") جەختمان کردەوە لە بارەی ئەوەی کە عیسا سرووشتیکی وەکوو ئیمەی هەبوو . ئەم سرووشتە بە ئاسانی لە بەرامبەر تاوان وەسوەسە دەبوو.

عیسا لە تەواوی ژیانی خۆی, شەری لە دژی تاوان کرد وە لە ئەنجام دا بە گشتی بە لە ناوبردنی سرووشتی وەسوەسە بووی مرۆیی تاوانی لە ناو برد. ئەمە بەو هۆیە بوو کە خودا ئەوی لە مردن هەڵساندەوە وە جەستەیەکی بە شکۆی پی بەخشی کە لە تاوان و ئازاد و جاویدان بوو.

شەیتان و تاوان

ریگایەکی ئاسان بوونی هەیە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە شەیتان و تاوان یەك شتن. هەموو ئەو شتانەی کە پەرتووکی پیرۆز لە بارەی شەیتانەوە گووتوویەتی, لە بارەی تاوانەوە گووتوویەتی. شەیتان دووژمنی خودایە, کەواتە شەیتان هەر هەمان تاوانە.

شەیتان وەسوەسەکەری مرۆظە, کەواتە هەمان تاوانە. شەستان فریودەرە کەواتە هەمان تاوانە. شەیتان دەبیتە هۆی مردن(عبرانیان بابی 2 ئایەتی 14) کەواتە هەمان تاوانە. شەیتان بە هۆی مەرگی عیساوە لە ناو چوو, کەواتە هەمان تاوانە.

لە بەراووردکاریانەوە دەبینین کە شەیتان و تاوان دەبی یەك شت بن.

ووشەی "شەیتان" هەر بەر راست بە چ واتایەکە دی؟

ووشەی "شەیتان" لە راستیدا بە واتای "بووختانکەر" یان " تاوانبارکەر" دی. لە سەرەتای تیموتائۆس, بابی 3 ئایەتی 11 دەخوینیەوە: " وە هەر بەوجۆرە زنانیش دەبی بە ویقار بن نەوەك غەیبەتكەر (تۆمەت درووستکەر و پرۆپاکەندە درووستکەر).

لە هەندیك لە وەرگیرانەکان, ووشەی "بووختانکەر" بە هەمان واتای "شەیتان" لە بەشەکانیتر وەرگیردراوە. ووشەی "شەیتان(Satan)" یش عادەتەن لە پەیمانی نوی بە کارهینراووە. یەك "شەیتان(Satan)" دزیکە کە دەست بۆ دزایەتی دەبا. کەواتە ئەو کاتەی پترۆس هەولیدا عیسا بە هەڵگەرانەوە لە ریگای خودا و ئەوەی کە ویستی خودا بوو ئەنجام بدری(لە خاچ دان) ناچار بکا, پترۆس بوو بە دز وە عیسای پیی گووت: " لە من دوور کەوەوە ئەی شەیتان" (مەتا, بابی 16, ئایەتی18)

هەر شتیك پیچەوانەی خودا ئیش بکا بە"شەیتان(Satan)" ناوی دەهینری. کەواتە رۆزگاریك کە پۆلس لە رۆیشتن بۆ بینینی تسالونیکیان خۆی دەبویری, بۆیان دەنووسی" شەیتان ریگری لی کردین"

دەستەوازەیەکیتر بوونی هەیە, ئەم جارەیان لە پەیمانی کۆن, کە دەبی ئیستا سەیری بکەین, چوونکە هەندی لە خەڵك وا هزر دەکەن کە ئەم بەشە دەیەوی پیمان بلچی کە "شەیتان(Satan)" فریشتەیەکی دۆراوە. ئەم بابەتە لە ئەشعیا بابی 14, ئایەتی 12 هەیە کە دەڵیت:"ئەی ئەستیرەی درەوشاوەی بەیانیان (لوسیفەر) چۆن لە ئاسمانەوە کەوتیە خوارەوە"!

بەلام ئەگەر بابەکە بە تەواوی بخوینیەوە تیدەگەین کە "لوسیفر" پاشای بابلە وە نەبی لیرەدا کەوتنی ئەو پیشبینی دەکا. لە ئایەتی 15, ئەشعیا لەبارەی مەرگی ئەم پاشایە قسە دەکا وە لە ئایەتی 16 دریزەی پی دەدا کە " ئایە ئەمە هەمان کەس نیە کە زەوی دەلەرزینی وە پاشاکان لە ترسی ئەو هەڵدەلەرزین؟"

پ59

فری دانە دەرەوەی شەیتان

کاتیك نووسەرەکانی پەیمانی نوی لە بارەی موعجیزە و ئەو شیفایانەی کە عیسا ئەنجامی دەدا بۆ ئیمە قسە دەکەن, زۆربەیان لە زاراوەی "ئەو روحە پیسەکانی کردەدەرەوە" سوودیان وەرگرتووە. چۆ لوە تیدەگەین؟ لە رۆزگاری عیسادا, ئەم بۆچوونانە باو بوون کە نەخۆشی و دەردی دیاریکراوی وەکوو نابیستی و کویری لە لایەن روحی پیس بە بوون بە خاوەنی جەستەی کەسیك, بەدی دەهاتن.

سرووشتی بوو کە کاتیك کە ئەو کەسە شیفای بۆ دەهات, ئەوان دەیانگووت کە "روحی پیس لە جەستەی چۆتە دەرەوە" وە بە هۆی باو بوونی ئەو ووتەیە لەو سەردەمە, نووسەرەکانی ئینجیلیش ریك هەمان ووتەیان لە نووسینەکانی خۆیان بە کار بردووە. ئیمە ناتوانین بە هۆی ئەوەی کە ئەوان بەو جۆرە نووسیویانە, وا هزر بکەین کە ئەوانیش باوەریان وابووە کە روحی پیس لەو مرۆظانەدا نیشتەجی بووە.

ئافرینەریکی مەزن

باوەربوون بە بوونی شەیتان, وەکوو رکابەریکی گەورەی خودا, باوەریکی نوی نیە. لە سەردەمی ئەشعیای پیغەمبەر, پارسەکان بە دوو هیزی گەورەی یەکسان باوەریان هەبوو کە یەکیکیان خودا وە ئەوەیتر شەیتانبوو. یەکەمیان ئافرینەری رووناکی و باشیەکان بوو وە دووەمیان ئافرینەری تاریکی و تەواوی خراپیەکان بوو.

خودا لە وولامی ئەو بیروباوەرە هەلەیە, پەیامیکی بۆ ئەشعیای پیغەمبەر نارد. دەتوانین ئەم بابەتە لە ئەشعیا, بابی 45 ئایەتی 5-7 بخوینینەوە:

من خودام, وە هیتر نیە و غەیری من خودایەکیتر نیە. من پشتی تۆم بەست کاتی منت نەناسی بۆ ئەوەی لە مەشرەقی هەتاو وە مەغریبی ئەو بزانن کە لە مستەوای من کەسیتر نیە. من تاکە خودام و یەکیتر بوونی نیە. بەدی هینەری نور و خولچقینەری تاریکی. درووستکەری ساغی و ئافرینەری خراپی. من تاکە ئافرینەری هەموو ئەو شتانەم."

(ووشەی "خراپی" لیرەدا نابی لە گەڵ ووشەی تاوان بە هەڵە تیکەڵ بکری. "خراپیگ بە واتای "دەردەسەر و کیشە"یە کە خودا ئەوە لە ریگای تاوانەکان دەدا.)

ئەم بابەتە لە کۆتاییدا بۆمان دەسەلمینی کە تەنیا یەك هیزی مەزن لە جیهان بوونی هەیە کە هەموو شتیك لە زیر دەستی ئەودایە. وە ئەو خودای بە توانای بی قەیدو مەرجە. هیچ خودایەك بوونی نیە کە بتوانی لە گەڵ هیزی ئەو رکابەری بکا وە هیچ دەعجانیەکی فریودەر و بەهیز بە ناوی شەیتان بوونی نیە کە بتوانی بویری دزایەتی خودا بە خۆی بدا.

ووتەی کۆتایی: ئەگەری هەیە بتانەوی بپرسن کە بۆچی پەرتووکی پیرۆز زیاتر لە ووشەی "شەیتان" لە جیاتی ووشەی "تاوان" کەڵك وەردەگری, وە بۆچی شەیتان وەکوو کەسایەتیەکی بەهیز و فریودەر وەسف دەکا.

بەم هۆیەیە کە ئیمە بتوانین تیبگەین کە تاوان تا چ قەبارەیەك بەهیز و فریودەرە. ئیمە دەبی بەر لەوەی ئەم وانەیە بە تەواوی تیبگەین کە تا چ ئەندازەیەك موحتاجی رزگاربوون لە تاوان بووین, فیرببین.

پ60

دەسپیکیکی تازە

تا ئیستا زەردەخەنەی منداڵیکتان بینیووە کاتیك دەفتەرەکەی (لینووسەکەی) هەڵدەداتەوەو دەگات بە پەریکی سپی؟ پەرەی نوی زۆر سپی و نوی دیتە بەر چاو. وە ئەو تەواوی هەولی خۆیدەدا بۆ ئەوەی پەرە نوییەکە باشتر و پاکتر بپاریزی. ئەو دەسپیکیکی نوی ئەزموون دەکا. کاتی ئەو کارانەی کە عیسا لە مافی ئیمە ئەنجامی دان, درك دەکەین, دەمانەوی کە بۆ "لاپەرەی نوی" بگەین وە دەسپیکیکی تازەمان هەبی وە بە دوای ئەو بکەوین.

ریگای خودا

لە مەتا بابی 28, ئایەتی 19 دەخوینینەوە کە عیسا بەر لەوەی بەرزبیتەوە بۆ ئاسمان, بە قوتابیەکانی خۆی گووت: "کەواتە برۆن و تەواوی نەتەوەکان بکەن بە قووتابی, وە ناوی ئەوان بە ئاو و ئیبن وە روحی پیرۆز بشۆن."

ئەم ئایەتانە بە ووردی بخویننەوە. لەوە تیدەگەن کە کاتیك ئەوان دەیانویست خەڵك بکەن بە قووتابی, ئەوانیان دەشووشت. شووشتن ریگایەکە کە خودا بۆ دەسپیکی تازەی ئیمە بەدی هیناوە.

کاتیك کە ئیمە گویرایەلی ئەم فەرمانە دەکەین, خودا لە تاوانەکانی پیشووی ئیمە دەبووری. ئەگەرچی عیسا هیچ تاوانیکی نەکردبوو, بە خۆشووشتنەوەی بوو بە قوودوە بۆ ئیمە. مەتا بابی 3 ئایەتی 13-17 بخویننەوە و ببینن کە چۆن عیسا داخلی رووباری ئەردەن بوو وە یحیای بشۆر ئەوی شۆرد.

ئایا سەرنجتان داووە کە کاتیك یەحیا بە عیسای گووت کە شاییستەی شۆردنی ئەو نیە, عیسا پیی گووت: " من بشۆ چوونکە بەو شیوەیە فەرمانی خودا بە جی دینین."

ئەو لەبارەی خۆی قسەی نەکرد, بەڵکو گووتی "ئیمە" حوکمی خودا جیبەجی دەکەین. ئەم قسەیە بە ئیمەی نیشاندا کە ئیمەش دەبی خۆمان بشۆین. ئەم کارە بۆ رزگاری ئیمە پیویستە.

چوونە ناو ئاو

خۆشۆردن بە واتای چوونە ناو ئاو بە تەواوی دی. بە چوونە ناو ئاو بە تەواوی, ئیمە دەمرین. وە کاتێك کە دووبارە لە ناو ئاو دیینە دەر ئامادەین کە ژیانیکی تازە دەست پی بکەین.

بە واتایەکیتر, ئیمە لە گەڵ مەسیح دەمرین وە دواتر لە گەڵ ئەو هەڵدەستینەوە. پۆلس لەو بارەیەوە لە رومیان پیمان دەڵی. باب 6 رومیان ئایەتی 3-4 بخوینەنەوە.

پ61

"یان نازانن کە هەموومان کە لە مەسیحی عیسادا شۆردراوین, لە مردنی ئەو پاکبووینەوە؟ کەواتە لە بەر ئەوەی لە مەرگی ئەودا پاکبووینەوە, لە گەڵ ئەو ئەسپاردەکراوین تا ئەوەی کە هەر بەو جۆرە کە مەسیح بە شکۆی باوك لە مردن راستبۆووە, ئیمەش لە تازەیی ژیان هەڵسووکەوت بکەین"

نەریتی پاککردنەوەی منالان

ئەگەری هەیە ئیوەش لە بارەی شۆردنی منالانی تازە لە دایکبوو هەندی شتتان بیستبی, بەو جۆرە کە ئاو یە رووخساریان هەڵدەپرژینن وە ناویکیان بۆ دیاریدەکەن. بەلام ئەمە پاکردنەوەی راستەقینە نیە. لە بیرتانە کە عیسا گووتی: "کەسیك کە باوەر دەهینی وە پاك دەکریتەوە, رزگاری دەبی" (مرقس بابی 16, ئایەتی 16). بۆ پاکبوونەوە, سەرەتا دەبی لیی تیبگەین وە باوەر بینین, وە تازە لە دایکبوویەك ناتوانی ئەو کارە بکا.

ئەڵبەتە هەڵپرژاندنی ئاو بە رووخساردا وە نووقم بوون لە ناو ئاو و دووبارە هاتنەوە دەرەوە نیە. ئەم کارە ناتوانی بۆ ئیمە بیرخەرەوەی مەرگ و هەڵسانەوەی خوداوەند عیسا بی

کەسیك کە باوەری هیناوەو پاکبۆتەوە.

لە ئەعمال بابس 8 سەرجتانداوە کە ئەو کە خەزنەداری شازنی حەبەشە (ئەتیوپی) بوو, گووتی: "سەیر بکە, لیرەدا ئاو هەیە, چ شتیك بەربەستە لە بەردەم خۆپاکردنەوەی من"؟

فیلیپس پیی گووت: " ئەگەر لە ناخی دڵەوە باوەر بهینی, هیچ بەربەستیك بوونی نیە".

هەروەها بۆتان دەردەکەوی کە " ئەو و فلیپس (هەردووکیان) چوونە ناو ئاوەکە" (ئایەتی 38) ئەم کارە پیویست بوو چوونکە فلیپس دەیویست ئەو بە خستنە ناو ئاو بە تەواوەتی پاك بکاتەوە.

بریاریکی گەورە

لیرەدا بابەتیکی زۆر گرنگ لە بارەی شووشتنەوە بوونی هەیە: "بەلام کاتیك بە موزدەی فلیپس لە بارەی پاشایەتی خودا وە ناوی عیسا مەسیح باوەریان هینا پیاو و زنەکان پاکبوونەوە"

لەم بابەتەوە وانەیەك فیر دەبین کە خەڵك نابی بەر لە ئامادەبوونی تەواوەتی, بۆ پاکبوونەوە پەلە بکەن. پیاوان و زنان تا ئەوکاتەی کە "لە بارەی پاشایەتی خودا و ناوی عیسا مەسیح باوەریان هینا" پاکنەبووبونەوە.

بریاردان بۆ پاکبوونەوە, یەکێك لە گرنگترین بریارەکانی تەواوی ژیانە. ئەم بریارە بە هۆی حەزەوە نیە. پێویستە بەر لە خۆ پاککردنەوە, راسپاردە راستەکانی پەرتووکی پیرۆز فێر بووبین, لێیان تێبگەین و باوەرمان پی هێنابن. لە دوای پاکبوونەوە, پێویستە لە گەڵ وەسوەیەکان شەر بکەین وە هەموو کات هەول بدەین کە گوێرایەلی فەرمانەکانی خودا بین.

بە بی ئەمانە (باوەربوون بە راسپاردە درووستەکانی پەرتووکی پیرۆز, وە گوێرایەلی فەرمانی خودا) پاکبوونەوەیەکی بی بایەخە.

منداڵەکانی خودا

ئێمە مندالانی لە دایکبووی ئادەمین. بەلام کاتێك پاکبووینەوە, دەبین بە ئەندامێك لە بنەماڵەی خودا وە دەبین بە مندالی خودا.

پ 62

هەر پیاو و ژنێك مندالی ئادەمن وە وە هەر بەو جۆرە کە پەرتووکی پیرۆز دەڵی, ئەوان " لە ئادەم" دان.

کاتێك ئێمە خۆ پاکدەکەینەوە, لە "هاوپەیمانی لە گەڵ مەسیح" داین وە بە واتایەك "لەناو مەسیح"دا دەبین. پۆلس لە غلاتیات, بابی3, 26-27 پێمان دەڵی: "چونکە ئیمان بووە هۆی ئەوەی کە هەمووتان لە هاوپەیمانی لە گەل عیسای مەسیح مندالانی خودابن. ئێوە کە لە هاوپەیمانی لە گەل مەسیح پاکبوونەوە, بوونە هاوبیری ئەو"

ئێمە هیوایەکی نوێمان بۆ ژیان هەیە, هەر بەو جۆرە کە لە سەرتای قرنتیان بابی 15 ئایەتی 22 دەخوێنینەوە: " هەر بەو جۆرەی کە هەموو مرۆظەکان بە هۆی هاوپەیوەندی لە گەل ئادەم دەمرن, تەواوی ئەو کەسانەی کە لە گەل مەسیح هاوپەیمانن, زیندوو دەبنەوە."

مەسیح, نێوەنجی ئێمە

ئێمە لە پاکبوونەوەدا, دەسپێکێکی نوێمان هەیە. بەلام ناتوانین بی تاوان بژین. چ شتێك روودەدا ئەگەر لە دوای پاکبوونەوەمان تاوان بکەین؟

لەبەرئەوی ئێمە "لە ناو مەسیح"داین, عیسای مەسیح ناوبژس ئێمەیە وە ئەو بۆ ئێمە لە پێشگای خودا نزا دەکا. وە ئەگەر ئێمە بە راستی لەو تاوانە پەشیمان بینەوە کە کردوومانە, دەتوانین دلنیا بین کە خودا دەنگی ئەو دەبیستی وە لەبەر خاتری ئەو لە تاوانەکانی ئێمە خۆش دەبی. یوحەننا دەنووسی: " ئەی رۆڵەکانی من, ئەمەتان بۆ دەنووسم بۆ ئەوەی تاوان نەکەن. بەلام ئەگەر کەسێك لە تاوانێکەوە بگلێت, لە بارەگای خودای باوك کەسێکمان هەیە کە شەفاعەتمان بۆ بکا- هەمان عیسای مەسیح کە بە تەواوی چاکەکارە."

عیسا بە شوینکەووانی گووت, " ئەگەر منتان خۆش دەوی, گویرایەلی راسپاردەکانی من بن" (یوحەننا بابی 14, ئایەتی 15). لە بیرتانە کە خودا چۆن راسپاردەکانی خۆی لە ریگای موساوە بۆ یەهودیەکان نارد, کە بە راسپاردەکانی موسی ناونران.

راسپاردەکانی موسا لە کۆمەلە یاسایەك پیك هاتبوو کە خەلْك دەبوو چی بکەن و چی نەکەن. ئەم یاسایانە بۆ مەبەستی رینمایی ئەوان لە ژیانی رۆژانەیان دانرابوون. ئەم راسپاردانە زیانی بە ئەوان نەدەبەخشی چونکە هەر بەو جۆرە کە لە بیرتانە, ئەوان توانای راگرتنی ئەم راسپاردانەیان نەبوو. لەبەر ئەوا خودا "ریگایەکی باشتری" پیدان. ئەو کوری خۆی, عیسای مەسیحی نارد بۆ ئەوەی نیشانی ئیمەی بدا کە دەبی چۆن بژین.

عیسا لستیکی تەواوی راسپاردەکانی نەدا بە قوتابیەکانی خۆی بۆ ئەوەی پییان بلّی کە لە هەلومەرجی جیاوازی ژیاندا چی بکەن. ئەو گرنگترین شتی فیری ئەوان کرد کە ئەویش خۆشەویستی خودایە وە بەو هۆیەوە خۆشویستنی خەلْکیتری فیری ئەوان کرد.

بەلام هەم عیسا و هەم نیردراوان چەند "دەبی" و "نابی" یەکیان بە ئیمە گووتووە کە ئیمە دەبی لییان تیبگەین و گویرایەلیان بکەین.

ئیمە دەبی گویرایەلی یاساکان بین

لە رومیان بابی 13, ئایەتی 1 دەخوینینەوە: " گویرایەلی دەولەت و یاساکانی بن, چوونکە خودا ئەوی بوونیاد ناوە. لە تەواوی ناوچەکانی دونیا, خودا هەموو دەولەتەکانی هیناوەتە سەر دەسەلات."

هەر کەسیك کە فەرمانرەوای ئیمەیە, لە بەر ئەوەی خودا ئەو مۆلّەتەی بە ئەو داوە, ئەم مەنسەبەی بە دەست هیناوە. (سەرەتای پترۆس ئایەتی 13-15).

ئەم بابەتە لە بارەی ئەو کەسانەش هەر راستە کە لە شوینی ئیشکردنمان لە ژیر دەستیانین. کە واتە ئیمە دەبی گویرایەلی ئەو کەسانە بین کە لە ژیر دەستیان ئیش دەکەین, تەنانەت ئەگەر ئەوان دلرەق و بی بن. پترۆس پیمان دەلّی: "ئیوەی خزمەتکار دەبی گویرایەلی گەورەکانتان بن وە ریزی تەواویان بۆ دابنین, نە تەنیا بۆ گورە میهرەبان و , تەنانەت بۆ ئەو گەورانەش کە تووند و تیژ و تورەن"

تەنیا بابەتیك کە ئیمە نابی گویرالیان بین, ئەو کاتەیە کە پیمان بلین فەرمانی خودا پیشیل بکەین. کاتیك کە یەهودیەکان ریگریان لە پترۆس و یوحەننا دەکرد بۆ فیرکردن دەربارەی عیسا و هەلسانەوەی ئەو, ئەوان وولامیان دایەوە: " خۆتان دادوەری بکەن, لە رووانگەی خوداوە چ شتی راستە؟ گویرایەلی خودا بکەین یان ئیوە؟ بەلام ئیمە ناتوانین دەست لە ووتنی ئەو شتانە هەلّگرین کە بینیومانە و بیستوومانە"

عیسا خۆی نزای بۆ ئەو کەسانە کرد کە بەرەو مەرگیان برد. ئەگەر ئیمە نموونەی ئەو بە بیر خۆمان بینینەوە, ئاسانتر دەتوانین لە خراپەوە بۆ چاکە بگەرِیینەوە.

دەبی سزادانی خراپەکاریەکان بدەینە دەست خودا.پۆلسی نیردراو دەڵی: " ئەی هاورییانی خۆشەویست, بە هیچ شیوەیەك تۆلچەی خۆتان مەکەنەوە, بەڵکو بیدەنەدەست سزای خودایی, چوونکە پەرتووکی پیرۆز دەفەرموی: خوداوەند دەڵیت: من سزا دەدەم وە من پاداشت دەدەم"

قوتابییەکان شەر ناکەن

ئیمە لە هەر کاریکدا دەبی گویرایەلی یاساکان بین, تەنیا ئەو کاتانە نەبی کە یاساکان لە گەڵ فەرمانەکانی خودا دژیەك بن. بۆ نموونە لەم رۆژگارەدا لە زۆربەی وولاتەکان یاسایەك بوونی هەیە کە دەبی هەموو پیاوە گەنجەکان ماوەیەك لە سووپای وولات, هیزی دەریایی, ئاسمانی یان هیتر خزمەت بکەن. بەلام خودا بە مندالەکانی خۆی ووتووە کە نابی شەر بکەن. عیسا گووتی: " شمشیرەکەت بخەرەوە ناو کەلان, هەر کەسیك شمشیر راکیشی بە شمشیر دەکووژری"

ئەو فیری شوینکەوتووەکانی کرد کە بۆ دووژمنەکانیشیان نزا بکەن وە خۆشەویستیان نیشان بدەن. " من پیچتان دەلیم لە گەلچ کەسیك کە خراپەت لە گەڵ دەکا, تۆ خراپە مەکە وە ئەگەر کەسیك زلەی لە لای راستی رووخسارتدا, لایەکەیتری رووخسارتی بۆ راگرە"

هەرچەندە ئەگەری هەیە کە ئەم بابەتە ببیتە هۆی کەوتنە کیشەوە یان تەنانەت ببیتە هۆی دەستبەسەرکردن, بەلام دیسان دەبی مەسیحیەکان لە چوونە ناو هیزەکانی سووپا وە بەشداری لە شەرەکان خۆیان بە دوور بگرن.

ئەم کارە بەو واتایە نیە کە هەموو شەرەکان هەڵەن, بەڵکو کاتیك خودا فەرمانی شەرکردن بە مرۆظەکان دەدا, دەبی ئەو کارە بکەن. بەلام فەرمانی ئەو لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە " لە گەڵ شەرخواز رکابەری نەکەین" وە ئەوە بزانین کە رۆژیك دادیت کە خودا خۆی دادوەری لە سەر شەرخوازان دەکا.

دانگدان

وەکوو مندالەکانی خودا لە هەموو تەمەنەکان, مەسیحیەکانی ئەم سەردەمە"غەریب و بیگانەن" (عبرانیان بابی11, ئایەتی13). ئەوان لە چاوەروانی هاتنی پاشایەتی خودادان وە بۆ هەبوونی شوینیك لە مەلەکوتی ئەو نزا دەکەن.

ئەوان دەزانن کە تەواوی ئەو حکومەتانەی لە ئیستادا هەن, لە کاتی هاتنی پاشایەتی خودا لە ناو دەچن. ئەوان دەنگ نادەن, چونکە تیروانینی ئەوان بۆ زیان بەو جۆرەیە کە هیچ سیاسەتمەداریك ناتوانی وەکو "نوینەری " ئەوان کار بکا.

" بەلام ئیمە سەر بە وولاتی ئاسمانین وە چاوەروانی هاتنی عیسا مەسیحی خوداوەندین کە وەکو رزگارکەریك لە ئاسمانەوە دیت."

هاوسەرگیری, هاوبەشیەك لە مەسیحدا

دوو گرووپ لە خەلکی لە دونیادا هەن, ئەو کەسانەی کە لە "ئادەم"دان وە ئەو کەسانەی کە لە "مەسیح"دان. جیاوازی نیوان ئەم دوو گرووپە بی کۆتاییە.

ئەوانەی کە لە "ئادەم" دان, خۆپەسەند و دونیایین وە ئەوانەی کە لە "مەسیح" دان, خزمەتکارانی خودان.

به شیوەیەکی سرووشتی, ئەوانەی کە لە مەسیح دان, هەست بە یەکبوون و یەکیتیەکی مەزن دەکەن وە بە یەکتر لە خزمەتکردن بە دینی خودا بە باوەڕەوە یارمەتی دەدەن. ئەوان لە گەل خەڵکی دونیا تیکەل نابن, چوونکە حەزەکانی ئەوان جیاوازە. سەرەرای ئەوە, جیابوونەوەی ئەوان لە دوونیا لە هاوسەرگیریەکەیان نیشان دەدری. ئەوان هاوبەشی زیانی خۆیان لە بنەماڵەی ئیلاهی هەڵدەبزیرن, نەك لە دوونیا.

پۆلسی نیردراو لە دووەمی قرنتیان بابی6, ئایەتی 14-16 جەخت لە گرنگی ئەم جیابوونەوەیە دەکا: " لە پشتبەستنی نەگوونجاو بە مرۆظی بیباوەر خۆتان دوور بگرن. چونکە چ هاوبەشیەك لە نیوان باشی و شەرانگیزی هەیە وە چ هاوریيەتیەك لە نیوان رۆشنایی و تاریکی هەیە؟ چ ریکەوتنیك لە نیوان مەسیح و شەیتان هەیە وە چ هاوئاهەنگیەك لە نیوان باوەردار و بی باوەر؟ وە یان چ هاوزیرەیەك (هاوبۆچوون) لە نیوان ماڵی خودا و بتەکان بوونی هەیە؟ چونکە ئیمە ماڵی خودای زیندووین, هەربەوجۆرە کە خودا فەرموویەتی: من لە ئەواندا نیشتەجی دەبم وە لە ناو ئەواندا زیان بەسەر دەبەم. من خودای ئەوان دەبم و ئەوانیش نەتەوەی من."

ئیمە هیچ کات دڵخۆش نابین ئەگەر راسپاردەکانی خودا پیشیل بکەین وە ئەزموون نیشانی داوە کە هاوسەرگیری لە گەل بی باوەریك, هەڵەیەکی غەمهینەرە.

خودا لە "جیابوونەوە(تەڵاق)" بیزارە.

هاوسەرگیری, یەکیتیەکە بۆ زیان. کاتیك خودا حەوای وەکوو "هاودەم" بۆ ئادەم ئافراند, ئەم یاسایە دانرا: " بەو هۆیەوە, پیاو دایك و باویك خۆی جی دەهیلچی وە لە گەل زنی خۆی دەزی وە هەردووکیان دەبن بە یەك جەستە."

خوداوەند عیسای مەسیح جەختی کردەوە کە هاوسەرگیری بۆ تەواوی دریزایی زیانە.: " لەم رووەوە ئەوان چیتر دوو جەستە نین بەڵکو یەك جەستەن, کەواتە ئەو شتەی کە خودا بەیەکەوەی لکاندووە نابی مرۆظ لە یەکی جیابکاتەوە"

لە ئاکامدا خوداوەند عیسا, جیابوونەوەی یاساغ کرد. تەنانەت ئەگەر هاوسەرگیریەکە بۆ ماوەیەك بە هیمنی نەچیتە پیش, مەسیحیەك دەبی خۆراگری (دانبەخۆداگرتن) و خۆشەویستی لە خۆی نیشان بدا. لە ملاکی بابی16 دەخوینینەوە کە: " چوونکە تاکە خودای ئیسرائیل دەڵی کە نەفرەت لە جیابوونەوە دەکەم"

لە بیرتان بی ئەگەر ریساکانی خودا پیشیل بکەین, هەرگیز ناتوانین دڵخۆش بین.

بەلام

ئیمە تەنیا لە بارەی بایەخی هاوسەرگیری کەسیکی باوەردار قسەمان کردووە. بەلام هەندی جار ئەگەری هەیە کە پیاو یان زنیك کی باوەر دەهینی, بەر لەوە هاوسەرگیری کردووە. لەم حاڵەتانەدا, داوا لە کەسی باوەردار ناکری کە هاوسەرەکەی جی بیڵی. ئەڵبەتە کیشەیە کە بتوانری بی باوەریك لیگری لی بکری لە جیابوونەوە, کاتی کە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە فشار درووست دەکا. بەلام وا لە باوەرداریچك چاوەری دەکری کە بە باوەریکی تەواوەوە بۆ "کامەرانی هاوسەرگیریەکەی" هەوڵ بدا.

خەڵکانیکی زۆر بە هۆی هەڵسووکەتی هاوسەرە باوەردارەکانیان, مەسیحیان بە دەست هیناوە, ریك بەو جۆرەی کە پۆلس لە سەرەتای قرنتیان بابی 7, ئایەتی 16 پیشنیاری کرد: "ئەی زن, کی دەڵی میردەکەت بە هۆی تۆو رزگاری نابی؟ وە ئەی پیاو, تۆ لە کوی دەزانی کە نابیتە هۆی رزگاربوونی زنی خۆت؟"

پ66

قسەیەك لە بارەی فرە هاوسەری

لە هەندیك لە وولاتان, پیاو مۆلەتی هەبوونی دوو یان چەند هاوسەریکی هەیە لە یەك کاتدا. بەلام ئەم کارەش وەکوو هاوسەرگیری لە گەل کەسیکی بی باوەر, یان جیابوونەوە, هەلەیەکی گەورەیە. ئەم کارە نارەحەتی و خەفەتی بە دوادا دی وە کەسەکە بەرەو بی باوەری پەلکیش دەکا وە کەسەکە لە ئەندیشەی

بەرزی مەسیح لە بارەی یەکیتی یەکبوونی زن و میرد جیا دەکاتەوە: "بەم هۆیە پیاو باوك و دایکی خۆی جیدەهیڵی وە لە گەڵ زنی خۆی دەژی وە هەردووکیان دەبن بە یەك جەستە."

یەکبوون لە مەسیحدا

باوەرداران بە یەکەوە لکاون و یەك جەستەیان پیك هیناووە, کە مەسیح سەری ئەو جەستەیەیە. ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە لە سەر پاك راگرتنی ئەو راستیانەی کە پەرتووکی پیرۆز ئاشکرای کردووە چاودیری بکەن وە ریگری لە پیوەزیادکردن یان دانانی جیگرەوە بۆی بکەن. هەروەها پاراستن و جیبەجیکردنی راسپاردەکانی مەسیح لە ئەرکەکانی ئەوانە وە لە دوای ئەوە, دەبی ئەوەندەی لە توانایاندایە کار بکەن بۆ دوور خستنەوەی خەڵکانیتر لە هەڵەکانیان و گەراندنەوەیان بۆ ریگای راست. ئەگەر ئەو کەسە هەر بەردەوام بوو لە سەر کاری غەڵەت و هەڵە, ئەوکات قووتابیەکان هیچ چارەیەکیان نابی بیجگە لە دوورکەوتنەوە لیی.

یەکبوون لە مەسیحدا

قووتابیەکانی مەسیح لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە, بەلام هەموویان خزمەتی گەورەیەکیان کردوەو وە هیوایەکی هاوبەشیان هەیە. ئەوان بە بەندیك لە خۆشەویستی و هاودڵی بە یەکەوە گریدراوون. هاویەکی لە کاری بڵاوکردنەوەی ئینجیل.

کەواتە پۆلس پیمان دەفەرمووی: "هەر کاریك دەکەن بی سکالا و ناریشە بیکەن بۆ ئەوەی لە سەردەمیکدا کە هەموو لادەر و سەرکیشن, ئیوە بی خەوش و تاوان, مندالانی بی عەیبی خودا بن وە وەکوو ئەستیرەکان لە جیهانی تاریکدا بدرەوشینەوە. پەیامی ژیان هەموو کات لە ئیختیاری خەڵك دابنین. ئەگەر وەها کاریك بکەن, من هۆکاریکە دەبی کە لە رۆژی مەزنی مەسیح شانازیتان پیوە بکەم, چوونکە ئەوە نیشانی دەدا کە هەوڵ و ماندووبوونی من بی هوودە نەبووە"



کاتیك ئیوە خۆتان پاکدەکەنەوە لە راستیدا ژیانیکی نویتان دەست پی کردووە. لە یەکیك لە شەوەکان کەسیك بە ناوی نیقودیموس هات بۆ لای عیسا و عیسا وەهای پی ووت (یوحەننا بابی 3 ئایەتی 3): دڵنیا بن تا کەسیك لە نوی لە دایك نەبیتەوە ناتوانی پاشایەتی خودا ببینی.

عیسا لە روونکردنەوەکانی وەها ئەو حاڵی دەکا کە ئەم لە دایکبوونە سرووشتی نیە بەڵکو لەدایکبوونیکە لە روحدا. ئەو لە یوحەننا بابی3 ئایەتی 6 دەفەرمووی: " ئەوەی کە لە جەستە لە دایك ببی, جەستەیە وە ئەوەی کە لە روح لە دایك ببی, روحە"

کاتیك کە منداڵیك لە دایك دەبی ژیانیکی نوی دەست پیدەکا هەر بەو جۆرە ئیوەش کاتی پاکدەبنەوە ژیانیکی نوی لە مەسیحدا دەست پیدەکا."

پۆلسی نیردراو لە نامەی دووەمی قرنتیان بابی 5 ئایەتی 17 وەها دەنووسی: کەسیك کە لە گەڵ مەسیح هاوپەیمانە, زیانیکی نویی هەیە.

یارمەتی لە مەودا

ئەگەر  ئیمە ناچار باین بە تەنیایی هەوڵ بدەین, هیچ کات لە مەسیحدا "گەشە"مان نەدەکرد. بەلام خودا بە هەموومان ئەو شتانەی کە لە گەشەی روحانیەتدا پیویستمان پییەتی پیی داوین. ئەو ئیمتیازیکی مەزنی بە ئیمە بەخشیووە کە هەمان رۆیشتن بۆ حزووری لە نزا, لە لایەن عیسا مەسیحوەیە. هەموو کیشەکان, خۆشی و غەم و خەفەتی خۆمان دەتوانین بە ئەو بسپیرین. بە ریزەوە بچن بۆ لای ئەو, وە لە ئەو لە ناوی عیسا داوای یارمەتی بکەین.

ئەو کەلامی خۆی, پەرتووکی پیرۆزی بە ئیمە داوە. ناتوانین رینمایەکی باشتر لەو پەیدا بکەین. پەرتووکی پیرۆز زیاتر ریگاکانی خودا فیری ئیمە دەکا وە یارمەتیمان دەدا تا بەو جۆرە کە خودا چاوەروانی لیمانە هەڵسووکەوت بکەین وە وەکوو "مرۆظیکی نوی" لە مەسیح دا گەشە بکەین.

لە دووەمی تیموتائۆس بابی 3, ئایەتی 16 بۆ 17 دەخوینینەوە کە: "تەواوی پەرتووکی پیرۆز لە ئیلهامی خودایە وە بۆ فیرکردنی راستەقینە, لۆمەی هەلە, چاککردنەوەی عەیبەکان وە پەروەردەکردنی ئیمە لە باشی موتلەق بە سوودە بۆ ئەوەی پیاوی خودا بۆ هەر کاریکی باش بە تەواوی ئامادە و تۆکمەیە"

ئەو بە ئیمە توانای بیرکردنەوە بە کەلام و ریگاکەی داوە. لە پەرتووکی ئەمسال بابی 23 ئایەتی 6-7 هەروەها نووسراوە کە " نانی پیاوی بەرچاوتەنگ مەخۆ, وە سەبارەت بە خواردنە خۆشەکانی ئەو تەماعکار مەبە. چوونکە هەر بەو جۆرە کە لە دڵی خۆیدا بیر دەکاتەوە خودی ئەو وەهایە. "

ئەگەر  هزرەکانمان لە بابەتەکانی پەیوەند بە خودا چڕ بکەینەوە, دەتوانین بە مرووری زەمەن پیاوان و زنانی باشتر بین.

پ68

باوەر و کردەوە

خویندن, نزاکردن, وە بیرکردنەوە, لە ئەنجامدانی کاری راست یارمەتیمان دەدا. جاریکیان کەسیك لە عیسای پرسی: " کام حوکم لە شەریعەتدا گرنگترە؟"

وولامی عیسا لە ئایەتەکانی 37-39 دەخوینینەوە, " ئەو خوداوەندەی کە خودای تۆیە, بە تەواوی دڵ و گیان و هۆشی خۆت خۆش بوی. ئەمە یەکەمین و گرنگترین فەرمانی خودایە. دووهەمین فەرمانیش وەکوو یەکەمیان وایە: هاوسیکەی خۆت خۆش بوی بەو رادەیەی کە خۆت خۆش دەوی"

پاراستن و ئەنجامدانی ئەم روکنانە ئاسان نیە. ئیمە تەنیا دەبی خودا بە تەواوی دڵ و گیان وە بیری خۆمان خۆش بوی ئەگەر بەردەوام بە بیر  خۆمانی بینینەوە کە ئەو بە چ رادەیەك ئیمەی خۆش ویستووە وە چ کاریکی بۆ ئیمە کردووە.

ئەو کاری زۆر گەورەی بۆ ئیمە کردووە. چۆن دەتوانین قەرزی خۆمانی پی بدەینەوە؟ ئیمە ناتوانین هیچ کاریك بۆ ئەو بکەین. بەلام دووهەمین حوکم کە عیسا بە ئیمەی دا چی بوو؟ "هاوسیکەی خۆت زۆر خۆش بوی, هەر بەو رادەیە کە خۆت خۆش دەوی" ئەمە شتیکە کە ئیمە دەتوانین ئەنجامی بدەین. دەتوانین یارمەتی خەڵك بدەین وە خۆشەویستی و گرنگی بۆ ئەوان دەربرین, هەر بەو جۆرە کە خودا خۆشەویستی بە ئیمە نیشاندا.

مەزنترین کاریك کە دەتوانین بۆ کەسانیتر ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە هەوالی خۆشی مەلەکوتی خودا بۆ ئەوان بگوازینەوە, ئەو شتەی کە خۆمان باوەرمان پییەتی. هەر بەو جۆرە کە خودا ئیمە بۆ ریگای خۆی بانگهیشت کردووە بۆ ئەوەی لە خۆشی پاشایەتی ئەو هاوبەشی بکەین, ئیمەش دەبی ئەوە لە گەڵ کەسانیتر دابەش بکەین.

شوینکەوتووان لە دوونیادا

لەم رۆزگارەدا شتانیکی زۆر لەم دوونیایەدا غەیرە خودایین. بۆ نموونە, پەرتووکی زۆر, نووسین و وینەی زۆر هەن کە هزری ئیمە بە خیرایی بەرەو شتی شەرەنگیزانە و ناپاك رینمایی دەکەن وە هەندی جار ئەو شتانە بۆ ئیمە زۆر سەرنج راکیشن. بەلام هەر چەندیك ئەوان بۆ ئیمە سەرنج راکیش بن- ئیمە دەبی خۆمانیان لی بە دوور بگرین. ئەگەر ئیمە وا نەکەین, ئەوان ئیمە لە خودا دوور دەکەنەوە.

هاوبەشی نەکردن لە چیزە غەیرە خودایەکان لە دونیادا بە واتای لە دەستدانی هەندی لە هاوریکانمان دی. بە هۆی ئەوەی کە ئەوان ناتواننن لەوە تی بگەن کە بۆچی ئیستا لەو شتانەی کە پیشتر چیزمان لی وەردەگرتن, خۆمان بە دوور دەگرین. بەلام ئیمە دەبی هاوریی نویی زۆر بدۆزینەوە. ئەو کەسانەی کە هاوشیوەی ئیمەن و خۆیان لە بابەتی دونیایی دوور خستۆتەوە. ئەوان دەبن بە مندالانی خودا وە وە خوشك و براکانی ناو مەسیح.

یادکردنەوەی عیسا

پاکبوونەوە دەسپیکیکی نوی بە ئیمە دەبەخشی. کاتیك خۆمان پاك دەکەینەوە, دەبینە ریبواری ریگایەکی تەنگەبەر و دزوار کە ئیمە بەرەو پاشایەتی خۆدا رینمایی دەکا. بەلام هیشتا ئیمە هەر مرۆظین وە زۆر خیرا بیرمان دەچیتەوە کە مەسیح بۆ ئیمە کاریکی چەندە مەزنی کرد کاتی بە خاچەوە گیانی سپارد.

عیسا دەیزانی کە قووتابیەکانی زۆر بە سادەیی ئەمە لە بیر دەکەن. کەواتە داوای لە ئەوان کرد کاریك بکەن بۆ ئەوەی ئەو یادی بکریتەوە.  ئینجیل, لوقا بابی 22, ئایەتی 14-20 بخویننەوە. ئەمە هەمان ئەو پیرۆکەیە کە بە "کۆتا شیو" (کۆتا نانی ئیوارە) بە ناوبانگە, چوونکە ئەمە کۆتا بەڵینە کە عیسا بەر لە مردنی لە گەڵ قووتابیەکانی هەیبوو. سەیر بکەن کە چۆن نان و شەراب بە یادی قوتابیەکانی دینیتەوە

پ69

کە عیسا زیانی خۆی بە ئەوان بەخشی. ئەو بە ئەوانی گووت: "ئەمە بە یادی من بە بیر بیننەوە".

ئیستا سەرەتای قرنتیان بابی 11, ئایەتی 23-28 بخویننەوە. باوەردارانی سەرەتا لە یەکەمین رۆزی هەموو حەفتەیەکدا بۆ یادکردنەوەی مەسیح, هەر بەو جۆرە کە ئەو پییانی فەرموو بوو, کۆ دەبوونەوە. شوینکەوتوانی راستەقینەی عیسای مەسیح هەر بەو جۆرە کە قووتابیەکانی ئەو لە دەوری کۆدەبوونەوە (کە عادەتەن گوونجاوترین رۆز بۆ  ئەو دیدارانە, رۆزانی یەکشەممەیە), بۆ لەتکردنی نان و خواردنەوەی شەراب بە یەکەوە کۆ دەبوونەوە, بۆ ئەوەی بە بیرخۆیانی بینەوە  کە چۆن جەستەی مەسیح بۆ ئەوان کەرت بوو و خوینی ڕزا.

هەروەها کە لە مەسیح گەشە دەکەین, یادکردنەوەی ئەو لە ڕیگایەوە بۆ ئیمە گرنگ و گرنگتر دەبی وە یارمەتیدەرمان دەبی بۆ ئەوەی لەوە تیبگەین کە ئەو هەموو کات لە گەڵ ئیمەیە.

ئیوە دەبی بڕیار بدەن.

کەواتە ئیستا بە خویندنەوەی ئەم نووسینانە ئیوە وەکوو کەسیکن کە لە سەر ڕینیشاندەری ڕیرەویك وەستاووە. ریرەویك دەزانن کە بە مەرگ کۆتایی دی. ریرەویکی تر, ریگای زیانە. بەم ریرەوەدا کەسانیك سەفەر دەکەن کە باوەریان بە ووتەی خودا هەیە وە لە مەسیحدا پاکبوونەوە. مەسیحیش لە گەڵ ئەوان

لەم سەفەرەدا, هاوسەفەر دەبی. ئایا ئیوەش دەچنە ریزی ئەوان؟ ئایا پەیامی بە شکۆی ووتەی خودا باوەر دەکەن؟ ئایا لە مەسیحدا پاك دەبنەوە؟ لە بیرتان بی کە عیسا گووتی: " ئەو کەسانەی باوەر دەهینن وە پاك ببنەوە, رزگاریان دەبی, بەلام ئەو کەسانەی باوەر ناهینن دادگایی دەکرین."